إهداء

وكالة الشؤون التوجيهية والإرشادية

الإدارة العامة للشؤون التوجيهية والإرشادية بالمسجد الحرام

# زَادُ المُسَافِر

## وَنَوَازِلُهُ الفِقْهِيَّة

باللغة الكردية

تأليف

فهد بن يحيى العماريّ

القاضي بمحكمة الاستئناف بمكة المكرمة

# توێشوی ڕێبوار

# تویشووی ڕێبوار

## زاد المسافر

ناوی کتێب :  توێشووی ڕێبوار - زاد الـمسافر

نوسینی : فهد بن يحيى العماري

وەرگێڕانی : پشتیوان حەسەن کەرەم

نۆره و ساڵی چاپ : چاپی یەکەم ١٤٤٤ کۆچی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

# زاد المسافر

# توێشووی ڕێبوار

## ئەو حوکمانەی کە پێویستە گەشتیار و ڕێبوار بیزانن


نوسینی

فهد بن يحيى العماري

القاضي بمحكمة الاستئناف بمكة

وەرگێڕانی

پشتیوان حەسەن کەرەم

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده، وبعد:

مرۆڤ هەر بە فیترەت حەزی لە گەشت کردن و شوێن گواستنەوەیە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر، تەنانەت لای زۆرێك لە خەڵکی بووە بە خوو نەریت و چێژی لێ وەردەگرێت، دەبینی هەر مانگێك لە شارێکە، و هەر هاوینێك لە جێگایەکە، ئیتر هەریەکەو بەدوای ویستی خۆیدا وەکو حەج یان زانست یان بەدوای بانگەواز و کاری بازرگانی و هەر پێویستیەکی تر.

جا بۆیە پێویستە لەسەر هەمووان کە لەو کارەیاندا و لەشوێنی خۆشیاندا بەرچاو ڕوون بن بە چەند حوکمێکی شەرعی پەیوەست پێیانەوە، و ئەو زانستەش لەکەسانێکی متمانە پێکراوەوە وەربگرن لەڕووی بیروباوەڕ و مەنهەجەوە، چونکە ئەم زانستە دینە و دەبێت سەرنج بدرێت کە لەکێوە وەری دەگرین، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە خەلەل و کەموکورتی زۆر و بڵاوە لەنێو کایەی باوەڕ و فکردا، و بەشێوەیەك کە دین و فەتوادان حەلاڵکراوە بۆ هەموو کەسێك و گشتی پێی دەوێرێ و وای

لێ هاتووە کە گومان و ڕاڕایی و نامۆ و شتی نابەجێ خراوەتە نێو خەڵکیەوە وەکو دینیش دەناسرێت.

وە گەورەترین شتێك کە موسڵمان هەیەتی و خاوەنێتی لەم دونیایە بریتیە لە دینەکەی، کە لە گەشتەکەیدا بۆ قیامەت لەگەڵیدا دەڕوات و هاوسەفەرێتی، لەڕاستیدا ئەوە سامانی براوە و قازانجکراوە، و پرۆژەی هەرە گەورەیە لەدەستپێکیەوە هەتا گەیشتنی بە خوای پەروەردگاری، بەشێوەیەك کە هۆی سەرفرازی و دۆڕان و خەسارەتمەندیشی تێدایە، و دەبێت بترسێت لەهەر برگە وبەشێکی کەلەدەستی دەچێت، وەکو ئەو بازرگانەی کە ترسی لەدەستدانی ماڵ وسەرمایەکەی هەیە، بۆیە دەبێت مرۆڤ خۆی بپارێزێت وبەدوور بگرێت لە شوێنکەوتنی بۆچوونەکان و ڕوخسەت و وتەی نامۆ و ڕیزپەڕ[١].

---

[١] زۆرێك لە خەڵکی جیاوازی ناکەن لەنێوان زانا و فێرخواز و بانگخواز وپێشەوای مزگەوت وقورئان خوێن وبانگبێژ و ڕوقیەخوێن وپێشکەشکاری بەرنامە وخوێندکاری کۆلێژی شەریعە و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی وشاعیری ئیسلامی، بەشێوەیەك کە هەموو ئەمانە بەیەك چاو سەیردەکات و لەیەك ڕیز و ئاستدا تەماشایان دەکات لە زانست وفەتوا وپێشەوایەتی ئوممەتدا.

**جا ئەی گەشتیار و ڕێبواران:** سڵاوتان لێ بێت، سڵاوێك كە دڵەكان والآبكات و بیانژێنێت، و بابەتێكتان پێشكەش دەكەم، چونكە پێشكەش كردن ڕێگای چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو دڵان، و باشترین بەیەك گەیشتنیش ئەوەیە بە زانست و زانین و زیكر و قورئان بێت.

إذا الإخوانُ فاتهم التـلاقي    فما صلةٌ بأحسنَ من كتاب

هیچ دیاریەك ئەوەندەی ئەوە بەنرخ و بە بەها نییە كە یەكێك وشەیەك پێشكەشی براكەی بكات و ئەویش بەو هۆیەوە هیدایەتی زیاتر وەربگرێت و لە نارەوایی و تاریكی و گومڕاییەك دووربكەوێتەوە پێی.

ئەی ڕێبواران: ئەمە پەیڕەوێكە لە بەرنـامەكەی خوای گەورە و پێغەمبەرە دڵسۆزەكەی كە بریتیە لە هاریكاری یەكتر كردن لە سەر چاكە و برایەتی و حەق و خۆشەویستی و بەشداری كردن لە بڵاوكردنەوەی خێر وزانست و نزیكخستنەوەی بابەتە زانستی و هەنووكەییەكان بە زنجیرەیەك لەژێرناوی : " زاد ".

جا بە زاد المسافر واتە توێشووی ڕێبوار دەستم پێكرد، كە بنچینەكەی بریتیە لە كورتە و پوختەیەك لە **(أحكام المسافر)** وپاشان

دووەمیان بریتیە لە (زاد المعتمر)، و بنچینەی ئەوەش بریتیە لە ( التحفة في أحكام العمرة والمسجد الحرام) ، و سێیەمیشی بریتیە لە جلسة الإشراق ، بنچینەی ئەوەش بریتیە لە (بغية المشتاق في أحكام جلسة الإشراق) ، چوارەمیان بریتیە لە: زاد الصائم ، بنچینەی ئەوەش بریتیە لە (التقريب إلى مسائل الصيام) ، پێنجەمیان بریتیە لە: (زاد المؤذن) ، بنچینەی ئەوەش بریتیە لە (كتاب الأذان من شرح عمدة الفقه )، شەشەمیان بریتیە لە: (زاد المرأة الحاد) ، بنچینەی ئەوەش بریتیە لە: (سلوة الفؤاد في آداب وأحكام الحداد) .

ئەم پوختەیەتان پێشکەش دەکەم لە چاپی پێنجەمیدا، بۆ ئەم کتێبەم بەناوی: (**المختصر في أحكام السفر** ) لە چاپی حەوتەمیدا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ داوا و پێشنیاری هەندێ برا، بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەفەر و هاوڕێی گەشت، بەشێوەیەك کە سووك و کەم بێت و ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن و ڕێنماییکاری فێرخوازی سەرەتایی بێت و کەسی پێگەیشتووش سوودمەند بێت لێی و هەڵگرتنی ئاسان بێت و بە ئاسانیش بگەڕێیتەوە بۆ دۆزینەوەی بابەتەکانی، و تێیدا هەوڵم داوە تیشك بخەمە سەر گرنگترین بابەت وپرسەکانی بواری سەفەر و گەشت کردن کە زیاترن

لە سێسەد بابەت وپرس، کە پوختم کردووە لە درێژبوونەوە و ناوهێنانی ڕاجیاوازیەکان ولقەکان و وردبوونەوە جگە لە هەندێ شوێن و کاتدا نەبێت، و لە کتێبەکانی سوننەتی نەبەوی و ڕاڤەکانی کۆمکردونەتەوە و هەروەها وتەی هاوەڵان و تابعین وچوار پێشەواکە لە ئەبی حەنیفە ومالك و شافعی و ئەحمەد و شوێنکەوتوانیان و جگە لەوانیش لە زانایانی ئوممەت، خوا پاداشتی خێریان بداتەوە، وئەوەشم هێناوە کە لەبەڵگەوە نزیکترە و دەقی قورئانی لەسەر بێت یان فەرمووده، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ﴾[١]، واتە: ئەگەر لەشتێکدا جیاوازی وناکۆکی کەوتە نێوانتانەوە ، ئەوا بڕیاردان لەسەر ئەوە

[١] خوێنەری بەڕێز: لەمیانەی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا وشەی " زۆرینەی زانایان "ت بەرچاو دەکەوێت، وە شاراوەش نییە لای بەڕێزت کە ڕاجیاوازی زانایان لەسەر بابەتە فیقهیەکان چەندێك زۆرە لەنێوان هەرچوار مەزهەبەکە لە ئەبی حەنیفە و مالك وشافعی وئەحمەد و زانایانی شوێنکەوتەی ئەمانیش، جا ئەگەر هاتوو دوانیان یان سیانیان یەکڕابوون لەسەر بابەتێك بەرانبەر یەك دانەیان ئەوا پێی دەوترێت زۆرینە، و دەبێت سنگفراوانیش بین بەرانبەر ئەم بابەتانە و نابێت دەمارگیربین بۆیان، چونکە ئەوان وتە و فەتواکانیان بۆ ئەوە نەبووە کە کەسانی دوای خۆیان پێوەی پابەند و دەمارگیر بن ، وە دەبێ ئەدەبی خیلاف بپارێزین و ڕق و کینە بڵاونەکەینەوە لەنێو ڕیزی موسڵمانانندا و بەڵکو خۆیان وتویانە:( إذا صح الحديث فهو مذهبي ، وخذ به، واترك قولي ).واتە: ئەگەر فەرموودە صەحیح بوو ئەوا مەزهەبی منە و دەستی پێوە بگرە و واز لە وتەی من بهێنە.

بگەڕێننەوە بۆلای کتێبەکەی خوای پەروەردگار وسوننەتی پەیامبەرەکەی موحەممەد ﷺ.

جا هەر کەس ویستی تەماشای ڕاجیاوازی زانایان بکات و نیسبەتی بۆ لای چوار مەزهەبەکە و جگە لەوانیش وبەڵگەکانیان لەبابەتی سەفەردا ئەوا با بگەڕێتەوە بۆ کتێبە ڕەسەنەکە و جگە لەویش چونکە لەوێدا بەدرێژی باسی کراوە، داواکارم لەخوای گەورە کە سوودبەخشی بکات و بەجوانی وەری بگرێت و بیکاتە کارێکی بەرەکەتدار و بەسوود بەدرێژایی ڕۆژگار و توێشویەك بێـت بۆم بۆ دوای مردنم، و ناوی کتێبەکەشم نا " زاد المسافر " و لەمافی خۆمیش خۆش دەبم بۆ هەرکەسێك بیەوێت ئەم کتێبە دووبارە چاپ بکاتەوە یان وەری بگێڕێت و بڵاوی بکاتەوە لەبەر خوا و لەپێناوی خوادا، وەکو صەدەقەیەك بۆ دایك وباوکم و خانەوادەم[٢].

---

[٢] سوپاسی هەموو کەسێك دەکەم کە هەستێت بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەهەر زمانێك و دوعای خێری بۆ دەکەم و هیوادارم خوای گەورە بیخاتە سەر میزانی چاکەکانی و بیکاتە صەدەقە جاریە بۆی.

وه زۆر سوپاسی برای بەڕێزم شێخ عبدالرحیم بن عبدالرحمن العجلان دەکەم بۆ کورت کردنەوەی کتێبە بنەڕەتیەکە و ئومێدەوارم بکەوێتە سەر میزانی چاکەکانی و ببێتە خێر و صەدەقەی ڕەوان وبەردەوام بۆی.

زادُ المسافرِ هذا الزادُ تَصحَبُه        عندَ الرحيلِ يُفيدُ العِلمَ والأَدبا

به من الفقه ما يَحتاجُ كلُّ فَتى        يُريدُ معرفةَ الأحكامِ إنْ طَلَبا

قد يسّرَ الزادُ فهماً بعد إشكالٍ        يا طالبَ العلمِ هذا الزادُ قد كُتبا

جّمُّ الفوائدِ كمْ قد حَلّ مسألةً        وكم أَزال عن الطلابِ ما صعُبَا

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## سوودەکانی سەفەر

* سەفەر دەرفەتێکە بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە لە دروستکراوەکانی خوا.

* سەفەر هەلێکە بۆ بەخۆداچوونەوە ولێپرسینەوەی نەفس، و ئامادەکردنی پڕۆژە و ئامانج لە ژیانی مرۆڤدا.

* سەفەر هۆکارێکە بۆ وەبیرهێنانەوەی گەشتی دوارۆژ و خۆئامادەکردن بۆی، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەتا دەگەینە کۆتا شوێن کە یان بەهەشتە یاخود ئاگر - خوای بەبەزەیی ئێمە و ئێوەش بپارێزێت -.

* سەفەر خواپەرستی و گەشت وگوزار و گەیاندنی سیلەی ڕەحم و سەردانی کردنی برایانە.

* سەفەر هۆیەکە بۆ ناسینی شاران وشارستانیەتەکان و ئاکار و ناودارانی جیهان و موسڵمانان.

* سەفەر بۆ شاری حەرام و مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ گەشتێکی ئیمانیە و خولێکی پەروەردەییە بۆ دڵ ودەروون و ڕەفتار و وەبیرهێناوەیشە بۆ پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان.

* سەفەر وەرزشێکی دڵ و دەروونیە و چێژێکی جەستەییە، بەشێوەیەك کە پزیشکان وەسیەتی پێ دەکەن بۆ کەسێك کە هەست بە لەش قورسی بکات و غەمبار و دڵتەنگ بێت، هاوکات چارەسەرێکی سەرکەوتوویشە بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان.

* سەفەر هۆکارێکە بۆ دەرکەوتن و ئاشکرابوونی ناوەڕۆك وحەقیقەتی دڵ و دەروون و شاراوەکانی لەڕووی ئاکار وهەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ خوا و خەڵکیشدا.

**ئەی گەشتیاری بەڕێز:** بزانە کە کەسی موسڵمان خاوەنی ئامانجێکە لە ژیاندا، جا با لە گەشتەکانیشتدا ئامانجت هەبێت وهەڵگری پەیامێك بەو لە میانەی سەفەرەکەتدا بیگەیەنە بەوەی کە ئایا سەفەرەکەت بۆ خواپەرستیە یان زانستیە یان بانگخوازیە یان دونیاییە.

لەپاش ئەم پێشەکییە، وا کاتی ئەوە هات کە دەست بکەین بە باس کردنی ئەحکامەکان و داوای یارمەتیش لەخوای باڵادەست و بەتوانا دەکەم کە ئاسانی بکات بۆ هەموو لایەك .

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## يەكەم: مەرجەكانى سەفەر

**مەرجى ئەو سەفەرەى كە ڕوخصەتەكانى ڕێگەپێدراوە تێيدا و چەند بابەتێكى پەيوەست پێيەوە:**

هەر دەرچوونێك خەڵكى بە سەفەر دايبنێت ئەوە سەفەرە، ئيتر مەوداكەى دوور بێت يان نزيك، يان كاتى زۆربوێت وبخايەنێت يان كەم، و عورفى خەڵكى ئەو شوێنە حوكم دەكات بەگشتى نەك عورفى تاكەكەسى، ئەوەش لەبەر نەبوونى بەڵگەى ڕوون و ڕاشكاو لە ديارى كردنى دوورى و كاتى سەفەر لە شەرعدا، و ئەمەش مەزهەبى كۆمەڵێكە لە زانايان و عورفيش لەمەدا لەسێ حاڵەت دەرناچێت:

أ- عورفێك كە هاودەنگ و هاوڕايە لەسەر ئەوەى ئەو دووريە سەفەرە، جا لەم كاتەدا حوكمەكانى سەفەر دەيگرێتەوە.

ب- عورفێك كە هاودەنگ و هاوڕايە لەسەر ئەوەى ئەو دووريە سەفەر نييە و بەگەشت هەژمار ناكرێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا هيچ حوكمێكى سەفەر نايگرێتەوە.

ج- عورفێك كه ناكۆك و ڕاجیاوازه لەسەر ئەوەی ئەو دووریه بۆ گەشت، بەوەی كه گەشته یان نا، ئەوا لەم حاڵەتەدا هیچ حوكمێكی سەفەر و ڕوخصەت نایگرێتەوە، ئەوەش بینا لەسەر ئەسڵ كه بریتیه لەوەی سەفەر نییه.

وتراوە: هەركەس به دووری هەشتا و هەشت كیلۆمەتر بڕوات ئەوا ڕێبوارە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانه، و ئەمەیان مرۆڤ لێی دڵنیایه، بەتایبەت لەكاتێكدا كه عورفی ئەو شوێنه نەزانرێت یان ڕوون نەبێت و زەبت نەكرێت[٣].

**سوودێك:** هۆكاری نوێژ كورت كردنەوە بریتی یه له سەفەر، و حیكمەتەكەشی بۆ نەهێشتنی نارەحەتی و بارگرانیه و هێنانی ئاسانكاریه، چونكه خوای گەورە نوێژ كورتكردنەوەی پەیوەست كردووە به سەفەرەوە نەوەك به نارەحەتیەوە، بۆیه خەڵكی لەم تێگەیشتنەدا جیاوازن، جا بیری لێ بكەرەوە.

---

(٣) ڕاجیاوازی هەیه لەسەر دیاری كردنی مەودای فەرسەخ ، و بۆچوون هەیه كه بریتی بێت له ٧٠ كیلۆمەتر هەتا ١٢٠ كیلۆمەتر، و ئەمەش بەنزیك كراوەیی نەوەك به دیاری كراوی.

١- هەر کەس سەفەر بکات هی حەڵاڵ بێت یان سوننەت و تەنانەت هی حەرامیش - وەکو ئەوەی سەفەر بۆ تاوان بکات - ئەوا ڕوخصەتەکانی سەفەر دەیگرێتەوە و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، چونکە خوای گەورە ڕوخصەتی پەیوەست کردووە بە سەفەرەوە بەبێ دیاری کردنی جۆری سەفەرەکە کە بۆچیە؟

٢- هەر کەس سەفەر بکات بۆ ئەوەی ڕۆژو نەگرێت یان نوێژکورت بکاتەوە ئەوا ڕوخصەکانی بۆ دروست و ڕێگەپێدراو نییە، چونکە ویستویەتی سنورەکانی خوا بۆ خۆی حەڵاڵ بکات.

٣- سەفەر کردن بە دەریادا هەر وەکو سەفەرکردنە لەسەر وشکانی، واتە ئەگەر دووریەکەی لەڕووی عورفیەوە بەسەفەر دادەنرا ئەوا ڕوخصەتەکانی سەفەر دەیگرێتەوە.

٤- مەودای دووری سەفەرەکە حوکمی لەسەر دەدرێت و ڕەچاو دەکرێت ئیتر بە کاتێکی زۆر ئەو دووریە ببڕێت یان بەکاتێکی کەم و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

٥- دیاری کردنی مەودای دووری سەفەر تەنها بەپێی دووری ڕۆیشتنە نەوەك ڕۆیشتن و هاتنەوەش.

٦- ئەگەر کەسێك گومانی هەبوو لەو دووریەی کە بڕیویەتی، ئایا بە سەفەر هەژمار دەکرێت لەڕووی عورفیەوە یان نا؟

وتراوە: بە نیشتەجێ بوو دادەنرێت واتە ڕێبوار و موسافیر نییە، بۆیە هیچ ڕوخصەتێکی سەفەر نایگرێتەوە لە ڕۆژونەگرتن و نوێژ کورت کردنەوە و ئەوانی تریش، ئەمەش وەکو مانەوە لەسەر ئەسڵ و مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

٧- کەسێك دوو ڕێگەی هەبوو بۆ گەشتەکەی: یەکێکیان دوورە و دەگاتە ئەندازەی سەفەر و ئەوەی تریش نزیکە و ناگاتە ئەندازەی سەفەر لەڕووی مەودای دووریەوە، ئەوا چەند حاڵەتێکی بۆ هەیە:

أ- ئەگەر نەیتوانی بە ڕێگا کورتەکەدا بڕوات بەهۆی عوزرەوە، نەوەك بۆ فێڵ و حیلە، ئەوا ڕوخصەتەکانی سەفەر دەیگرێتەوە وئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

ب- ئەگەر بەکارهێنانی ڕێگا دوورەکە مەبەستی بۆ خۆشی و چێژ بینین بێت، ئەوا دیسان ڕوخصەتی بۆ هەیە و ئاسانکاریەکان دەیگرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە سەفەردایە.

ج- ئەگەریش دەیتوانی ڕێگا کورتەکە بگرێتەبەر و عوزریشی نەبوو واتە هیچ ڕێگری نەبوو، بەڵام ڕێگا دوورەکەی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی ڕوخصەتەکان بیگرێتەوە، ئەوا دەیگرێتەوە و ئاسانکاریەکانی بۆ هەیە لەشەرعدا و بە سەفەر هەژماردەکرێت بۆی.

د- ئەگەر وەکو حیلەیەك ڕێگا دوورەکەی گرتەبەر، ئەوا لەم حاڵەتەدا ڕوخصەتی بۆ نییە و نایگرێتەوە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

## دووەم: سەرەتای حوکمەکانی سەفەر

٨- نیەتی سەفەر مەرجە بۆ ئەوەی ڕوخصەتەکانی سەفەر بیگرێتەوە، وەکو ئەوەی کەسێك دەربچێت بەدوای ونبوویەکدا یان بۆ چێژبینین و مەبەستی سەفەر نەبێت، ئەگەریش مەودای دووری سەفەریشی بڕی بێت ئەوا ڕوخصەتی بۆ نییە، و ئەمەش مەزهەبی هەر چوار مەزهەبەکەیە، نزیکتر ئەوەیە کە بووترێت: مرۆڤ بۆ ئەوەی پێی بووترێت " موسافیر " ئەوەیە بە کردار لە سەفەردا بێت، چونکە کردار لەبری نیەت دەبێت و بەڵکو لەپێشیەوەیەتی و بۆ ئەمەش چەندین هاووێنە و نمونەی هەیە لە شەرعدا و مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان.

٩- کاتێك کەسێك بینا و دیواری شارەکەی بەجێ دەهێڵێت ئەوا ڕوخصەتی بۆ هەیە، بەڵام لەناو شاردا ڕوخصەتی بۆ نییە، و یەکدەنگی زانایانیش لەسەر ئەمە گێڕدراوەتەوە.

١٠- ئەگەر بینا و دیواری کێڵگە و بێستانەکانیش کە بەدرێژایی ساڵ کەسی تێدا نیشتەجێ نییە و ناژیت ئەوا بەهەند وەرناگیرێت، چونکە ڕوخصەتی سەفەر لەو کاتەدا هەژمار دەکرێت کە بینا و ماڵ و خانوی تێپەڕکرد

ئەوانەی کە خەڵکی تێدا دەژیت بەدرێژایی ساڵ، و هەروەها ئەو کارگە و کۆمپانیایانەی کە لەدەرەوەی شارن بەهەمان شێوە بەهەند وەرناگیرێن مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە شوێنی مانەوەیان تێدا بێت بۆ کرێکار و کارگوزار و کەسانی تر و تێیدا بن، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

١١- مەبەست لەو بینایە و ماڵ و خانوانەیە کە دیار و ئاشکران لەسەر ڕێگا، بەڵام ئەوانەی کە دیار نین و لە پشتەوەی شاخ وکێودان بەهەند وەرناگیرێن وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

١٢- هەموو ئەو ماڵ و گەڕەکانەی کە لە ڕووی عورفیەوە بە سنوری ئەو شارە دادەنرێن ئەوا سەربە شارەکەیە ونابێت ڕوخصەتی سەفەر ببات هەتا هەموویان تێ نەپەڕێنێت.

١٣- بەکارهێنانی ڕوخصەتەکانی سەفەر بەجێ هێشتنی سنوری شار و نیشتەجێ بوون دەبێت لەڕووی جەستەوە، نەوەك بە چاو، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆی هەیە ڕوخصەتەکانی سەفەر ببات هەتا نەیەتە ناو شار وشوێنی نیشتەجێ بوونیەوە، و هەرکە گەیشتە ناو سنوری شار و نیشتەجێ بوونی ئەوا ڕوخصەتەکانی سەفەر نابات لەبەر ئەوەی لەسەفەردا نییە.

١٤- سەرەتا و دەستپێكی بەكارهێنانی ڕوخصەتی سەفەر بە فڕۆكە بەوە دەبێت كە فڕۆكەكە سنوری ئاسۆیی شار ببەزێنێت نەوەك سنوری ئاسمانی ئەو شارە بە ستوونی، وە كۆتاییشی دێت بەگەڕانەوەی بۆ سنووری شار و گەیشتن بە بینا و خانوەكان.

١٥- شێوازی قیاس كردنی مەودای دووری لەكۆتاییدا ئایا بریتیە لە شوێنی مەبەست لەو شارەی كە بۆی دەڕۆیت یان سەرەتای سنوری ئەو شارەی كە بۆی دەڕۆیت؟

**ئەمەش دوو حاڵەتە:**

أ- ئەگەر شوێنی مەبەست لە دوای ئەو شارەوە بوو كە بۆی دەڕۆیت و جودا بوو لێی، وە بەتێپەڕبوونی بەناو شاردا دەگەیشتە شوێنی مەبەست ئەوا ئەو شوێنە بە هەند وەردەگیرێت.

ب- ئەگەر شوێنی مەبەست لەناو شاردا بوو ئەوا بەهەند وەرناگیرێت وەكو خاڵی قیاس كردن، چونكە ڕوكەشی وتەی زانایان بریتیە لە سەرەتای شار، لەبەر ئەوەی سەرەتای بەكارهێنانی ڕوخصەتی سەفەر بە جێهێشتنی شارەكەیە نەوەك ئەو شوێنە تایبەتەی كە لێوەی دەرچوویت.

١٦- بەزاندنی سنوری شار وتێپەڕاندنی بینا و خانووەکان دوو وێنە و شێوازی هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر بیناکان هەمووی سەر بەو شارە بوون ولەڕووی عورفیەوە بۆ ئەو دەگەڕانەوە، ئیتر دووری نێوان بیناکان کەم بێت یان زۆر، ئەوا بەکارهێنانی ڕوخصەتی سەفەر بە جێهێشتنی دواهەمین بینا دەبێت لەو شارە، چونکە ئەو کاتە ئەو شارەت بەجێ هێشتووە.

**دووەم:** ئەگەر شارێك شارێکی تر بەتەنیشتیەوە هەبوو، ئەوا دوو حاڵەتی هەیە:

أ- ئەگەر دوو شار بەتەنشیت یەکەوە بوون ئەوا بەتێپەڕاندنی هەردووکیان ئەوجا ڕوخصەتی سەفەر دەتگرێتەوە، چونکە وەکو یەك شار وەهایە، و ئەوەش بۆچوونی زۆرینەی زانایانە.

ب- ئەگەر ئەو دوو شارە لەیەك جیابوون و بۆشایی لەنێوانیاندا هەبوو ئیتر کەم بێت یان زۆر ئەوا تەنها بە تێپەڕاندنی شارەکەی خۆت ڕوخصەتی سەفەر دەتگرێتەوە.

سێ یەم: دابەشکردنی خەڵکی بەسەر " الاستیطان والإقامة والسفر "

أ- نیشتەجێ بوونی کەسێك لە شوێنی بنەڕەتی خۆی، ئەگەر لێی دەرچوو وە لەنیەتیدا بوو بۆی بگەڕێتەوە و هیچ شوێنێکی تر نەکاتە نیشتیمان و شوێنی هەمیشەیی خۆی جگە لەو نەبێت، ئەوا حوکمی ڕێبواری هەیە کە لە شوێنی خۆی دەرچووبێت.

ب- نیشتەجێ بوونی کەسێك لەشارێکدا کە شاری بنەڕەتی خۆی نییە و بەڵام بیکات بە شاری نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی خۆی، و نیەتیشی نەبێت کۆچ بکات لێی و تێیدا دەربچێت، ئەوا حوکمی شوێنی هەمیشەیی خۆی هەیە و بە موسافر هەژمار ناکرێت، و تەنانەت ئەگەر بگەڕێتیشەوە بۆ شار وشوێنی بنەڕەتی کۆنی خۆی بۆ سەردان و مەبەستی تر ئەوا حوکمی ڕێبواری هەیە و ڕوخصەتی سەفەر دەیگرێتەوە، وەکو کردەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ .

ج- کەسێك سەفەر دەکات بۆ شارێك و نیەتی ئەوەی هەیە بەڕەهایی تێیدا بمێنێتەوە، ئەوا پێی دەوترێت " **المستوطن** ".

د- ڕێبوار بەڕێگاوە ڕوخصەتەکانی سەفەر دەیگرێتەوە، بەیەکدەنگی زانایان، و پێی دەوترێت: " **المسافر السائر** ".

هـ- ئەگەر ڕێبوار چووە ناو شارەکەی خۆی ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش بێت یان تێپەڕبوو پێیدا، ئەوا سەفەرەکەی تەواودەبێت و بە ڕێبوار هەژمار ناکرێت، وتراویشە: لەڕووی حوکمەوە تێپەڕبوون بەبێ مانەوە بەهەند وەردەگیرێت، وە بابەتی تێپەڕبوون هەڵدەگرێت.

و- ئەو کەسانەی کە ڕێبواری هەمیشەیین وەکو شۆفێری تەکسی و فڕۆکە و کەشتی، دوو حاڵەتی هەیە:

**یەکەم**: ئەگەر لەکاتی سەفەرەکەیاندا خێزانیان لەگەڵیاندا بوون ئەوا ئەو ئامرازەی کە لێی دەخورێت وسواری بووە ( ئۆتۆمبێل یان فڕۆکە یان کەشتی) وەکو شاری هەمیشەیی و نیشتەجێ بوونی خۆی وەهایە و ڕوخصەتی سەفەر نایگرێتەوە و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

**دووەم** : ئەگەر خێزانیان لەگەڵدا نەبوو ئەوا ڕوخصەتی سەفەر دەیگرێتەوە و ڕێبوارە.

ز- ئەگەر کەسێك سەفەری کرد لەشارەکەی خۆی و لەڕێگادا ویستی بگەڕێتەوە لەبەر پێویستیەك یان شتی تر، ئایا ڕوخصەتی سەفەر دەیگرێتەوە؟ دوو حاڵەتی بۆ هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر گەیشتە مەودای دووری نوێژ کورت کردنەوە ئەوا ڕوخصەتی سەفەری بۆ هەیە.

**دووەم:** ئەگەر نەگەیشتە مەودای دووری نوێژ کورت کردنەوە ئەوا ڕوخصەتی سەفەر نایگرێتەوە و ئەمەش بۆچوونی زۆرینەی زانایانە.

ح- کەسێك لە شارێکەوە سەفەر دەکات بۆ مەبەستی کارکردن یان خوێندن یان شتی تر ئیتر وابەستە بێت بە کاتەوە یان کارەکەوە یان وابەستە و پابەند نەبێت، ئەمەیان جێگای ڕاجیاوازی زانایانە:

**بۆچوونی یەکەم:** ئەگەر نیەتی مانەوەی بۆ چوار ڕۆژ یان زیاتر هەبوو ئەوا نوێژ بەتەواوەتی دەکات واتە کورتی ناکاتەوە و ئەمەش بۆچوونی زۆرینەی زانایانە.

**بۆچوونی دووەم:** ئەگەر نیەتی مانەوەی هەبوو بۆ ماوەی نۆزدە ڕۆژ ئەوا نوێژ کورت دەکاتەوە، لەبەر کردەوەی پێغەمبەری خواﷺ لە فەتحی مەککەدا[٤]. و ئەگەر نیەتی مانەوەی هەبوو لەو ماوەیە زیاتر ئەوا نوێژ بە تەواوی دەکات، و ئەمەش بۆچوونی ابن عەباسەرضي الله عنه.

[٤] أخرجه البخاري (١٠٨٠) .

**بۆچوونی سێ یەم:** ئەوەی کاتی مانەوەی پێ زەبت دەکرێت بۆ عورف دەگەڕێتەوە وەکو دیاری کردنی سەفەر کە بۆ عورف دەگەڕێتەوە، واتە هەرکەس خەڵکی بە نیشتەجێ (مقیم) داینا و هەژماریان کرد ئەوا موقیمە، و هەرکەسیش خەڵکی بە ڕێبوار دایاننا ئەوا ڕێبوارە، و ئەمەش بۆچوونی هەندێ لە زانایانە، و ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەش بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە.

أ- عورفێك یەكدەنگە لەسەر ئەوەی کە موقیمە، وەکو ئەو کەسەی سەفەر دەکات بۆ کارکردن یان خوێندن و ساڵێك یان چەند ساڵێك دەمێنێتەوە، ئەوا حوکمی موسافری نییە.

ب- عورفێك کە یەكدەنگە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسە موسافرە، وەکو ئەوەی دەڕوات بۆ حەج و عومرە و گەشت وگوزار و وەرگرتنی چارەسەر و بەو هۆیەوە ماوەی مانگێك یان دوو مانگ یان زیاتر دەمێنێتەوە، ئەوا حوکمی ڕێبواری هەیە.

ج- عورفێك کە ڕاجیاوازە لەم باسەدا، وەکو ئەو کەسەی کە چەند مانگێك دەمێنێتەوە بۆ زانست وەرگرتن یان کارو بازرگانیەك یان شتێکی هاوشێوەیان، جا ئایا لەم حاڵەتەدا لایەنی مانەوە زاڵە یان سەفەر تێیدا؟

بابەتەکە هەردوو بۆچوونەکە هەڵدەگرێت، و لایەنی مانەوە و موقیم بوون باشترە بۆ دڵنیابوون و نەمانی گومان.

وە هەموو ئەم بۆچوونانەش بەهێزی خۆیان هەیە، بەڵام بۆ دڵنیابوون ئەوەیان هەڵبژێرە کە هیچ گومانت لێ نییە کە مانەوە و موقیم بوونە چونکە بابەتەکە پەیوەستە بە نوێژەوە کە پایەیەکەوە بە پایەکانی ئیسلام(٥).

---

(٥) * ڕونکردنەوەیەکی گرنگ

١- خوێندکار: ئیتر ئەگەر خوێندکارەکە لەناوخۆی وڵاتی خۆیدا بێت یان لە دەرەوە، و ساڵێك یان چەند ساڵێك دەمێنێتەوە لەو شارەدا، و دەشزانێت کەی دەگەڕێتەوە، و هاتوچۆ ناکات بەهەمیشەیی، ئەمەیان بە ڕێبوار هەژمار ناکرێت، و ئەوەشی پێویستە لەسەر موسڵمان ئەوەیە کە شوێن هەندێ فەتوا و ڕوخسەت دان نەکەوێت ئەگەریش دانە دانە زانایان بیڵێن، جا مرۆڤ چ زەرەرێك دەکات ئەگەر نوێژەکەی بە تەواوەتی بکات، کە بەدڵنیاییەکی تەواوەوە لەنوێژەکەی دەبێتەوە و دوودڵ نییە لە دروستێتی نوێژەکەی، جا وریای ئاسانکاری و کەمتەرخەمی بن لەو بابەتەدا.

٢- فەرمانبەر و جگە لەوانیش ئەگەر یەکێکیان نیشتەجێ بوو وە هاتوچۆی نەدەکرد، ئەوا هەمان حوکمی پێشووی هەیە.

٣-ئەوەی بۆ گەشت وگوزار سەفەر دەکات یان بۆ چارەسەر یان بۆ ڕاهێنان یان بۆ حەج و عومرە و بۆ چەند ڕۆژێك یان هەفتەیەك یان مانگێك دەمێنێتەوە ئەوا ئەم جۆرە بە موسافر هەژمار دەکرێت، ئیتر کاتێکی دیاری کراوی دەستنیشان کردبێت بۆ گەڕانەوەی یان نا.

د- ئەگەر كەسێك سەفەری كرد بۆ شارێك و تێیدا مایەوە بۆ پێویستیەك و نەزانێت كەی كۆتایی دێت ئەو كارەی، ئەوا دروستە بۆی ڕوخصەتەكانی سەفەر ببات وبەكاریان بهێنێت و ئەمەش هاوڕایی زانایانی لەسەرە، بەڵام ئەگەر كەسەكە گومانی زۆری بۆ ئەوە چوو كە ماوەیەكی زۆری پێ دەچێت ئەوا بۆ دڵنیایی خۆی وا باشترە واز لە ڕوخصەتەكان بهێنێت وبەم كەسەش دەوترێت: " **المسافر النازل** ".

١٧- ئەگەر كەسێك خانویەكی هەیە لە شاری بنەڕەتی خۆی و خانویەكیش لەو شارەی كە سەفەری بۆ دەكات و تێیدا دەحەوێتەوە و نیشتەجێ دەبێت، ئەگەر ڕۆیشت بۆ شارە بنەڕەتیەكەی خۆی لەكاتی مۆڵەتی ماوە كورت وجەژنەكان و بۆنەكاندا، ئەوا نوێژ كورت دەكاتەوە، چونكە بە ڕێبوار هەژمار دەكرێت، وە هەبوونی خانوو لە حوكمی ڕێبوار دەری ناكات، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەكی بەردەوام هاتوچۆی دەكرد، و چەندین ڕۆژ وهەفتە و بگرە مانگیش دەمایەوە ئەوا لە سنوری سەفەر دەری دەكات وبەمەش دەبێتە خاوەنی دوو شوێنی هەمیشەیی مانەوە و تەنها لەڕێگاكەدا لەكاتی هاتن و ڕۆیشتنیدا بە ڕێبوار هەژمار دەكرێت و ڕوخصەتەكانی سەفەر دەبات.

١٨- هەركەس خێزانێكی هەبوو لە شارێكدا و ناوبەناو سەفەری بۆ دەكرد وچەند ڕۆژێك لەوێ دەمێنێتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێی هەمیشەیی خۆی، ئەوا ڕوخصەتەكانی سەفەر دەبات مادام بە شێوازێكی بەردەوام هاتوچۆ ناكات، هەروەكو خاڵی پێشوو وەهایە.

١٩- ئەگەر كەسێك لەشارێك نیشتەجێ بوو بەهەمیشەیی وپاشان گەڕایەوە بۆ ئەو شارەی كە دایك و باوكی تێدایە بۆ سەردانی كردنیان و مەبەستی تر، ئەوا ڕوخصەتەكانی سەفەر دەبات لەشاری دایك وباوك.

٢٠- پاشا و ئەمیر و كاربەدەست لەشارێكەوە دەڕوات بۆ شارێكی تر لە سنووری وڵات و فەرمانڕەوایەتیەكەی، ئەگەر سنووری سەفەری تێپەڕاند ئەوا ڕێبوارە و ڕوخصەتەكانی سەفەر دەبات مادام بەهەمیشەیی هاتوچۆ ناكات وەكو خاڵەكەی پێشوو، ئەمەش بۆچوونی زۆرینەی زانایانە.

### ئاگاداری

ئەو وەسف و حاڵەتانەی كە باس كران لەپێشوودا، تەنها خودی خۆیان نابنە هۆكاری ئەوەی كە كەسەكە نیشتەجێی هەمیشەیی بێت، بەڵكو چەند حاڵەت و وەسفێكی تری پێوە پەیوەستە كە عورف دیاری

دەكات وبەڵگەیە لەسەری وەكو : هاتوچۆ، هەبوونی خانوویەكی ساز وئامادە بۆ نیشتەجێ بوون، و مانەوە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ و هەفتە.

٢١- هەركەس سەفەرێك بكات و مەودای شەرعی بڕی بێت تەنانەت ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش بێت وپاشان بگەڕێتەوە بۆ شارەكەی خۆی ئەوا هەر بە ڕێبوار هەژمار دەكرێت و ئەمەش بۆچوونی هەر چوار مەزهەبەكەیە.

٢٢- هەركەس ڕۆژانە هاتوچۆ دەكات و ئەو دووریەش دەبڕێت كە نوێژی تێدا كورت دەكرێتەوە بەڵام نامێنێتەوە زۆر، وەكو هەندێك لە كرێكاران و مامۆستا و فێرخوازان، ئەوا بۆ دڵنیایی خۆیان وا چاكترە نوێژكورت نەكەنەوە، چونكە ئەو حاڵەتەیان بووەتە كارێكی هەمیشەیی، وە دروستە نوێژ كۆبكەنەوە (جەمع) لەكاتی بوونی ناڕەحەتیدا، بەڵام ئەگەر سەفەرەكە دوور و درێژبوو ئەوا دروستە نوێژكورت بكەنەوە و هەمیش جەمع بكەن.

٢٣- كەسێك سەفەر دەكات بۆ كاركردن یان خوێندن و ئەو چەند ڕۆژەی كە كار دەكات یان دەخوێنێت دەمێنێتەوە پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شارەكەی خۆی لە كاتی مۆڵەتی هەفتانەدا ئەوا لەو شارەدا كە كاری تێدا دەكات لەسەفەردایە و ڕوخصەتی سەفەر دەبات، چونكە هەمیشەیی نییە تێیدا و هەر

که کارو خوێندنی تەواو بوو دەگەڕێتەوە بۆ شاری نیشتەجێی هەمیشەیی خۆی.

**ئاگاداری:** هۆکاری ڕاجیاوازی نێوان زانایان لەزۆرێك لەوانەی کە باس کران ئەوەیە کە ئایا دابەش کردنەکە دووانیە یان سیانیە؟

**وتەی یەکەم:** سیانیە، کە ئەمانەن: **مستوطن ، ومقيم ، ومسافر** ، و جیاوازی نێوان دووەم و سێ یەم ماوەی مانەوەیە لەنێوانیاندا.

**وتەی دووەم:** دووانیە: کە ئەمانەن: **مستوطن ومسافر** ، وە موقیم لە حوکمی موسافردایە.

❁❁❁❁❁❁

## چوارەم: ئاداب

مۆڵەتخواستن لە دایك و باوك بۆ سەفەركردن، چەند حاڵەتێكی هەیە:

١- سەفەركردن بۆ حەجی واجب، واجب نییە مۆڵەت خواستن لێیان، بەڵكو سوننەتە و نابێت گوێڕایەڵی بكرێن ئەگەر هاتوو ڕێگەیان نەدا و نەیانهێشت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (لا طاعةَ لأحَدٍ في معصيَةِ الله ، إنَّما الطاعةُ في المعرُوفِ )[٦] واتە: گوێڕایەڵی هیچ كەسێ ناكرێ بۆ سەرپێچی خوا، بەڵكو گوێڕایەڵی بۆ چاكەیە و بەس.

بەڵام بۆ حەجی سوننەت ئەوا مۆڵەت لێ خواستن و گوێڕایەڵیان واجبە تەنانەت ئەگەریش نەیانهێشت.

٢- سەفەركردن بۆ وەرگرتن و فێربوونی زانستێكی دیاری كراوی تایبەت كە نەتوانێت لەشارەكەی خۆیدا دەستی بكەوێت وتەنانەت بەڕێگەی ئامێر و ئامرازە سەردەمیەكانیش نەتوانرا بخوێنرێت ئەوا واجب نییە مۆڵەت لێ خواستنیان وگوێڕایەڵی كردنیان ئەگەر هاتوو ڕێگربوون، بەڵكو سوننەتە، بەڵام سەبارەت بە زانستی زیادە و تەواوكەر ئەوا واجبە مۆڵەتیان لێ بخوازرێت،

[٦] أخرجه البخاري (٧٢٥٧) .

وسەبارەت بە (فەرزی کیفائی)ش ئەگەر هاتوو لەشاردا کەس نەبوو وە ئوممەتیش پێویستیان بەم کەسە بوو لەبەر لێهاتوویی و توانای بەسەر خوێندنی ئەو بابەتەدا ئەوا واجب نییە مۆڵەتیان لێ بخوازرێت وبەڵکو سوننەتە.

٣- سەفەری بازرگانی: ئەگەر هاتوو سەفەرەکەی بۆ پڕکردنەوەی پێویستی خۆی یان خێزانەکەی بوو، بەشێوەیەك ئەگەر نەڕوات ئەوا تووشی ئازار و زیان دەبێت ئەوا واجب نییە مۆڵەت لێ خواستنیان، و ئەگەریش بۆ زیادە و زۆرکردنی ماڵ وسامان بێت ئەوا دەبێت داوای مۆڵەتیان لێ بکات.

٤- سەفەر بۆ جیهاد: ئەگەر جیهادی بۆ دەرچوون بوو (جهاد الطلب) و هەموو مەرجەکانی تێدا بوو ئەو شەڕە کە لەو شارە ڕوودەدات و زانایان و کاربەدەستان پێکەوە بڕیاریان دابێت ئەوا دەبێت مۆڵەت بخوازرێت لە کاربەدەستان و دایك وباوك، و ئەمەش بۆچوونی زۆرینەیە، وە بەشداری کردنی جیهاد حەرام دەبێت بە ڕێگەنەدانی دایك یان باوك بەو مەرجەی موسڵمان بن، چونکە گوێڕایەڵی کردنیان فەزرە لەسەر تاك بەڵام جیهاد فەرزی کیفائیە واتە ئەگەر کەسانێك پێی هەستان ئەوا لەسەر گشتی دەکەوێت، جگە لەو حاڵەتانە نەبێت کە جیهاد تێیدا فەرزی عەینە واتە واجبە لەسەر تاك تاکی

موسڵمانان و زانایان بڕیاری لەسەر بدەن، ئەوا لەم کاتەدا بەشداری جیهاد پێش دەخرێت بەسەر مۆڵەت خواستن لە دایك وباوك.

٥- سەفەری حەڵاڵ، مەرجە مۆڵەت لێ خواستنیان.

بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتی گوێڕایەڵی دایك و باوك: ئەوەیە کە تا چەند دەگەڕێتەوە بۆ سوود و زەرەر، و چەند حاڵەتێکیش لەم باسە بەدەرن، لەوانە:

أ- ئەگەر هاتوو سەفەرەکەی بۆ سوود وبەرژەوەندی خۆی بوو وە زەرەر و زیانی بەوان نەدەگەیاند ئەوا مۆڵەت خواستن لێیان مەرج نییە.

ب- ئەگەر هاتوو سەفەرەکەی سوودی خۆی تێدا بوو وە زەرەر و زیانیشی تێدابوو بۆ ئەوان ئەوا مۆڵەت خواستن لێیان مەرجە.

ج- ئەگەر سەفەرنەکردنەکەی زیانی خۆی تێدابوو وە سەفەرکردنیشی زیانی دایك وباوکی تێدا بوو، ئەوا لەم حاڵەتانە بەدەر نییە:

أ- ئەگەر زیانەکەی خۆی گەورەتر بوو ئەوا مۆڵەت خواستن لێیان مەرج نییە، بەڵام ئەگەر زیانەکەی ئەوان گەورەتر بوو ئەوا دەبێت مۆڵەتیان لێ بخوازرێت.

ب- ئەگەر هەردوو زەرەر و زیانەکە هاوتا و یەکسان بوو ئەوا هەر بابەتە و بەپێی خۆی ڕەچاو دەکرێت، و گومانیشی تێدا نییە کە چاك بوون یان ئازاردانی دایك و باوك پلەپلەیە، خوای گەورە چاکەکردنمان بە نسیب بکات بۆیان و لەمردووەکانیشیان خۆش بێت.

٦- تەنها مۆڵەت خواستن لەیەکێکیان بەس نییە و دەبێت هەردووکیان بەشدار بن.

* **سوودێك**: پرسیار لە شێخی ئیسلام ابن تیمیە کرا دەربارەی سەفەری کەسێك کە منداڵی هەیە:

لە وەڵامدا وتی: ئەگەر خاوەن منداڵ سەفەرەکەی زیانی دەدا لە منداڵەکانی ئەوا سەفەر ناکات، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: (كفى بالمرء إثمًا أن يضيّع من يقوت)[٧] واتە: بەسە بۆ تاوانی کەسێك کە بژێوی ئەوانە لەدەست بدات و کەمتەرخەمی تێدا بکات کە لەژێر دەستی ئەمدان و چاوەڕێی ئەمن.

---

(٧) أخرجه أحمد (٦٤٩٥) والحاكم (١٥١٥) وصحَّحه أحمد شاكر وشعيب الأرناؤوط في تحقيق المسند (٦٤٩٥).

٧- سوننەتە ڕێبوار پێش ئەوەی دەست بە سەفەرەکەی بکات وەسیەت بنووسێت، و ئەگەر مافی خەڵکی لە لا بێت ئەوا وەسیەت کردنەکە واجب دەبێت، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بەو کارە کردووە[٨].

٨- سوننەتە خواحافیزی وماڵئاوایی بکات لە خاوخێزانی و مامۆستا و هاوەڵەکانی، لەبەر ئەوەی لە ئەبو هورەیرەوە رضي الله عنه هاتووە کە دەڵێت: (فأتينا رسول الله ﷺ نُوَدِّعُهُ حِينَ أَرَدْنَا الخُرُوجَ)[٩].واتە: کەنیازی دەرچوونمان بوایە بۆ سەفەرێك ئەوا دەهاتین بۆ لای پێغەمبەری خوا و ماڵئاواییمان لێ دەکرد.

٩- سوننەتە ئەو کەسەی سەفەر دەکات ماڵئاوایی بکات لە خێزان و هاوەڵانی بە وتنی: (أستَودِعُكُم اللَّهَ الَّذي لا تضيعُ ودائعَهُ)[١٠]، و ئەوانیش لە وەڵامیدا دەڵێن: (نستَوْدِعُ اللهَ دِيْنَك ، وَأَمَانَتَكَ، وَخَوَاتِيمَ عَمَلِكَ)[١١]

---

(٨) أخرجه مسلم (١٦٧٢).

(٩) أخرجه البخاري (٢٩٥٤).

(١٠) أخرجه أحمد (٩٢٣٠)،وابن ماجه (٢٨٢٥)،وابن السُّنِّي (٥٠٥) وغيرهم، وحسَّنهُ ابن حجر في الفتوحات (١١٤/٥).

(١١) أخرجه أحمد (٤٥٤٢) والتِّرمذيُّ (٣٤٤٢) وصحَّحه، وحسَّنه ابن حجر في الفتوحات (١١٦/٥).

هەروەها دەشتوانرێت ئەمە بووترێت: (زوَّدَكَ اللهُ التقوى ، وغفر ذنبَكَ ، ويَسَّرَ لكَ الخيرَ حيثُمَا كنتَ) [١٢].

١٠- ڕاسپاردنی ئەو کەسەی سەفەر دەکات بە سەلام کردن و گەیاندنی سڵاو بۆ ئەو کەسانەی کە سەفەریان بۆلا دەکات ئەگەر قەبووڵی کرد کە ببێت بە گەیەنەری ئەو سەلامە ئەوا ئەمانەتە و واجبە بیگەیەنێت، وە دەبێت ئەو کەسەی سەلام دەنێرێت بە ڕێبوارەکەدا بڵێت سەلامیان پێ بگەیەنە ئەگەر توانیت، بۆ ئەوەی نارەحەتی لەسەر دروست نەبێت.

١١- سوننەتە ڕۆژانی پێنج شەم سەفەر بکرێت لەبەر فەرموودەی: (أنَّ النَّبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ خَرَجَ يومَ الخَميسِ في غَزْوَةِ تَبُوكَ، وكانَ يُحِبُّ أنْ يَخْرُجَ يومَ الخَميسِ) [١٣] واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژی پێنج شەممە دەرچوو بۆ غەزای تەبووك، وە ئەو پێی خۆش بوو کە ڕۆژی پێنج شەم دەربچێت بۆ سەفەر.

---

(١٢) أخرجه التِّرمذيُّ (٣٤٤٤) والدَّارميُّ (٢٧١٣) وزاد في أوَّله « في حِفْظِ اللَّهِ، وَفي كَنَفِهِ »، وابن خُزيمة (٢٥٣٢) ،وحسَّنهُ ابن حجر في الفتوحات (١٢٠/٥).

(١٣) أخرجه البخاري (٢٩٥٠).

وە دروست نییە کە ڕەشبین بیت لە سەفەر کردن لەهەر ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی هەفتە، و ئەگەر کەسەکە بڕیاری سەفەری دا لەهەر کاتێکدا بۆی هەیە.

١٢- سوننەتە کاتی دەرچوونی سەفەرەکە سەرەتا و بەرەبەیانی ڕۆژ بێت، وتراویشە: سوننەتە سەفەر بە شەو بکرێت.

* **زێدە زانیاری**: پێشەوا ابن ڕەجەب ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: ڕۆیشتن لە کۆتایی شەودا سوپاسکراوە، لە سەفەری دونیادا بە جەستە، وە لەڕۆیشتن و گەشتی دڵیشدا بەکردەوە بۆ لای خوا.

١٣- نەهی کردن لە هاوەڵێتی کردنی کاروانێك لەسەفەردا کە سەگ و زەنگ و بەکارهێنانی پێستی پڵنگیان تێدا بێت، لەبەر فەرموودەی: (لا تَصْحَبُ المَلائِكَةُ رُفْقَةً فيها كَلْبٌ ولا جَرَسٌ)[١٤]،واتە: ((فریشتەکان هاوڕێیەتی کاروانێ ناکەن کە سەگ و زەنگی تێدا بێت)).

---

(١٤) أخرجه مسلم (٢١١٣).

لەنێو ئەو سەگانەشدا سەگی پاسەوانی لێ بەدەرە و ئاساییە بۆ پێویستی، لەبەر فەرموودەی: (إلَّا كَلْبَ ماشِيَةٍ، أَوْ صَيْدٍ، أَوْ زَرْعٍ)[١٥].واتە: جگە لە سەگی پاسەوانی ئاژەڵ و سەگی ڕاو و پاسەوانی کێڵگە.

١٤- ئەگەر کەسێك بەتەنهاش سەفەر بکات و سەگی لەگەڵدا بێت ئەوا ئەو حوکمە هەر دەیگرێتەوە، چونکە ئەو مەرجەی کە باسکراوە لەگەڵ کارواندا ئەوە لەبەر زۆرینەی حاڵەتەکەیە.

١٥- ئەو کەسەی سەفەر دەکات پێویستە هەوڵ بدات خۆی فێری ئەو حوکمانە بکات کە پێویستی پێی دەبێت لەسەفەرەکەیدا کە بۆ حەج و عومرەیە یان بازرگانی یان ڕاو یان چۆنیتی مامەڵەکردن لەگەڵ بێباوەڕاندا وبۆ ئەو مەبەستە کتێب یان نامیلکەیەك لەگەڵ خۆی ببات بیخوێنێتەوە.

❁❁❁❁❁❁

(١٥) أخرجه مسلم (١٥٧٥).

## هەندێ لە وەسیەتەکانی سەلەف بۆ ڕێبواران

• پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من ڕێبوارم و وەسیەتت چییە بۆم، ئەویش فەرمووی: (عليكَ بتقوَى اللَّهِ والتَّكبيرِ على كُلِّ شَرَفٍ فلمَّا ولَّى الرَّجُلُ قالَ اللَّهُمَّ اطوِ لَه البُعدَ وَهوِّن عليهِ السَّفرَ)[١٦].واتە: تەقوای خوا بکە و لەسەر هەر بەرزاییەك الله اكبر بکە، پاشان کە پیاوەکە ڕۆشت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوایە زەوی بۆ بهێنە یەك و سەفەری لەسەر ئاسان بکە.

• پێغەمبەری خوا ﷺ موعاز و ئەبو موسای نارد بۆ یەمەن و پێیانی فەرموو: (يَسِّرَا ولَا تُعَسِّرَا، وبَشِّرَا ولَا تُنَفِّرَا، وتَطَاوَعَا ولَا تَخْتَلِفَا)[١٧].واتە: کار ئاسان بکەن و قورسی مەکەن، و مژدە بدەن و خەڵك دوور مەخەنەوە، و هاوکار و پشتگیری یەکتربن و ڕاجیاواز و ناکۆك مەبن.

(١٦) أخرجه أحمد (٨٣١٠) والتِّرمذيُّ (٣٤٤٥) وحسَّنهُ، والحاكم (٢٤٨١) وصحَّحه ووافقهُ الذَّهبيُّ، وحسَّنه شعيب الأرناؤوط في تحقيق المسند (٨٣١٠).

(١٧) أخرجه البخاري (٣٠٣٨).

پێکەوە بوون و یەکڕیزی و هاوڕابوون ، وەسیەتێکە هەموو ڕێبوارێك پێویستی پێیەتی، بەشێوەیەك کە بەشێکە لە ژیانی کردارەکی هەموو موسڵمانان لە سەفەر و شوێنی خۆیشیاندا.

جا بەداخەوە ئەم ڕێنماییانەی پێغەمبەری خوا لە مێشك و واقعی زۆرێك لە موسڵماناندا نییە و نائامادەیە، بۆیە دەبینین واقعی زۆرێك لە کۆمەڵگاکان و ژینگە و خێزانەکان بریتیە لە ململانێ ولێکدوورکەوتنەوە و ستەم ودەستدرێژی و دوژمنایەتی، موسیبەتەکەش لەوێدایە زیاتر کە ئەو ناکۆکی و دەستدرێژیانە بە حەق و دین و عەدالەت دەپۆشن و دەیشارنەوە، بۆیە ئەمڕۆ لەسەر موسڵمانانە کە یەکبگرن و یەکڕیز و یەکهەڵوێست بن و برایەتی و خۆشەویستی ئیسلامی زیندووبکەنەوە لەنێوانیاندا، و ستەم لەیەکتر نەکەن، و دووربکەونەوە لە پشکی نەفس و ئیرەیی و بەڵای دڵ و دەروون و گوێڕایەڵی کردن و شوێنکەوتنی ئارەزوو، سەرکەوتو و ڕزگاربوویش ئەوەیە کە خوا هیدایەتی بدات بۆ سەلامەتی دڵ و دەروون پاکی و خاوێن کردنەوەی ناخ و یەکخستنی دڵ و زمان پاراستن و لێبوردن و چاوپۆشی و ئامۆژگاری بۆ هەموو موسڵمانان.

* **یەحیایی لەیسی دەڵێت:** کە ماڵئاواییم لە پێشەوا مالك کرد، داوام لێ کرد کە وەسیەتم بۆ بکات ، ئەویش پێی وتم: هەمیشە ئامۆژگاری بکە بۆ خوا و کتێبەکەی و پێشەوای موسڵمانان و خەڵکی بەگشتی، پاشان ڕۆیشتم بۆ لای " اللیث " و کە کاتی ماڵئاوایی کردن هات ولێی جودابوومەوە، ئەوەی بە مالك وتبوم بەویشم وت، ئەویش هەمان قسەی مالکی بۆ کردم.

* ئافرەتێکی دەشتەکی وەسیەتی کچەکەی دەکرد لە سەفەر و وتی: ڕۆڵە تۆ دراوسێیەتی کەسانێکی نەناس و نامۆ دەکەیت و لەنێو هاوڕێ و دۆستان دەڕۆیت و بەجێیان دەهێڵیت، بۆیە بەڕووخۆشی و چاکێتیەوە تێکەڵاوی خەڵك بکە و تەقوای خواشت هەبێت لەکاتی نهێنی و ئاشکرادا.

* ئافرەتێکی تر وەسیەتی بۆ کچەکەی دەکرد کە دەیویست سەفەر بکات و وتی: نەکەیت دەستکراوە بیت بەدینەکەت و ڕژد و ڕەزیل بیت بە ماڵەکەت، وە بزانە کە هەرکەس لەسەرخۆیی و دەستکراوەیی کۆبکاتەوە ئەوا پێکاویەتی و پێی بەرز دەبێتەوە.

* محمد الخضر لەکاتی تاراوگە کە لە وڵاتی ئەڵمانیایە دەڵێت: ئەو کاتەی کە ژینگە و چواردەورت نیگای چاودێرانت دادەخات و مۆر دەنێت

بەسەر دەم و زمانی لۆمەکارانتەوە وبێدەنگ دەبن، وپاشان هەڵتدەنێت بۆ ئەوەی جلی ئەدەب لەبەر داکەنیت، ئەوا بڵێ: فەزیڵەت و چاکێتی نیشتیمانی بۆ نییە ، بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤ کە هەمیشە هەست بە چاودێری پەروەردگاری بکات ولێی بترسێت لەسەر زەوی و لەژێر ئاسمان.

**وإذا خلوتَ بريبةٍ في ظلمةٍ        والنفسُ داعيةٌ إلى العصيان**

**فاستحي من نظر الإله وقل لها    إنّ الذي خلقَ الظلامَ يراني**

* وریای خۆبەگەورە زانین بە و خاکی و خۆبەکەم زان بە، و مەبە بەبار بەسەر خەڵکیەوە.

**موجاهید دەڵێت:** هاوەڵێتی ابن عومەرم کرد لە سەفەرێکدا بۆ ئەوەی خزمەتی بکەم کەچی ئەو خزمەتی کردم[١٨].

* وریای فرۆشتن و لەدەستدانی بیروبۆچون و ئاکارت بە لە سەفەردا لە بازاڕ و کۆڕبەندی فرۆشتنی فەزیلەتدا و لەژێرناوی هەواو و شەهوەت و ماڵ و ڕاجیاوازی و خۆشەویستی دەرکەوتن و خۆدەرخستنی بێ پێویست.

[١٨] السنة لأبي بكر بن الخلال (٢٦٢)

* با نیەتت ئامادە بێت لەسەفەرەکەتدا و مەبەستت خوا بێت، ئەگەر خواپەرستی تایبەت بوو، وە ئەگەریش عادات بوو ئەوا بیگۆڕە بۆ عیبادەت، و هەوڵ بدە خۆشی و دڵشادی بهێنەرەوە بۆ ناو خێزان و منداڵەکانت، چونکە هەرچیەك خەرج بکەیت لە پارە و هەر ماندوێتیەکت بێتەڕێ ئەوا پاداشت دەدرێیتەوە، بۆیە هەوڵ بدە هەموو کاروبارەکانت لەڕەزامەندی وگوێڕایەڵی خوادا بێت.

* سووربە لەسەر پارێزگاری کردن لە زیکرەکانی ڕۆژانە و بەش و پشکی خۆت لە قورئان خوێندن، چونکە زۆرێك لە خەڵکی بەهۆی چێژی سەفەر وگەڕان و گەشت وگوزارەوە لەمە بێ ئاگا دەبن، وە من گەیشتووم بە کەسانێکی چاك کە هەمیشە دەستبەرداری بەشی خۆیان نەبوون لە قورئان خوێندنی ڕۆژانەیان و تەنانەت لەشەونوێژیش لە سەفەریاندا.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## پێنجەم: ئەمیر دانان لە سەفەردا و حوکمەکانی

١- حوکمەکەی: سوننەتە، لەبەر فەرموودەی: (إذا خرجَ ثلاثةٌ في سفرٍ فليؤمِّروا أحدَهُم)[١٩]. واتە: ئەگەر سێ کەس دەرچوون بۆ سەفەرێك ئەوا با یەکێکیان بکەن بە ئەمیری خۆیان.

٢- ئەمێرێتی بۆ پیاوانە و نابێت ئافرەت و کەسی باڵغ نەبوو ئەو پلەیە وەربگرن یان پێیان بدرێت.

٣- کەسێك دەکرێت بە ئەمیری سەفەر کە لەڕووی کاروباری ئەو سەفەرەوە شارەزاترینیان بێت نەوەك لەڕووی زانستی شەرعیەوە زاناترین بێت، چونکە بۆ ئەو کارە دانراوە و هۆکارەکەی سەفەرە.

٤- شێوازی دەستنیشان کردنی ئەمیریش بەشێوەی پرس و ڕاوێژ دەبێت.

---

(١٩) أخرجه أبو داوود (٢٦٠٨) والطبراني في الأوسط (٨٠٩٣)، وصحَّح أبو حاتم وقفهُ على أبي سلمة رضي الله عنه في علل ابن أبي حاتم (٢٢٥) وكذا الدَّارقطنيُّ في علله (١٧٩٥) رجَّح وقفه. وحسنه النووي في المجموع (٣٩٠/٤)وصححه الشوكاني في نيل الأوطار (٢٩٤/٨).

٥- سەرەتا و کۆتایی ماوەی ئەمیرێتیش بریتیە لە سەرەتای سەفەر هەتا کۆتایی پێ هاتنی، چونکە ئەو کارە پەیوەستە بە سەفەرەوە.

٦- مەرجەکانی ئەمیر دانان: دەبێت لە سەفەردا بن، وە پێك هاتبوون لە سێ کەس یان زیاتر، و ئەگەر دووان بوون ئەوا بەپرس و ڕای یەکتر کارەکان دەبەن بەڕێوە.

٧- گوێڕایەڵی ئەمیر واجبە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووە.[٢٠]

٨- گوێڕایەڵی ئەمیری سەفەر واجبە لەو کاروبارانەی کە پەیوەستن بە سەفەرەکەوە، وەکو چێشت لێنان و لادان و دابەزین لەشوێنێکی دیاری کراودا و هاوشێوەی ئەم کارانە، نەوەك لە هەموو شتێکدا بە ڕەهایی، بەڵام ئەوە هەیە کە لەو شتانەی کە پەیوەست نین بە کاری سەفەرەوە نابێت ململانێی لەگەڵدا بکرێت، و ئەوەی دیارە ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە تایبەتانە عورف سنوری بۆ دیاری دەکات و تێیدا یەکلاکەرەوەیە، بەڵام ئەوەی کە هەندێ لە خەڵکی لێی تێگەیشتوون و دەیڵێن کە گوایە گوێڕایەڵی بۆ هەیە بەڕەهایی لەهەموو شتێکی

---

[٢٠] أخرجە البخاري (٢٩٥٧)

حەڵال و بابەتی خواپەرستیدا ئەوا بۆچوونێکی دروست و تەواو نییە، چونکە گوێڕایەڵی لە چاکە هەیە و لەو شتەی کە ناڕەحەتە لەسەریان و لەتوانایاندا نییە ئەوا دروست نییە.

٩- ئەگەر ئەمیر و ئەوانی تر یان هەندێکیان ڕاجیاواز بوون لەسەر دیاری کردنی ئاڕاستەی قیبلە ئەوا نابێت گوێڕایەڵی بکەن، چونکە لە کارەدا وەکو خواپەرستیەکانی تر گوێڕایەڵی بۆ نییە.

١٠- قورئان خوێن ( ئەوەی لە هەموویان زیاتر قورئانی لەبەرە) لەپێشترە بۆ پێشنوێژی کردن لە ئەمیری سەفەر، لەبەر فەرموودەی: (إِذَا كَانُوا ثَلَاثَةً ، فَلْيَؤُمَّهُمْ أَحَدُهُمْ، وَأَحَقُّهُمْ بالإِمَامَةِ ، أَقْرَؤُهُمْ)[٢١]. واتە: ئەگەر سێ کەس بوون ئەوا با یەکێکیان پێشنوێژیان بۆ بکات و لەهەموویشیان شایستەتر و لەپێشتر بۆ ئەو کارە ئەوەیانە کە لە هەموویان قورئان خوێنترە وزیاتری لەبەرە.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

[٢١] أخرجه مسلم (٦٧٢).

## دوعای پێغەمبەرﷺ لە سەفەردا

١- سونەتە دوعای سەفەر لەکاتی چوون و هاتنەوەشدا، ئەو کاتەی سوار دەبێت و سەردەکەوێت بۆ ڕۆیشتن نەوەك دەرچوون لە شار، و دوعاکەش ئەوەیە کە سێ جار (الله أكبر) دەکەیت وپاشان دەڵێیت: [سُبْحانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ (١٣) وَإِنَّا إِلَى رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ] اللَّهُمَّ إنَّا نَسْأَلُكَ فِي سَفَرِنَا هَذَا الْبِرَّ وَالتَّقْوَى، وَمِنَ الْعَمَلِ مَا تَرْضَى، اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَيْنَا سَفَرَنَا هَذَا وَاطْوِ عَنَّا بُعْدَهُ، اللَّهُمَّ أَنْتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ, وَالْخَلِيفَةُ فِي الأَهْلِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثَاءِ السَّفَرِ،وَكَآبَةِ الْمَنْظَرِ، وَسُوءِ الْمُنْقَلَبِ فِي الْمَالِ وَالأَهْلِ»). وە لەکاتی گەڕانەوەشدا ئەم بڕگەیەی بۆ زیاد دەکات: (آيِبُونَ، تَائِبُونَ، عَابِدُونَ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ)[٢٢]،

لەریوایەتێکی تردا هاتووە: (وَالْحَوْرِ بَعْدَ الكَوْرِ، وَدَعْوَةِ المَظْلُومِ)[٢٣]،

---

(٢٢) أخرجه مسلم (١٣٤٢).

(٢٣) أخرجه مسلم (١٣٤٣).

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە: ئەگەر بگەڕایاتەوە بۆ نێو ماڵ و منداڵی وشار ئەوا دەیفەرموو: (تَوبًا تَوبًا لِرَبِّنا أَوبًا لا يُغادِرُ علينا حَوبًا) [٢٤]، واتە: تۆبە تۆبە و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگارمان و هیچ تاوانێکی لێ دەرنەچێت ئیلا لێی خۆش بێت.

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە: ئەگەر سەفەری بکردایە وسواری ئاژەڵەکەی ببوایە ئەوا پەنجەی بەرزدەکردەوە و دوعای سەفەری دەخوێند. [٢٥]

٢- ئەگەر بیری چوو دوعای سواربوون و سەفەر بخوێنێت لەسەرەتادا، ئەوا لەمیانەی سەفەرەکەیدا دەیخوێنێت، هەر وەکو (بسم الله) کردن لەکاتی دەستنوێژ و نان خواردندا.

٣- ئەو بڕگەیەی کەلەکاتی هاتنەوە و گەڕانەوەدا دەخوێنرێت کاتێکە کە نزیك دەکەوێتە لەشاری خۆی، لەبەر فەرموودەی: (فَلَمَّا أَشْرَفْنا علَى المَدِينَةِ قالَ ﷺ: آيِبُونَ تَائِبُونَ عَابِدُونَ لِرَبِّنا حَامِدُونَ فَلَمْ يَزَلْ يقولُ ذلكَ حتَّى دَخَلَ

---

(٢٤) أخرجه أحمد (٢٣١١) وحسنه ابن حجر في الفتوحات (١٧٢/٥).

(٢٥) أخرجه الترمذي وحسنه (٣٤٣٨) والنسائي (٥٥٠١)

الَمدِينَةَ)[٢٦] . واتە: کە دەگەڕاینەوە و مەدینەمان لێ دیاربوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: (آيِبُونَ، تَائِبُونَ، عَابِدُونَ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ) بەردەوام دەیووتەوە هەتا دەچووە ناو مەدینەوە.

٤- ئەگەر کەسێك سەفەری کرد و لەشارێکەوە چوو بۆ شارێکی تر هەر لە میانەی سەفەرەکەیدا (سەفەرێکی تری کرد)، ئەوا تەنها دوعای یەکەم جاری کە وتویەتی بەسە، و پێویست ناکات دووجار دوعاکە بڵێتەوە چونکە بەردەوامە لە سەفەرەکەی.

* **تێڕامانێك**: دوعای سەفەر مانای گەورەی هەیە بەشێوەیەك کە پەیوەستە پێکەوە و تەواو گونجاو و سەرنجڕاکێشە، و بریسکە و درەوشانەوەی پێغەمبەرێتی لێ بەدی دەکرێت و تێبینی باوەڕ وئیمانی لێ دەبینرێت و وریایی و بەئاگایی مەزنی لێ دەچۆڕێت.

٥- سوننەت وایە لەسەفەردا زۆر دوعا و داوای لێخۆشبوون بکرێت، چونکە کات و ساتی وەڵامدانەوە و گیرابوونی دوعایە و ساتەوەختی زەلیلی و دڵشکان و حاڵەتی پێویستی مرۆڤ و پەشۆکاوی و داماویە.

(٢٦) أخرجه البخاري (٣٠٨٥).

٦- سوننەتە ئەگەر لە ماڵ و شوێنێك لایدا و دابەزی بڵێت: («أعوذُ بِكلماتِ اللهِ التَّامَّاتِ من شرِّ ما خَلَقَ»، فمن قالها لم يضره شيء حتى يرحل من منزله)[٢٧]. واتە: پەنا دەگرم بە وشە تەواوەکانی خوا لە خراپەی ئەوەی دروستی کردووە، هەرکەس ئەم دوعایە بڵێت ئەوا هیچ شتێك زیانی پێ ناگەیەنێت هەتا لەو شوێنە دەڕوات.

٧- سوننەتە بۆ ڕێبوار کە سەردەکەوێت بۆ شوێنێکی بەرز (الله أكبر) بکات و بۆ شوێنی نزمیش (سبحان الله) بکات.[٢٨]

٨- سوننەتە بۆ ڕێبوار کاتێك دەچێتە ناو شارێکەوە بڵێت: (اللهمَّ ربَّ السماواتِ السبعِ وما أظلَلْنَ، وربَّ الأرضِين السبعِ وما أقلَلْنَ، وربَّ الشياطينِ وما أضلَلْنَ، وربَّ الرِّياحِ وما ذَرَيْنَ، فإنا نسألُك خيرَ هذه القريةِ وخيرَ أهلِها، ونعوذُ بك من شرِّها وشرِّ أهلِها وشرِّ ما فيها)[٢٩].

---

(٢٧) أخرجه مسلم (٢٧٠٨).

(٢٨) أخرجه البخاري (٢٩٩٣).

(٢٩) أخرجه ابن حبان (١٧٠٩) والحاكم (٢٤٨٨) وصححه ووافقه الذهبي، وحسنه ابن حجر في الفتوحات (١٥٤/٥).

٩- سوننەتە بۆ ڕێبوار کە لەکاتی سەحەردا دەستی بە سەفەرەکەی کرد و بڵێت: (سَمِعَ سَامِعٌ بحَمْدِ اللهِ وَحُسْنِ بَلاَئِهِ عَلَيْنَا، رَبَّنَا صَاحِبْنَا وَأَفْضِلْ عَلَيْنَا، عَائِذًا باللَّهِ مِنَ النَّارِ)[٣٠].

۞ ۞ ۞ ۞ ۞ ۞

[٣٠] أخرجه مسلم (٢٧١٨)

## بوونی هاوەڵ و هاوڕێ لە سەفەردا

* مەکروهە مرۆڤ بەتەنها سەفەر بکات ئەگەر پێویستی نەبوو وە هاوڕێی هەبوو، لەبەر ئەوەی نەهی لەسەر هاتووە،[31]، و جگە لەوەش نامۆیی و زاڵ بوونی دز و ڕێگری لێ چاوەڕوان دەکرێت و کەس نییە بچێت بەهانایەوە لە دوای خوا و بەتایبەت لەکاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێکی نەخوازراودا.

**تێبینی:** سەفەرکردنی کەسێك بەتەنیا بە شەقام و فڕۆکە بە سەفەری تەنهاکەسی هەژمار ناکرێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە خەڵکی لە دەوروبەری هەیە، بەڵام ئەگەر ترسی لەخۆی هەبوو لەو هۆکارانەی کە پێشوو باس کران لەهەندێ شوێن لە سەفەرەکەیدا بەتەنهایی ئەوا وا باشترە کە هاوڕێیەك بۆ خۆی دابنێت و پێکەوە لەگەڵیدا سەفەرەکە بکەن ئەگەر دەست کەوت.

* باش وایە کە ئەو کەسەی نیەتی سەفەری هەیە هاوەڵێکی لەخواترس و چاکەویست و ڕق لە خراپە وتاوان هەڵبژێرێت و بەشێوەیەك کە سووربێت لەسەر ڕازی کردنی دڵی هاوڕێکەی و دووبەرەکی لەگەڵدا نەکات و ئارامگر و خۆڕاگربێت لەگەڵیدا و بەسۆز وبەزەیی بێت بۆ ئەو ڕەفتارانەی کە لێوەی

---

(٣١) أخرجه البخاري (٢٩٩٨) والترمذي وحسنه (١٦٧٣).

دەبینێت، و هەردووکیان سنگفراوان بن بەرانبەر بەیەکتر و فەزڵی یەکتر بەسەر یەکەوە ببینن و لەبیری نەکەن.

**إذا صاحبتَ في الأسفار قومـاً    فكن لهم كذي الرحمِ الشفيقِ**

ئاگاداری: ئەو کەسەی بیردەکاتەوە لە حیکمەتی نەهی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوەی مرۆڤ بە تەنها سەفەر بکات، چەندین حیکمەت و نهێنی هەست پێ دەکات لەو کارەدا، چونکە بیستوومانە و بینیمانە ئەوانەی بەتەنها سەفەریان کردووە چەند ڕووبەڕوی مەترسی و کوشتن و دەستدرێژی بوونەتەوە، و کەوتونەتە ناو دۆخی نەخوازراو وبێ دەسەڵاتی و لاوازی و تەنانەت تووشی فەساد و تاوان و لادان بوونە هەرچەندە مرۆڤێکی ژیر وهۆشمەندیش بوون، بۆیە زۆرجار نەفسی مرۆڤ لاواز دەبێت خۆی بەتەنها.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## دەربارەی سەفەر ووتویانە

* ئەوەی بۆ هاوڕێیەتی باش وگونجاو بێت لە سەفەردا، ئەوا باش وگونجاویشە بۆ هاوەڵێتی کردن لە شار و شوێنی نیشتەجێ بووندا، بەڵام دەکرێ ئەوەی گونجاو بێت بۆ هاوڕێیەتی لەشوێنی نیشتەجێ بووندا و گونجاو نەبێت لە سەفەردا.

* سەفەر شاراوەییەکانی ناو دڵ و دەروون دەردەکات و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ ئاشکرا دەکات، و عەلی کوری ئەبی تالب ﵁ دەڵێت: سەفەر میزان وپێوەری خەڵکە.

* پرسیار لە پێشەوای هەردوو حەرەم کرا: بۆچی سەفەر بەشێکە لە سزا وعەزاب؟ دەستبەجێ لە وەڵامدا وتی: لەبەر ئەوەی لێکدابڕانی ئازیزان و دۆستانی تێدایە.

* پیاوەتی لە سەفەردا: بەخشینی ئەوەی پێتە، ناکۆك نەبوون لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەفەردا، و زۆر گاڵتە کردن بەشێوەی دروست و ڕێگەپێدراو، و ئەگەریش لێیان جیابیتەوە باسی چاکە و باشیان بکەیت.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## شەشەم : " مناهدە " و حوکمەکانی

١- پێناسەکەی: وشەی موناھەدە وەرگیراوە لە عەرەبیدا لە " النِّهد " واتە : یارمەتی و ھاوکاری.

لەڕووی زاراوەشەوە واتە دانان و دەرکردنی ھەموو ئەندامانی سەفەر کە پێکەوەن بەشێك لە ماڵ و پارەیان و بەیەکەوە سەرفی بکەن بۆ پێداویستی سەفەرەکەیان لەنێو خۆیاندا.

٢- حوکمەکەی: دروستە، و بۆچوونی ھەر چوار مەزھەبەکەیە، و وتراویشە: سوننەتە، و کۆمەڵێك لە زانایان باسیان کردووە.

وە ئەم شێوازە لە کاری پێکەوەیی ولە مەسروفاتدا باشتر و چاکترە لەوەی ھەر ڕۆژە و مەسروفیان لەسەر یەکێکیان بێت، چونکە سەردەکێشێت بۆ خۆھەڵنان و دروست بوونی کێشە و ناکۆکی و زۆر لەخۆکردن، و ھەروەھا باشتریشە لەوەی یەکێکیان جیابێتەوە و سەربەخۆ خۆی مەسروف و خەرجی خۆی بکات بە جیا.

لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خـــــوا ﷺ دەفەرمویێت: " **إِنَّ الْأَشْـــعَرِيِّينَ إِذَا أَرْمَلُوا فِي الْغَزْوِ، أَوْ قَلَّ طَعَامُ عِيَالِهِمْ بِالْمَدِينَةِ، جَمَعُوا مَا كَانَ عِنْدَهُمْ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ، ثُمَّ اقْتَسَـــمُوهُ بَيْنَهُمْ فِي**

إِنَـاءٍ وَاحِـدٍ، بِـالسَّـــوِيَّـةِ، فَهُمْ مِنِّي وَأَنَـا مِنْهُمْ " {متفق عليـه}. واته: ئه شعەریەکان کاتێك کە توێ شوویان (خواردن وخواردنەوە) پێ نەمێنێت لە شەڕدا یاخود خواردنی منداڵەکانیان کەم ببێتەوە لە مەدینەدا، هەرچیان هەبێت دەیخەنە سەر پارچە پەڕۆیەك و پاشان بەیەکسانی دابەشی دەکەن، ئەوان لەمنن و منیش لەوانـم.

حەسەنی بەصری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: هەریەکەو بەشە پارە وشمەکی خۆی دەربکات لەسەفەردا و پێکەوە خەرجی بکەن بۆ هەمووتان، چونکە ئەوە بەرەکەتدارترە و چاکتریشە بۆ ڕەوشت وئاکارتان[٣٢]، وە بۆ ئەوەی کەستان منەت بەسەر ئەوی تردا نەکات.

٣- ئەم شێوازە لە بنەڕەتدا بۆ سەفەرە، بەڵام دەشکرێت لە شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤیشدا کاری پێ بکرێت و یەکتر بەشدار بکرێت لە خواردن و پارەدا.

٤- یەکسانی پێویست و ویستراو نییە لەسەر بۆچوونی صەحیح و مەزهەبی کۆمەڵێك لە زانایان، چونکە ئەگەر یەکێکیان زیادەی پێویست بوو وە

[٣٢] ذكره ابن حجر وعزاه لأبي عبيد في الغريب، انظر فتح الباري (١٢٩/٥) والنهاية في غريب الحديث (١٣٩/٥)

بڕێك زیادەی بەکارهێنا ئەوا نابێتە ڕیبا و دەچێتە خانەی بەخشینەوە نەوەك " المعاوضات ".

٥- خەرج کردن و سەرف کردنی پارە بۆ هەموویان بەیەکسانیە، و هەموو ئەو شتانەی کە پێویستیان پێیەتی بەشدارن تێیدا، و ئەگەر یەکێکیان بەجیا شتێکی تری ویست ئەوا لە موناهەدەکە دەرناکرێت مەگەر بە ڕەزامەندی هەمووان بێت.

٦- ئەوەی پارەی نەداوە وبەشدار نەبووە دەتوانرێت بخرێتە ناو نەفەقەکەوە و بەشی بدرێت لەکاتی کڕینی شتێکدا بەڕەزامەندی هەمووان.

٧- دەشتنوانرێت خێر وصەدەقەی لێ بکرێت بەڕەزامەندی هەمووان، و ئەم بۆچوونەش کۆمەڵێك لە زانایان بە دەق باسیان کردووە.

٨- ئەوەی دەمێنێتەوە لەو شتومەك و پارەیە لە دوای گەڕانەوە لە سەفەر، دوو حاڵەتی بۆ هەیە:

**یەکەم**: ئەگەر بەیەکسانی بەشداریان کردبێت لەسەرەتاوە، ئەوا ئەوەی ماوەتەوە بەیەکسانی دابەشی دەکەنەوە بەسەر خۆیاندا.

دووەم: ئەگەریش بەشداری کردنەکەیان جیاواز بووە ئەوا بەپێی ئەوەی لەسەری ڕێك دەکەون، و ئەگەریش ڕێکنەکەوتن ئەوا بەیەکسانی دابەشی دەکەن، چونکە ئەو کەسەی بەزیادەوە بەشداری کردووە بەشێوەی بەخشین و بەئارەزوومەندانە زیادەی داوە نەوەك لەچاوەڕوانی ئەوەی زۆرتری بۆ بێتەوە.

٩- ماڵ و پارەکە لای کەسێك دادەنرێت کە هەستێك بە پاراستنی و سەرف کردنی بە ئەمانەتەوە.

١٠- ڕێسا و بنەمای هەموو ئەوانەی کە باس کران بریتیە لە ڕەزامەندی و عورف و چاوپۆشی.

❁❁❁❁❁❁

## حەوتەم: بابەتەکانی بیروباوەڕ

١- سەفەرکردن بۆ شارو وڵاتی بێباوەڕان دروست نییە بەچەند مەرجێك نەبێت:

أ- سەفەر و مانەوەکەی بۆ پێویستیەك بێت.

ب- ئەوەندە ئیمان و باوەڕی هەبێت کە بەرەنگاری شەهوە و ئارەزووبازیان بێتەوە و ئەوەندەش زانستی هەبێت بتوانێت بەرانبەر گومان و گومڕاییەکانیان بێتەوە وکاریگەری لێ نەکات.

ج- بتوانێت دروشمە ئاینیەکانی خۆی لەو وڵاتەدا بەئاشکرا پەیڕەو بکات.

بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: (أنا بريءٌ من كلِّ مسلمٍ يُقيمُ بين أظهرِ المشركينَ)[٣٣]، واتە: من بەریئم لە هەموو موسڵمانێك کە لە نێو بێباوەڕ و هاوبەش پەیداکەراندا دەمێنێتەوە و دادەنیشێت.

[٣٣] أخرجه أبوداود (٢٦٤٥) وصححه ابن دقيق العيد في الإلمام (٨٨٦) وغيره، وفي أدلة الشرع وقواعده ما يؤيده وإن أرسله بعض أهل الحديث.

جا مانەوە لێرەدا مەبەستی بەڕەهاییە نەوەك مانەوەی هەمیشەیی و پەیوەستە بە زەرورەتەوە.

٢- سەفەرکردن بۆ ئەو وڵاتەی کە شەڕ و خراپە تێیدا بەربڵاوە، بۆ خۆشی و گەشت و گوزار دروست نییە ئەگەر کەسەکە ترسا و گومانی ئەوەی هەبوو کە تووشی فەساد و تاوان بێت.

٣- ڕۆیشتن بۆ شوێنی ئەو گەلانەی کە سزادراون ئیتر بە سەفەر بێت یان بێ سەفەر وەکو مەدائنی صالح بۆ گەشت وگوزار و سەرسام بوون پێی دروست نییە، بەڵام بۆ پەند لێ وەرگرتن و تەمێ بوون ئاساییە و هیچی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی لە پێغەمبەری خواوەﷺ هاتووە[٣٤].

**سەرنج**: سەفەرکردن بۆ سەر دەریای مردوو دروستە، لەبەر نەهاتن و نەبوونی بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەو شوێنە شوێنەواری سزادانی گەلی - لوط - ە.

---

[٣٤] رواه البخاري (٤٤١٩)

٤- سەفەرکردن و دەرچوون لەو شار وولاَتەی کە پەتای تێدایە چەند حالەتێکی هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر مەبەســـــت لە دەرچوونی ئەوە بێت کە ڕابکات و قوتاربێت لە تووش بوون بە پەتا، ئەوا دروســـــت نییە، لەبەر فەرموودەی: (**إذا سَمِعْتُم بالطَّاعُونِ بأَرْضٍ فلا تَدْخُلُوها، وإذا وقَعَ بأَرْضٍ وأَنْتُمْ بها فلا تَخْرُجُوا مِنْها** )[٣٥]. واتە: ئەگەر بیســـــتتان پەتا بڵاوبۆتەوە لە خاکێکدا (شـــار یان وڵات) ئەوا مەڕۆنە ناویەوە، و ئەگەریش لە شوێنێکدا سەری هەڵدا وبڵاوبوویەوە کە ئێوەی تێدابوون ئەوا لێی دەرمەچن.

**دووەم:** ئەگەر بۆ وەرگرتنی چارەسەر دەرچوو ئەوا دروستە.

**سێ یەم:** ئەگەر بۆ پێویستیەکی گرنگ دەرچوو، وە مەبەستی ڕاکردن نەبوو لە پەتا ئەوا دروستە.

**چوارەم:** سەفەرکردن بۆ ئەو شارەی پەتاکەی تێدایە دروست نییە، لەبەر ئەو هۆکارەی کە باس کرا، وتراویشە: دروستە لەگەڵ کەراهەتدا بۆ

[٣٥] رواه البخاري (٥٧٣٠)

کەسێك کە تەوەکول و ئارام گرتنی بەهێز بێت و هاوکات لەگەڵ گرتنەبەری هۆکارەکاندا.

٥- سەردانی کردنی شوێنەوار دوو حاڵەتی هەیە:

**یەکەم**: سەفەرکردن لەپێناویدا، چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ – ئەگەر بۆ مەبەستی خواپەرستی بێت ئەوا دروست نییە، چونکە موسڵمان بەپێی شەرع نەبێت خواپەرستی ناکات.

ب- ئەگەر بۆ مەبەستی گەشت وگوزار و زانیاری وەرگرتن بێت ئەوا دروستە بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

أ- مەبەستی ئەوە نەبێت بەو سەردانی کردنەی لەخوا نزیك دەبێتەوە و تەبەڕوکی پێ بکات، چونکە خواپەرستی دروست نییە وەرناگیرێت بەو شێوەیە نەبێت کە خوا شەرعاندوویەتی.

ب- مەبەستی لەسەردانی کردنی بەگەورەدانانی نەبێت.

ج- ئەو شوێنە دیاردە و شوێنەواری حەرامی تێدا نەبێت لە شیرك و بیدعە و ئەمیش نەتوانێت بیگۆڕێت.

دووەم: سەردانی کردنی بەبێ ئەوەی سەفەری بۆ لا بکەیت دروستە بەو مەرجانەی باس کران.

٦- سەردانی کردنی مەزار و گڵکۆ و گۆڕ بۆ ئەوەی تەبەڕوك بەخۆیان یان مردووەکانی ناویان بکەیت یان دەستیان پێدا بهێنێت و پێتیش وەها بێت کە ئەو کارە سوننەت و شەرعیە، وەکو ئەشکەوتی سەور وحیراء وشاخی ئوحود و کێوی عەرەفە و دیمەنی حوسەین و زەینەب وصلاح الدین و البدوی و هاوشێوەکانی دروست نییە، و نوێژکردن ودوعاکردن لایاندا، و تەواف کردن بەدەوریاندا و زیکردکردن و بردنی خۆڵەکەی بۆ شیفا، هەموو ئەمانە دروست نین، چونکە لە بیدعە و خراپەکارین و هیچ یەکێك لە هاوەڵان کە باشترین و زاناترین و لەخواترسترین جیلن ئەم کارانەیان نەکردووە.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## سەفەر بۆ وڵاتی بێباوەڕان

خەڵکی تاڕادەیەکی زۆر سەریان کردۆتە سەفەرکردن بۆ هەندێ لە وڵاتە بێباوەڕەکان و ئەو وڵاتانەی کە پڕن لە خراپە و تاوان بەئاشکرا و لە شوێنە گشتیەکان و تاوانی تاکەکەسیش، هاوکات بەبێ ئەوەی ئەم کەسانەی کە بۆی دەچن پارێزەرێکی ئیمانی وەهایان هەبێت کە بتوانن خۆیان بپارێزن، و تەنانەت وای لێ هاتووە سەفەرکردن بۆ ئەو جۆرە شوێن و وڵاتانە بووەتە جێگای کێبڕکێ و شانازی وپیاهەڵدان و خوویان گرتووە بە سەردانی کردنی شوێنەکانی تاوانکاری وەکو بازاڕەکان و کەناری دەریاکان لەگەڵ ئەو هەموو حەرام و سەرپێچیانەی کە لەوێدان، و خوای پەروەردگار تووڕە دەکەن، و هەموو ئەمانەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر مرۆڤ و چاکبوونی دڵ و ناخی و ئەوەشی لەگەڵیدایە لە خێزان و منداڵ و هاوڕێی، جا وریا و هۆشیاربن لەو کارە، چونکە مرۆڤ لاوازە و زوو کاریگەر دەبێت بەوەی دەیبینێت وبەرچاوی دەکەوێت، و هیچ شتێکیش لەمرۆڤدا نییە ئەوەندەی ئیمان و دڵی گەورە و بەنرخ بێت کە هۆکاری چاکبوونی ژیان و قیامەتیتی.

جا با ئەوانە بزانن کە ئەوەی دەیڕوخێنن و وێرانی دەکەن زۆر زیاترە لەوەی بونیادی دەنێن و دروستی دەکەن لە خۆیان و خێزانیاندا.

ئەوەش بزانن کە ئەگەر هەر سوورن لەسەر ئەو کارەیان و بەردەوامن لەسەفەر کردن بۆ ئەو وڵاتانە ئەوا با سووریش بن لەسەر پاراستنی ئیمان و دین و ڕەوشت و بیروباوەڕیان، و دووربکەونەوە لەو شوێنانەی کە حەرام و سنوور شکاندنی خوای تێدایە و خۆیان نەدەن بەدەست حەز و ئارەزووەکانیانەوە و فریو نەخۆن و بەدڵی بەتاڵ لە ئیمان و جەستەی خاڵی لە ڕەوشتەوە نەگەڕێنەوە و دواتر ببنە هۆکاری فەساد و فیتنەش بۆ خۆیان و دەوروبەریان لە شار و وڵاتی خۆیان.

وە بیانوو هێنانەوەش بەوەی کە لەشار و وڵاتەکەی خۆیانیش هەر فەساد و خراپە و تاوانکاری هەیە، جا لە وەڵامی ئەوەدا دەوترێت: جیاوازی هەیە لەنێوان فەسادێك کە خۆت تووش بکەیت وبۆی بڕۆیت وفەسادێکیش کە هەمیشەیی و بنەڕەتیە و دەتوانیت خۆتی لێ لادەیت و لەنێوان کەم و زۆر، لەگەڵ ئەمەشدا بەرەهایی دروست و ڕێگەپێدراو نییە لەشوێنی فەساد و تاواندا دابنیشیت و ئامادەییت هەبێت بە دەقی قورئان و سوننەت مەگەر ئەوەی شەرع

ڕێگەی دابێت بۆ پێویستیەك، جا هەركەس زۆر سەرقاڵی ئەو جۆرە سەفەر و تەماشاكردنی دیمەنانە بێت ئەوا گەورەیی و ترسناكی تاوان لەدڵ و مێشكیدا كەم دەبێتەوە و بوێری پەیدا دەكات بۆ ئەنجامدانی گوناه و سەرپێچی.

**ئەی ڕێبوار:** با هەمیشە غەریزەی ئیمان وپاكی فیترەتت ئامادەبێت و لەبیری نەكەیت، و لەو شوێن و حاڵەتانەدا خۆت و خوات لەبیر بێت و بزانە كە تۆ موسڵمانێكی هیدایەت دراویت و ئەو بەخششە خواییە بە هەرزان و خۆڕایی لەدەست مەدە و مەیڕوشێنە و پەردەی شەرم هەڵمەدەرەوە و ببی بەكەسێكی تر بە نەزەر كردن و تێكەڵاوی و تەنانەت بەریەك كەوتنی نامەحرەم و گوێبیست بوونی گۆرانی و مۆسیقا وخواردن وخواردنەوەی حەرام، چونكە هەر كەس توخنی ئەمانە بكەوێت ئەوا دڵنیابە شەیتان بەو ئەندازە و قەبارەیە لێی ناوەستێت و ڕازی نییە و وازی لێ ناهێنێت هەتا تووشی تاوانی گەورەتر و ترسناكتری نەكات و بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە زۆرە و نامەوێت چیرۆك وبەسەرهات بگێڕمەوە، ئەشێ خۆتیش نمونەت لا بێت لەسەر ئەوە.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## هەشتەم: حوکمەکانی پاك و خاوێنی

١- میزکردن بەناو دەریادا دروستە، بەڵام بۆ ناو ڕووباری بچووك کە ڕۆیشتنی هێواش و لەسەرخۆیە و گۆم کە ئاوەکەی ناڕوات و هاوشێوەکانی دروست نییە، لەبەر خێرا پیس بوونی و لەبەر ئەوەش بەزۆری ئەم ئاوانە بەکاردەهێنرێت لەلایەن خەڵکەوە.

٢- پیسایی کردن لەناو ئاودا حەرامە ئیتر کەم بێت یان زۆر، ڕێ بکات یان وەستاو بێت، وەکو گۆم و ڕوبار و کانی و جۆگەی بچووك، چونکە خراپ و تێکی دەدات، و جگە لەوەش ئەو ئاوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام بۆ ئاوی دەریا حەرام نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەکەنار دەریاکان نەبێت بۆ ئەوەی تێکی نەدات و ئازاری خەڵکی نەدات.

٣- سەرئاو کردن لەو شوێنەی کە سێبەرە و شوێنی حەوانە وپشودانی خەڵکیە و ڕێرەوی پیادەیە حەرامە، بە یەکدەنگی زانایان، لەبەر فەرموودەی: **(اتَّقُوا اللَّعَّانَيْنِ قالوا: وَما اللَّعَّانَانِ يا رَسُولَ اللهِ؟ قالَ: الذي يَتَخَلَّى في طَرِيقِ النَّاسِ، أَوْ في ظِلِّهِمْ)**[٣٦]. واتە: خۆتان بپارێزن لەو دوو نەفرەت لێکراوە

(٣٦) أخرجه مسلم (٢٦٩) .

وتیان: ئەو دوو نەفرەت لێکراوە چین ئەی پێغەمبەر(ﷺ)؟ فەرمووی: ئەوەی لەسەرە ڕێگای خەڵکیدا پیسی دەکات، یان لەسێبەرەکانیاندا. (کەجێگای دانیشتنی خەڵکە).

٤- سەرئاو کردن و پیسایی کردن لە ژێر درەختی بەرداردا حەرامە، چونکە ئازاری خەڵکی دەدات و بەرهەمی درەختەکەش خراپ دەکات و دەستدرێژیە بۆ سەر مافی خەڵکی.

٥- هیچی تێدا نییە ئەگەر سەرئاو بکرێت لەژێر دارێکی بێ بەرهەم و بەروبومدا، و خەڵکی بۆ سێبەر و پشوودان بەکاری نەهێنن.

٦- واجبە لەسەر ئەو کەسەی دەیەوێت سەرئاو بکات خۆی بشارێتەوە و کەس نەیبینێت، و دوور بێت لەچاوی خەڵکی، و ئەمەش بەیەکدەنگی زانایان، لەبەر ئەو نەهیەی کە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: (لا يَنْظُرُ الرَّجُلُ إلى عَوْرَةِ الرَّجُلِ)[٣٧]. واتە: پیاو نابێ سەیری عەورەتی پیاو بکات.

[٣٧] أخرجه مسلم (٣٣٨).

٧- دروست نییە موسڵمانی ژن یان پیاو تەماشای عەورەتی کەسی بێباوەڕیش بکەن چ ژن بێ یان پیاو، لەبەر گشتێتی ئەو نەهیەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە.

٨- دەستنوێژ گرتن لە ئاوی دەریا و ڕووبار و دۆڵ و گۆم و جۆگە و کانی دروستە بەیەکدەنگی زانایان.

٩- دەستنوێژ گرتن بە ئاوی ڕەنگ تێکچوو بە ڕەنگی دار ودرەخت و قەوزە و خۆڵ و قوڕ و ئاوی زۆر ماوە و پوش وپەڵاش بەسەریەوە بێ دروستە بەیەکدەنگی زانایان.

١٠- دەستنوێژگرتن بە ئاوێك کە بۆنی گۆڕاوە بە پیسی خاکی دەوروبەری دروستە، بەڵام ئەگەر تام و بۆنی گۆڕابوو ئەوا دەستنوێژی لێ ناگیرێت بە یەکدەنگی زانایان.

١١- ئەگەر گومانی لەئاوێك هەبوو بەوەی کە ئایا پاکە یان پیسە و پێشتریش نەیدەزانی حاڵی ئاوەکە چۆن بووە، ئەوا دروستە دەستنوێژی لێ بگیرێت، چونکە لەبنەڕەتدا پاکە.

١٢- ئەگەر خۆشۆردن واجب بوو لەسەر کەسێکی ڕێبواری لەشگران لەسەفەرەکەیدا لە سەرمای زۆردا و نەیتوانی ئاو بەکاربهێنێت لەبەر نەخۆشی و هۆکارێکیش نەبوو بۆ گەرم کردنی ئاو یان ترسا کاتی نوێژەکەی نەمێنێت بە ئاو گەرمکردن، ئەوا دروستە بۆی تەیەموم بکات(*)، وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، وە ئەگەر کەمێك ئاوی لابوو بەڵام بەشی خۆشۆردنی نەدەکرد، ئەوا دەستنوێژی پێ دەگرێت و تەیەمومیش دەکات لەبری خۆشۆردنەکە، و هەرکات توانی ئاو بەکاربهێنێت ئەوا واجب دەبێت لەسەری خۆی بشۆرێت.

١٣- تەیەموم بە خۆڵ دەبێت لەکاتی نەبوونی ئاو یان نەبوونی توانا بۆ بەکارهێنانی ئاوەکە لەبەر نەخۆشی و هاوشێوەکانی، و ئەگەریش خۆڵ دەست نەکەوت ئەوا دەست دەکێشیت بەسەر زەویەکەدا.

(*)ئەگەر وەسیلە و ئامێری ئاوگەرم کردن بەردەست بوو ئەوا نابێت بڵێت لە بەر ئەوەی ماوەیەکی کەم ماوە بۆ ئەوەی خۆر هەڵبێت تەیەموم دەکەم و نوێژەکەم دەکەم ! بەڵکو دەبێت ئاو گەرم بکات و خۆی بشوات ئەنجا نوێژەکەی بکات با خۆریش هەڵبێ (ئەمە فەتوای شێخ ئەلبانی یە ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبی (تـمام المنة) ص: (١٣٢))وەرگێڕ

١٤- ڕێبواری نێو فڕۆکە یان لەشوێنێك کە ئاو و شتێکی دەست نەکەوێت کە تەیەمومی پێ بکات، ئەوا بەگوێرەی حاڵی خۆی نوێژ دەکات، ئەمەش بابەتێکە لە زانستی فیقهدا پێی دەوترێت: " **فاقد الطهورين** " لەبەر ئەم ئایەتە: (**فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ** ).

١٦- تەیەموم کردن بە دیواری فڕۆکە و ڕاخەرەکەی و کورسیەکانی دروست نییە، وئەمەش بۆچوونی هەرچوار مەزهەبەکەیە، چونکە ئەوە ڕووی زەوی و بەشەکانی نییە.

١٧- ڕێبوار مەسح لەسەر خوفەکانی دەکات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و شەوەکانی، و بۆ کەسی نیشتەجێیش (موقیم) بۆ ماوەی یەك ڕۆژ و شەو، و لەسەرەتای یەکەم مەسح کردنەوە دەست پێ دەکات لە دوای لەپێکردنی و ئەمەش بۆچوونی کۆمەڵێك لە زانایانە.

١٨- ئەگەر کەسێك مەسحی کرد و لەو کاتەدا نیشتەجێ بوو پاشان سەفەری کرد، ئەوا مەسحی ڕێبواری بۆ هەیە، و ئەمەش بۆچوونی زۆربەی زانایانە.

١٩- ئەگەر لەکاتی سەفەردا مەسحی کرد وپاشان نیشتەجێ بوو ئەوا مەسحی کەسی نیشتەجێی بۆ هەیە و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

٢٠- ئەگەر دەستنوێژی شکا و نیشتەجێ بوو پاشان سەفەری کرد پێش ئەوەی مەسح بکات ئەوا مەسحی ڕێبواری بۆ هەیە بەیەکدەنگی زانایان.

٢١- ئەگەر خوفەکانی لەپێکرد و پاشان سەفەری کرد پێش ئەوەی دەستنوێژی بشکێت ئەوا مەسحی ڕێبواری بۆ هەیە وبەیەکدەنگی زانایان.

٢٢- ئەگەر دوودڵ و گومانی هەبوو لە سەرەتای دەستپێکردنی مەسحەکەی بەوەی کە ئایا ئەو کات موقیم بوو یان ڕێبوار؟ ئەوا مەسحی موقیم دەکات بۆ دڵنیایی.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## نۆیەم: حوكمەكانی بانگ دان

٢٣- بانگدان و قامەت كردن بۆ نوێژی جەماعەت وتاكی ڕێبواران سوننەتە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

٢٤- ئەگەر نوێژكرا بەبێ بانگ وقامەت یان تەنها بە قامەت ئەوا تەواوە و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

٢٥- ئەگەر ڕێبواران چوونە مزگەوێتەوە و بانگ درابوو ئەوا تەنها قامەت دەكەن، بۆ ئەوەی سەرلێشێوان لای خەڵكی دروست نەبێت.

٢٦- بانگ دان بۆ ڕێبوارێك كە سواری ئۆتۆمبێل یان فڕۆكە و هاوشێوەكانی بووە دروستە.

٢٧- بانگ دان لە نێو فڕۆكەدا بە دانیشتنەوە بەهۆی عوزرەوە دروستە و بەبێ عوزریش دروستە لەگەڵ كەراهەتدا، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

٢٨- ڕووكردنە قیبلە لەكاتی بانگ داندا سوننەتە، و یەكدەنگی لەسەر هاتووە، و بەبێ ڕووكردنە قیبلەش هەر دروستە لەگەڵ كەراهەتدا[٣٨].

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

[٣٨] ینظر كتاب (زاد المؤذن) للمؤلف.

## دەیەم: حوكمەكانی نوێژ

٢٩- عەورەت داپۆشین لە ناوكەوە هەتا ئەژنۆ مەرجە لە نوێژدا، و ئەگەر نوێژ بكات و بەشێك لە گیانی لەسەرووی ناوكەوە بۆ سەرەوە بەدەرەوە بێت ئەوا نوێژەكەی دروستە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، بەڵام باشتر وایە داپۆشرێت ئەگەر توانرا، وەكو ئەدەبێك لەگەڵ خوای گەورەدا و بۆ دەرچوون لە ڕاجیاوازی زانایانیش و مەكروهـ بوون.

٣٠- گەڕان بە دوای ئاڕاستەی قیبلەدا بە پرسیاركردن و هۆكاری تر لەكاتی سەفەردا و لەناو و دەرەوی شار واجبە، چونكە نوێژكردن بەرەو قیبلە مەرجە لە نوێژدا.

٣١- ئەگەر بەبێ گەڕان و لەتوانایشیدا هەبوو ئاڕاستەی قیبلە بدۆزێتەوە كەچی نەیكرد و هەر لەخۆیەوە نوێژەكەی بەرەو ئاڕاستەیەك كرد، ئەوا نوێژەكەی دووبارە دەكاتەوە و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

٣٢- ئەگەر لەدوای هەوڵدان و گەڕان نوێژی كرد و ڕووی لە قیبلە نەكرد، ئەگەر لە سەفەردا و لەمیانەی ڕێگادا یان لەدەرەوەی شار بوو ئەوا دووبارە كردنەوەی نوێژی لەسەر نییە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

٣٣- ئەگەر لەدوای هەوڵدان و گەڕان نوێژی کردو ڕووی لە قیبلە نەکرد و ڕێبواریش بوو بەڵام لەناو شاردا بوو، ئەوا دووبارەکردنەوەی نوێژی لەسەر نییە ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە. چونکە ئەوەی لە توانایدا بووە ئەنجامی داوە.

٣٤- ئەگەر کەسێکی نیشتەجێی شار ئاڕاستەی قیبلەی بە ڕێبوارەکە وت و ئەمیش بۆی دەرکەوت کە هەڵە بووە لە نوێژەکەیدا، ئەوا نوێژ دووبارەکردنەوەی لەسەر نییە و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، چونکە ئەوەی لە توانایدا بووە ئەنجامی داوە.

٣٥- بۆچوون و وتەی کەسی بێباوەڕ وەرناگیرێت لە دیاری کردنی ئاڕاستەی قیبلەدا و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، چونکە ئەمە لەکاروباری دینە نەوەك مامەڵە، وتراویشە: وتەکەی وەردەگیرێت ئەگەر متمانەپێکراو بوو لە وتە و ڕەفتاریدا، و ئەمەش صەحیح و دروستە بەتایبەت لە ئۆتێلەکاندا.

٣٦- ئەگەر ڕێبوار چووە ناو نوێژەوە لەگەڵ ئیمامێکی نیشتەجێدا ئەوا نوێژەکەی تەواو دەکات لەگەڵیدا بەچوار ڕکاتی، پاشان ڕێبوار دروستە بۆی

بەتەنها خۆی یان لەگەڵ کۆمەڵێکی تری ڕێبواردا هەستنەوە بۆ جەمع کردنی نوێژی دواتر (واتە گەر لەگەڵ ئیمام نوێژی نیوەڕۆی کرد ئەوا چوار ڕکات دەکات و دواتر خۆی بەتەنها یان گەر کۆمەڵێک بون دەتوانن نوێژی عەسر بکەن بە قەسر و جەمع).

٣٧- نوێژکردن لە کەشتیدا ئەگەر سوننەت بوو ئەوا ڕووکردنە قیبلە مەرج نییە، بەڵام ئەگەر نوێژی فەرز بوو ئەوا وەستان و تەواوکردنی ڕکوع و سوجدە و ڕووکردنە قیبلەش مەرجن، ئەگەریش کەشتیەکە ئاڕاستەی قیبلەی گۆڕی و ئەمیش لەناو نوێژەکەدا بوو ئەوا ئەگەر بۆی کرا و توانی هەر لەناو نوێژەکەیدا ڕوودەکاتە ئاڕاستەی قیبلە، چونکە واجبە لەگەڵ توانیندا، ئەگەریش نەیتوانی ئەو کارە بکات ئەوا لەسەری دەکەوێت و هیچی تێدا نییە ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

٣٨- نوێژە سوننەتەکان بۆ ڕێبوار - سوننەتی ڕەها و ویتر و چێشتەنگا و شەونوێژ - سوننەتە، وە نەکردن و وازهێنان لە سوننەتەکانی ڕەواتب جگە لە سوننەتی نوێژی بەیانی سوننەتە، و ئەمەش مەزهەبی هەندێ لە زانایانە، وەکو شوێنکەوتنێك بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەفەرەکانیدا و سوننەتی

ڕێگەپێدراو و ڕوخصەت دراوە وەکو نوێژ کورت کردنەوە[39]، وە ڕێبوار بۆی هەیە نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران و تەراویحیش بکات بە جەماعەت یان بەتەنها، پیاو بێت یان ئافرەت، وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، چونکە سوننەتی ڕەهایە.

٣٩- مانەوە دوای نوێژی بەیانی تا خۆرهەڵهاتن کە پێی دەوترێت " جلسة الإشراق " و دواتر ئەنجامدانی دوو ڕکات بۆ ڕێبوار سوننەتە، ئیتر لەنێو فڕۆکە بێت یان لەنێو ئوتێل و شوێنی تر، و بە جەماعەت یان بەتەنها بیکات بۆی هەیە و ئەو پاداشتەی کە بۆ خواپەرستیە دانراوە دەیگرێتەوە، لەبەر گشتێتی ئەم فەرموودەیە : (**من صلَّى الغداةَ في جماعةٍ ثمَّ قعدَ يذكرُ اللَّهَ حتَّى تطلُعَ الشَّمسُ ثمَّ صلَّى ركعتينِ كانت لهُ كأجرِ حجَّةٍ وعُمرةٍ تامَّةٍ تامَّةٍ تامَّةٍ**)[40] . واتە: " ئەوەی نوێژی بەیانی بە جەماعەت ئەنجام بدات، پاشان دانیشێت زیکری خوا بکات هەتا خۆر هەڵدێت، پاشان دوو ڕکعات نوێژ بکات،

---

[39] أخرجه مسلم (٦٨٩) ، وتراوە: سوننەتە ئەنجامی بدات وەکو مانەوە لەسەر ئەصڵ ، وئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە، لەبەر کردنی ئەو کارە لەلایەن کۆمەڵێك لە هاوەڵانەوە.

(٤٠) أخرجه الترمذي (٥٨٦) وحسنه ابن حجر في تخريج المشكاة (٤٣٤/١) ،ينظر (بغية المشتاق في أحكام جلسة الإشراق) للمؤلف .

ئەوا وەکو پاداشتی حەج و عومرەیەکی تەواوی تەواوی بۆ هەیە
".

٤٠ – کامیان باشترە: ئەنجامدانی نوێژی ویتر پێش ئەوەی بچیت بۆ سەفەر لەسەرەتای شەووەو و بەهەموو مەرجەکانیەوە یان دواخستنی بۆ کۆتایی شەو لە نێو فڕۆکەدا و بەدانیشتنەوە؟

بابەتەکە دوو ئەگەر هەڵدەگرێت: وتراوە: مرۆڤ ئەوە ئەنجام دەدات کە بۆ دڵی باش و گونجاوە، چونکە چاککردنی دڵ و ناخ لە پڕبایەخترین و گرنگترین بابەتەکانە و مەبەست وئامانجە لە خواپەرستیدا.

٤١- ئەوەی دێت بۆ مەککە و ڕێبوارە ئەوا باشتر وایە بۆی نوێژی سوننەتی ڕەها زۆر بکات، چونکە مادام سوننەتی ڕەواتبەکان بۆی سوننەت نییە، لەبەر ڕێبوارێتیەکەی، ئەوا چاك وایە ئەو هەلە بقۆزێتەوە بە ئەنجام دانی نوێژێکی زۆری سوننەتی ڕەها.

٤٢- ئەگەر کاتی نوێژ هات و ئەمیش هێشتا لە نێو شارەکەی خۆیدا و دەیەوێت سەفەر بکات و شاری جێ نەهێشتووە، ئەوا ڕوخصەتەکانی سەفەر نابات و وەکو نوێژ کورت کردنەوە، چونکە بە بەجێ هێشتنی بینای شار و

ئاوەدانی سەفەر دەست پێ دەکات و یەکدەنگی زانایانیش لەوبارەیەوە گێڕدراوەتەوە.

٤٣- ئەگەر سەفەری کرد و بینا و ئاوەدانی شاری بەجێ هێشت دوای ئەوەی کاتی نوێژیش هاتبوو ئەوا نوێژ کورت دەکاتەوە، و ئەگەریش گەڕایەوە نێو شارەکەی خۆی دوای ئەوەی کاتی نوێژ هاتووە ئەوا نوێژکورت ناکاتەوە و بەڵکو بە تەواوی دەیکات، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە، چونکە عیبرەت بە کاتی ئەنجامدانی نوێژە نەوەك کاتی هاتنی نوێژ.

٤٤- ئەگەر فڕۆکەخانە لە دەرەوەی شاربوو ئەوا ڕێبوار نوێژ کورت دەکاتەوە ئەگەر بەدڵنیاییەوە بلیتی بڕیبوو سەفەری دەکرد، بەڵام ئەگەر لەچاوەڕوانیدا بوو ئەوا نوێژ کورت ناکاتەوە، چونکە هێشتا دڵنیا نییە لە سەفەرەکەی.

٤٥- ئەگەر فڕۆکەخانە لەنێو شاردا بوو ئەوا نوێژ کورت ناکاتەوە، ئیتر دڵنیابێت لەسەفەرەکەی یان لە چاوەڕوانیدا بێت، چونکە هێشتا سنووری ئاوەدانی و بینای شاری بەجێ نەهێشتووە.

٤٦- ئەگەر لەنێو فڕۆکەکەدا نوێژی فەرزی کرد بە کورت کراوەیی و لەو کاتەشدا فڕۆکەکە گەیشتە سنووری بینای شارەکە بەئاسۆیی ئەوا نوێژەکەی بە تەواوەتی " چوار ڕکاتی " دووبارە دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی سەفەر کۆتایی هاتووە.

٤٧- ئەگەر نوێژێکی لەنێو شارەکەی خۆیدا لەبیرچوو وە نەیکرد و لە سەفەردا کەوتەوە بیری و کاتەکەشی نەماوە، ئەوا ئەو نوێژە بە تەواوەتی " چوار ڕکاتی " دەکات کە لەدەستی چووە، وئەمەش بۆچوونی هەرچوار مەزهەبەکەیە.

٤٨- ئەگەر نوێژێکی لەسەفەردا لەبیرچوو و لەدوای گەڕانەوەی لەسەفەرەکەی لەنێو شاری خۆیدا کەوتەوە بیری و کاتەکەشی نەماوە ئەوا بە کورت کراوەیی ئەو نوێژە ئەنجام دەدات، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

٤٩- ئەگەر لە سەفەردا نوێژی سەفەری لەبیرچوو ئەوا هەر بە کورت کراوەیی ئەنجامی دەدات و دەیگێڕێتەوە.

٥٠- دووبارەکردنەوەی نوێژی جەماعەت لە یەك مزگەوتدا و لەیەك کاتدا، کارێکی ناشەرعیە، و هیچ بنچینەیەکی نییە لە کرداری سەلەف و

ئەگەریش هەرکەسێك نوێژیشی بەو شێوەیە کرد ئەوا نوێژەکەی صەحیحە و تەواوە.

٥١- نیەتی نوێژکورت کردنەوە: مەرج نییە لە نوێژدا، چونکە ئەوە ئەصڵە، و کۆمەڵێك لە زانایان وای بۆچوون، و چەند بابەتێکیش لەسەر ئەمە بونیاد دەنرێت، و نیەت هیچ کاریگەری نییە لە نوێژ بەتەواوەتی کردن یان کورت کردنەوەیدا لەسەر وتەی صەحیح، ئەو بابەتانەش:

أ- ئەگەر کەسەکە لەپشت ئیمامەوە نیەتی نوێژی تەواو " إتمام "ی هەبوو وە ئیمامەکەش نوێژی کورت کردەوە ئەوا ئەمیش وەکو ئەو کورتی دەکاتەوە و سەلام دەداتەوە.

ب – ئەگەر کەسەکە نیەتی قەصری هەبوو، وە ئیمامەکەی إتمامی کرد ئەوا ئەمیش إتمام دەکات چونکە پابەندی ئیمام دەبێت.

ج – ئەگەر چووە ناو نوێژەوە و نیەتی قەصر یان إتمامیشی نەبوو وە دوو ڕکاتی کرد، ئەوا نوێژەکەی تەواوە، ئیمام بێت یان لەپشتی ئیمامەوە نوێژخوێن بێت.

د- ئەگەر نوێژی لەپشت کەسێکەوە کرد و نەیزانی ئیمامەکە موقیمە یان ڕێبوار؟ ئەوا ئیمام هەرچی کرد ئەمیش پەیوەستە پێیەوە و شوێنی دەکەوێت.

هـ- ئەگەر ڕێبوار نیەتی إتمامی هەبوو ئیتر ئیمام بێت یان بەتەنها بۆ خۆی نوێژی کرد، پاشان بیری کەوتەوە کە ئەو ڕێبوارە ئەوا نوێژ کورت دەکاتەوە "قەصر " دەکات.

٥٢- نوێژە چوار ڕکاتیەکان کورت دەکرێنەوە بۆ دوو ڕکات، بەڵام نوێژی بەیانی و مەغریب کورت ناکرێنەوە، بەیەکدەنگی زانایان.

٥٣- ئەگەر نوێژی مەغریبـی کورت کردەوە بۆ دوو ڕکات و نەیزانی کە کورت ناکرێتەوە، ئەوا نوێژەکەی بەتاڵە و دەبێت دووبارەی بکاتەوە.

٥٤- ئەگەر ڕێبوار دوو ڕکاتی خۆی کرد و پاشان بیری چوو هەستایەوە بۆ ڕکاتی سێ یەم، ئەوا دەگەڕێتەوە و سوجدەی سەهو دەبات، ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

٥٥- ئەگەر ڕێبوارێك پێشنوێژی بۆ کۆمەڵێك ڕێبوار کرد و بیری چوو، وە چوار ڕکاتی کرد، ئەوا ئەوانەی لە پشتیەوە نوێژ دەکەن پابەند نین پێیەوە و

بۆیان هەیە شوێنی نەکەون و لێی جیابنەوە، وە ئەگەریش شوێنی بکەون و چوار ڕکات بکەن ئەوا نوێژەکەیان بەتاڵ نابێتەوە.

٥٦- ئەگەر ڕێبوار نیەتی قەصری هەبوو، پاشان بیری چوو، وە نوێژی بەچوار ڕکاتی کرد، ئەوا نوێژەکەی دروستە و سوجدەی سەهو دەبات.

٥٧-گەر ڕێبوار نیەتی قەصری هەبوو،پاشان بیری چو لەناو نوێژەکەدا ویستی بیگۆڕێت لە قەصرەوە بۆ إتمام ئەوا بۆی هەیە، چونکە قەصر سوننەتە.

٥٨- سووك كردنەوەی نوێژ ودرێژنەکردنەوەی لە نوێژی سەفەردا سوننەتە، ویەكدەنگی زانایانیشی لەسەر گێڕدراوەتەوە.

٥٩- خوێندنی سورەتی " الزلزلة " لەنوێژی بەیانی بۆ ڕێبوار سوننەتە، و لەهەر ڕکاتێکدا دەیخوێنێت، چونکە ئەم دەقەی لەسەر هاتووە: (أن الرسول ﷺ قرأ في الصبح إِذَا زُلْزِلَتْ في الركعتَينِ كلْتَيهِمَا)

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی بەیانیدا لە هەردوو ڕکاتەکەدا سورەتی زەلزەلەی خوێند. و هەندێ لە زانایان ئەم ڕووداوە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کاتە لەسەفەردا بووە. [٤١]

---

(٤١) أخرجه أبو داوود (٨١٦) وحسنه النووي في خلاصة الأحكام (١٢٢٦).

وه هەروەها جاری وا هەبووە لە سەفەردا لە نوێژی بەیانیدا " المعوذتين "ی خوێندووە[٤٢].

٦٠- ئایا ئەنجامدانی نوێژی جەماعەت لە مزگەوتدا لەسەر ڕێبوار واجبە؟ دوو حاڵەتی هەیە:

**یەکەم**: ئەگەر ڕێبوار بەڕێگاوە دەنگی بانگی بیست، ئەوا لەسەری نییە لە مزگەوت نوێژ بکات تەنانەت ئەگەر لەو کاتەشدا دابەزێت بۆ پێویستیەك.

**دووەم**: ئەگەر لەشار دابەزی، ئەوا جێگای ڕاجیاوازی زانایانە: وتراوە: ئەگەر ڕێبوار لەو شارەدا دابەزی کەبۆی دەڕوات ئەوا نوێژکردنی لە مزگەوتدا لەسەر واجبە ئیتر بە جەماعەت بیکات یان خۆی بەتەنها. وتراویشە: ئەگەر خۆیان کۆمەڵێك بوون ئەوا لەسەریان واجب نییە لە مزگەوت نوێژ بکەن، بەڵکو خۆیان بە جەماعەت دەیکەن، و ئەگەریش خۆی تەنها بوو ئەوا جەماعەتی لەسەر واجبە. وتراویشە: بەهیچ شێوەیەك لەسەر ڕێبوار واجب نییە، وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، چونکە ئەو کەسە ڕێبوارە، وە ئەگەر

(٤٢) أخرجه أبوداود (١٤٦٢) والنسائي في الكبرى(٧٧٨٩) بإسناد لا بأس به .

خودی نوێژەکە بۆ ڕێبوار کورت وئاسان کرابێتەوە کە ڕوکنەکانێتی ئەوا واجب لەپێشترە کە لەسەری نەبێت.

ئەوەی پێویستە لەسەر مرۆڤ لە سەفەردا ئەوەیە کە نوێژ بە جەماعەت بکات لەگەڵ هاوسەفەرەکانیدا تەنانەت ئەگەر خێزانەکەشی بێت، بۆ ئەوەی خێر و فەزڵی جەماعەتی لەدەست دەرنەچێت.

وە موسڵمان خۆی بێبەش ناکات لە پاداشتی نوێژی جەماعەت لە مزگەوتدا، بەتایبەتی ڕێبوارانی مەککە و مەدینە، پاداشت لە مەککە لەنێو حەرەمدا چەندبارە دەکرێتەوە و لە مەدینەش.

سوننەت وایە کە ئافرەت لەپشتی پیاوەوە دەوەستێت، و ئەگەریش لەلای ڕاستیەوە وەستا ئەوا هەر دروستە، بەڵام لەلای چەپیەوە ناوەستێت بۆ ئەوەی لە ڕاجیاوازی زانایان دەرچێت.

ئەگەر دوو کەس بوون ئەوا ئیمام و ئەوەی تر لەئاستی یەکتر دەوەستن و پێویست ناکات بچێتە دواوە و ئیمامیش لەپێشەوە بێت.

٦١- نوێژکردن لە مزگەوتەکانی سەرەڕێ هەرکە بۆت کرا باشترە لە نوێژکردن لە چۆڵەوانی وبەتەنها، و ئەگەریش ئەوە ئاسان نەبوو وە نەکرا، ئەوا

کار بەم فەرموودەیە دەکرێت: (**الصلاةُ في جماعةٍ تعدلُ خمسًا وعشرين صلاةً, فإذا صلاها في فلاةٍ فأتم رُكُوعَها وسجودَها بلغتْ خمسين صلاةً**)[٤٣] واتە: نوێژکردن بە جەماعەت بەرانبەرە بە بیست وپێنج نوێژ، و ئەگەریش لە چۆڵەوانی کردی و ڕکوع وسوجدەکانی بە تەواوەتی برد و کەموکوڕی نەبوو ئەوا دەگاتە پەنجا نوێژ.

جا ئەم فەرموودەیە بەوە لێکدەدرێتەوە - ئەگەر ڕاست ودروست بێت - ئەگەر لە شوێنێکدا بێت مزگەوتێکی تێدا نەبێت کە نوێژی جەماعەتی تێدا ئەنجام بدرێت یان هەبوو بەڵام ئەوەندە دووربوو کە بەناڕەحەتی پێی بگەیت، چونکە ئەصڵ وایە نوێژ لە مزگەوتدا دەکرێت، بۆیە فەرموودەکە باسی حاڵەت وپێشهاتێك دەكات کە تووشی مرۆڤ دەبێت بەوەی لەشوێنێکدا بێت و کاتی نوێژ بێت و مزگەوتی تێدا نەبێت.

---

(٤٣) أخرجه أبوداود (٥٦٠)وجوده الزيلعي في نصب الرآية (٢٣/٢) ، ويراجع مقال المؤلف "أيهما أفضل للمسافر الصلاة في الفلاة أم الجماعة في المساجد؟"

٦٢- نوێژی جەماعەت لە نێو فڕۆکەدا چەند حاڵەتێکی هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر شوێنێکی فراوان هەبوو کە گونجاو بوو بۆ ئەنجام دانی نوێژی جەماعەت ئەوا ئەنجام دەدرێت و دروستیشە چەند جەماعەتێك دووبارە بکرێتەوە تێیدا.

**دووەم:** ئەگەر زیاد لە شوێنێك هەبوو وە فراوانیش بوو بەشێوەیەك بەئاسانی بۆ نوێژی جەماعەت شیاو بوو ئەوا یەك پێشنوێژ نوێژەکەیان بۆ دەکات و ئەوانیش لە دواوەی بەردەوام دەبن، چونکە فڕۆکە بەگشتی فراوان نییە، وتەی پەسەندیش تێیدا ئەوەیە کە نەپچڕان وپێکەوەبوونی ڕیزەکانی نوێژ مەرجە و بە عورفیش ئەوە یەکلادەبێتەوە، چونکە شێوازی شەرعی نوێژی جەماعەت ئەوەیە کە لەیەك شوێندا بکرێت وپێکەوە بن.

**سێ یەم:** ئەگەر کۆمەڵێك ویستیان نوێژی جەماعەت بکەن و سەفەرەکە دوور و درێژ بوو بەشێوەیەك نەیاندەتوانی نوێژەکە دوابخەن هەتا دەگەنە شار و بەوبۆنەیەوە "جەمع و تأخیری" دەکەن و ناشتوانن بەپێوە و ڕاوەستانەوە نوێژ بکەن ئیلا لەسەر کورسیەکانیان نەبێت بەدانیشتنەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا دروستە بۆیان هەریەکە ولەشوێنی خۆی ئیتر بەتەنیشت یەکەوە بن

یان لەبەرودوای یەکتر بن نوێژی جەماعەت بکەن و باشتریش وایە لەلای ڕاستی ئیمامەکەوە بن و نەوەك ئیمام لەناوەڕاستیاندا یان لەلای چەپیانەوە بوەستێت مەگەر لەکاتی ناچاریدا.

٦٣- ئەگەر شوێنەکە تەنها بۆ یەك کەس دەگونجا کەبە جوانی نوێژەکەی تێدا بکات، جا ئایا باشتر وایە هەریەکە بۆ خۆی بەتەنها نوێژەکەی بکات یان بەجەماعەت و بەدانیشتنەوە؟

پێشتر باسی ئەوە کرا کە نوێژی جەماعەت واجب نییە لەسەر ئەو ڕێبوارەی کەبە ڕێگاوەیە کە پێی دەوترێت " **المسافر السائر** "، بۆیە ئەگەر حاڵەتەکە بەو شێوەیە بوو، ئەوا دوو بابەت دێتە پێشەوە ئەوانیش: وەستانی ناو نوێژ ڕوکنە وە ئەنجام دانی جەماعەتیش بۆ کەسی ڕێبوار سوننەتە، جا لێرەدا بێگومان پێشخستنی ڕوکن کە وەستانەکەیە لەپێشترە و گرنگترە.

٦٤- ڕێبوار لە نوێژەکانیدا لەکاتی تەحیاتدا بەشێوەی تەوەڕوك دانانیشێت جگە لە نوێژی مەغریب نەبێت، چونکە ئەو شێوازە دانیشتنە لە تەحیاتدا بۆ ئەو نوێژانەیە کە دوو تەحیاتیان تێدایە، و نوێژی سەفەریش کورتە و دوو ڕکاتیە، بۆیە نایگرێتەوە جگە لە نوێژی مەغریب نەبێت.

٦٥- سەفەرکردن بۆ مەبەستی نوێژکردن لەسەر مردوویەك یان بەشداربوون لە مەراسیمی مردوو و پرسە دروستە، چونکە سەفەرەکە بۆ مەبەستی شوێن نییە، سەفەری حەرام ئەوەیە کە لەپێناو شوێنەکەدا بیکەیت ئیتر مزگەوت بێت یان گۆڕ و هاوشێوەکانیان، جگە لە سێ مزگەوتی مەککە و مەدینە و قودس نەبێت، وە دروستە سەفەر بکەیت بۆ سەردانی کردنی خزمان وبرایان و کەس وکار و فێربوونی زانست، و دەقی شەرعیش پاڵپشتی دەکات.

٦٦- سەفەرکردن بە جەنازە لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- گواستنەوەی تەرم واجبە ئەگەر هاتوو نەگواستنەوەی سەری کێشا بۆ پێشێل کردنی و خستنە مەترسیەوە وەکو جەنازەی نێو وڵاتی کوفر و شەڕ لەگەڵ موسڵمانان.

ب- گواستنەوەی مردوو دروست نییە ئەگەر هاتوو گواستنەوەکەی بوو بەهۆی ئەوەی حورمەتی پێشێل بکرێت و بکەوێتە مەترسیەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا بەخاك سپاردنی لەو شار و وڵاتەی کە لێ مردووە سەلامەتترە.

ج- گواستنەوەی بۆ ئەو شوێنە دوورانەی وەکو لادێکانی چواردەوری مەککە و مەدینە کە مەودا و دووری سەفەر نین دروستە، و چاوپۆشی لێ دەکرێت.

د- گواستنەوەی تەرم لەکاتێکدا پێویست نەبێت، جێگای ڕاجیاوازی زانایانە، و باشتر وایە نەکرێت.

ه- ئەگەر مردووەکە وەسیەتی کردبێت کە لە شارێکی دیاری کراودا بینێژن ئەوا حوکمی گواستنەوەی تەرمی هەیە لەحاڵەتی بێ پێویستیدا.

❁❁❁❁❁❁

## یازدەیەم: حوکمەکانی پێش نوێژی کردنی ڕێبوار بۆ خەڵکی نیشتەجێ و بەپێچەوانەشەوە:

٦٦- نوێژکردن لە پشتی ئیمامێکی موقیمەوە دروستە و جیاوازی نیەت و نوێژ زیانی نییە.

٦٧- ئایا نوێژ کورت کردنەوە دروستە لەپشت ئیمامێکەوە کە إتمام بکات؟ دوو حاڵەتی بۆ هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر ڕێبوارەکە لە سەرەتای نوێژەکەوە چووە ناو نوێژەوە لەگەڵیدا یان گەیشت بە ڕکاتێك لە ڕکاتەکان، ئەوا واجب دەبێت لەسەری کە إتمام بکات و نوێژەکەی بە تەواوەتی بکات وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

دووەم: ئەگەر ڕێبوار گەیشتە کەمتر لەیەك ڕکات ئەوا دیسان إتمام دەکات، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە، لەبەر فەرموودەی: (**إنَّما جُعِل الإمامُ لِيُؤتَمَّ به**) [٤٤]، واتە: ئیمام بۆ ئەوە دانراوە بۆ ئەوەی وکو ئەو بکەن و شوێنی بکەون.

---

(٤٤) أخرجه البخاري (٣٧٨) ومسلم (٤١١)

جگە لەوەش ابن مەسعود و هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت نوێژیان بە تەواوەتی کردووە لە پشت پێشەوا عوسمانەوە ڕەزای خوای لێ بێت لە میٖنادا، و نەهاتووە لە هیچ یەکێکیانەوە کە نوێژی کورت کردبێتەوە(٤٥).

**سوودێك:** ابن مەسعود لە مەککە لە پشت ئیمامی عوسمانەوە نوێژ بە تەواوەتی دەکات و لەکاتێکدا بۆچوونی وەهایە کە دەبێت کورت بکرێتەوە، کاتێك پرسیاری لێ دەکەن کە بۆچی نوێژت بە تەواوەتی کرد لەپشتیەوە؟ وتی: ڕاجیاوازی و خیلاف شەڕ وخراپە، و لەمەشدا پەند و وانەی تێدایە بۆ ئوممەت بەگشتی و تاك تاکی خەڵک و ماڵ و خێزانەکان لە مامەڵەکردنیاندا.

٦٨- ئەگەر بۆچوونی مەئموم جیاوازبوو لەگەڵ بۆچوونی ئیمام لە هەندێ لەبابەتەکانی پاك و خاوێنی و نوێژ ئەوا إتمام دەکات لە پشتیەوە و نوێژەکەی دروستە و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە، چونکە هەرکەس نوێژی دروست بوو بۆ خۆی ئەوا نوێژی بۆ خەڵکیش دروستە.

٦٩- ئەگەر ڕێبوار چووە ناو نوێژەوە لەگەڵ ئیمامێکدا کە إتمام دەکات، پاشان نوێژەکەی بەتاڵ بوویەوە یان بیری کەوتەوە کە دەست نوێژی

---

(٤٥) أخرجه أبو داوود (١٩٦٠) وصححه ابن حجر في المطالب (٥/ ٧٩) .

نییە یان لەشگرانە، ئەوا کە دەگەڕێتەوە نوێژ بەتەنها دەکات نوێژەکەی کورت دەکاتەوە.

٧٠- ئەگەر ڕێبوارێك چووە ناو نوێژەوە لەگەڵ ئیمامێکدا و واگومانی برد کە ڕێبوارە ئەویش و گەیشت بە دوو ڕکات، پاشان ڕوون بوویەوە کە ئیمامەکە موقیمە و چوار ڕکاتی کردووە، ئەوا ئەگەر کاتەکەی زۆری پێ نەچووبو وە نزیك و کەم بوو ئەوا ئەمیش نوێژەکە تەواو دەکات و ئەگەریش زۆری پێ چوبوو ئەوا دوو ڕکاتی تر دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی شوێنکەوتنی ئیمامی لەدەست چووە.

٧١- نوێژکردن لەپشت ئیمامێکەوە و ئەگەر نوێژەکانیش جیاوازبن لەنێوانیاندا ئەوا دروستە، وەکو ئەوەی مەئموم نوێژی مەغریب دەکات و ئیمام نوێژی عیشا، و جیاوازبوون هیچ زیانی نییە وەکو نوێژی ترس، و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان.

٧٢- ئەگەر چووە ناو نوێژەوە لەپشت ئیمامێکی ڕێبوارەوە کە نوێژی عیشا دەکات و ئەمیش ئەیەوێت نوێژی مەغریب بکات، ئەوا لەگەڵیدا دەڕواتە ناو نوێژەوە و کە ئیمام سەلامی دایەوە ئەم هەڵدەستێت و ڕکاتی سێیەم بۆ خۆی

دەکات، و ئەگەریش ئیمام موقیم بوو ئەوا ئەم لەڕکاتی سێ یەمدا دادەنیشێت و چاوەڕێ دەکات هەتا لەگەڵ ئیمامدا سەلام دەداتەوە ئەمەیان باشترە، و هەرچەندە ئەگەریش سەلام بداتەوە و هەستێت و لەگەڵیدا بچێتە ناو نوێژی عیشاشەوە ئەوا هەر دروستە، و هەردوو حاڵەتەکە کۆمەڵێك لە زانایان باسیان کردووە.

٧٣- ئەگەر ڕێبوار چووە ناو نوێژەوە بەنیەتی عیشا لەگەڵ ئیمامێکی ڕێبوار یان موقیم کە نوێژی مەغریب دەکات، ئەوا ئەمیش بەتەواوەتی نوێژەکەی دەکات و کورتی ناکاتەوە، چونکە مەغریب کورت ناکرێتەوە، و ئەمەش کرۆکی مەزهەبی زۆرینەیە.

٧٤- ئەگەر ڕێبوار و موقیم پێکەوە بوون ئەوا ئەوەیان زیاتر قورئانی لەبەرە لەپێشترە بۆ پێشنوێژی کردن، ئیلا لەم حاڵەتەنانە نەبێت: دەسەڵاتدار یان ئیمامی مزگەوت یان خاوەن ماڵ ئەمان لەپێشترن.

٧٥- نوێژکردنی موقیم لەپشت ئیمامی ڕێبوارەوە دروستە و دواتر هەڵدەستێت و نوێژەکەی تەواو دەکات، ئەمەش بەیەکدەنگی زانایان.

٧٦- ئەگەر موقیمێك پێشنوێژی بۆ كۆمەڵێك ڕێبواركرد، پاشان لەناو نوێژەكە دەرچوو بەهۆی عوزرێكەوە، و دواتر ڕێبوارێك چووە شوێنەكەی وەكو ئیمام، ئەوا دوو ڕكاتیان بۆ دەكات مەگەر موقیمەكە زیاتر لە دوو ڕكاتی كردبێت لە نوێژە چواریەكان ئەوا تەواوی دەكات.

٧٧- ئەگەر ڕێبوارێك پێشنوێژی كرد بۆ كۆمەڵێك موقیم، و پاشان بەهۆی عوزرێكەوە لەناو نوێژەكە دەرچوو، وە موقیمێك چووە شوێنەكەی ئەوا چوار ڕكاتیان بۆ دەكات واتە إتمام دەكات.

٧٨- ئەگەر ڕێبوارێك یان كۆمەڵە ڕێبوارێك چوونە ناو نوێژەوە لەپشت ئیمامێكی موقیمەوە و نوێژی تەراویحی بۆ دەكردن لە ڕەمەزاندا ئەوا دوو حاڵەتیان بۆ هەیە:

**یەكەم**: ئەگەر هاتبوونە ناو شارو وڵاتی خۆیانەوە، ئەوا دەڕۆنە ناو نوێژەكەوە و نوێژی لەدەست چوو دەكەن بەتەواوەتی " إتمام" كاتێك كە ئیمام سەلام دەداتەوە ئەمان هەڵدەستنەوە.

**دووەم**: ئەگەر چووبون ناو ئەو شارەی كە سەفەریان بۆ كردبوو، ئەوا دەڕۆنە ناو نوێژەكەوە و نوێژی لەدەست دەرچوو دەكەن بە كورتی واتە قەصر،

و خۆیان جەماعەتێکی تر ناکەنەوە نەوەك گومان و سەرلێشێوان دروست بێت بۆ خەڵکی.

٧٩- نوێژکردن لە مزگەوتێك کە گۆڕی تێدا بێت چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- ئەگەر گۆڕەکە لە دەرەوەی دیواری مزگەوتەکە بێت ئیتر لە پشتیەوە یان لای ڕاستی یان چەپی بێت، ئەوا نوێژکردن تێیدا دروستە و هیچی تێدا نییە مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە مزگەوتەکە لەسەر گۆڕستان بونیاد نرابێت ئەو کات دروست نییە.

ب- ئەگەر گۆڕەکە لە دەرەوەی مزگەوت بێت و بەڕووی قیبلەدا و لەمپەر و جیاکەرەوەیەك هەبوو وەکو دیوار و ڕێگا و هاوشێوەکانی، ئەوا دروستە نوێژکردن تێیدا، بەڵام دروست نییە مرۆڤ لەنوێژکردنەکەیدا مەبەست و نیەتی ڕووکردنە گۆڕەکە بێت.

ج- ئەگەر گۆڕەکە لەناووەی مزگەوتەکەدا بێت ئیتر لەهەر شوێنێکیدا بێت ئەوا نوێژکردن تێیدا دروست و صەحیح نییە، لەبەر فەرموودەی: (أَلَا وإِنَّ **مَنْ كان قبلَكم كانوا يتخذونَ قُبورَ أنبيائِهم وصالحيهم مساجِدَ ، ألَا فلا**

**تتخِذوا القبورَ مساجِدَ ، إِنيَّ أنهاكم عن ذلِكَ )** [٤٦] واته: ئاگاداربن ئەوانەی پێش ئێوە گۆڕی پێغەمبەران و پیاو چاکانیان ئەکردە مزگەوت ، وریابن گۆڕەکان مەکەنە مزگەوت چونکە من ڕێگریتان لێ دەکەم.

وە نەهی کردنیش مانای فەساد و قەبوڵ نەبوون دەگەیەنێت.

د- ئەگەر گۆڕەکە لەناو حەوشەی مزگەوتدا بێت و دەورە درابێت بەدیواری مزگەوت، ئەوا نوێژکردن تێیدا دروست نییە، و ئەگەریش دەورە درابێت بەدیواری سەربەخۆ و جیا لەمزگەوت ئەوا ئەو شوێنەش حوکمی مزگەوتی هەیە ئەگەر نوێژی تێدا کرا، بەڵام ئەگەر نوێژی تێدا نەدەکرا، ئەوا ئەو گۆڕەی کە تێیدایە کاریگەر نابێت لەسەر نوێژکردن لەو مزگەوتە.

٨٠- هەرکەس لە مزگەوتێکدا نوێژ بکات و بزانێت کە گۆڕی تێدایە یان لەپێشیەوە گۆڕ هەیە و دیواری جیاکاریش نییە لەنێوانیاندا، ئەوا نوێژەکەی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر نەیزانی و دواتر بۆی ئاشکرا بوو کە گۆڕی تێدایە ئەوا نوێژەکەی دروستە، لەبەر ئەوەی عوزری نەزانینی هەبووە.

---

(٤٦) أخرجه مسلم (٥٣٢).

٨١- نوێژكردن له نێو كەنیسه مەكروهه ئەگەر وێنه و پەیكەری تێدا بوو، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانه، لەبەر نەهی كردنی عومەر [٤٧] و ابن عەباس رضي الله عنهم [٤٨]، و نابێت بچیت بۆی بۆ نوێژكردن لەكاتێكدا مزگەوت بوونی هەیە.

٨٢- نوێژكردن لەشوێنێكدا كه بەڕووی قیبلەیدا خاچ هەیە، ئەوا وازهێنانی لەپێشترە مەگەر لەحاڵەتێكدا عوزری هەبێت یان لەشوێنێكدا بێت ئەگەر لێی دەربچێت ترسی نەمانی كاتی نوێژی هەبێت.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

(٤٧) أخرجه البخاري (٤٣٤).

(٤٨) رواه ابن أبي شيبة (٤٨٦٧).

## دوازدەیەم: حوکمەکانی جەمع کردنی نوێژ

٨٣- نیەت لە " جمع تأخیر "دا واتە کۆکردنەوە و دواخستنی نوێژ مەرجە، نیەتی تەئخیری دەبێت لەکاتی هاتنی کاتی نوێژی یەکەم، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، و لەپێشترە، چونکە ئەصڵ وایە هەر نوێژە ولەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، و جەمع کردنیش ڕوخصەتە وپێویستی بەنیەتە چونکە لە ئەصڵ دەردەچیت.

٨٤- نیەت لە " جمع تقدیم " واتە کۆکردنەوە و پێشخستنی نوێژ، مەرج نییە، و ئەگەر کۆتایی بە نوێژی یەکەم هێنا وپاشان ویستی جەمع بکات دروستە و هیچی تێدا نییە، و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، لەبەرنەبوونی بەڵگە لەسەر بەمەرج بوون.

٨٥- ئەگەر کاتی نوێژ بەسەر ڕێبواردا هات و ئەمیش هێشتا لەناو شاری خۆیدایە، ئەوا پێشتر باسی کرا کە کورت کردنەوەی نوێژی بۆ دروست نییە، و هەروەها جەمعیش، مەگەر ترسی ئەوەی بێت کە کاتی نوێژی دووەم نەمێنێت، و بەهیچ شێوەیەك نەتوانێت نوێژەکەی بکات و ناڕەحەتی بۆ دروست بێت ئەوا بۆی هەیە جەمع بکات بەبێ قەصر.

٨٦- دەستکەوتنی فەزڵی چەندقات بوونەوەی پاداشتی نوێژکردن بۆ کەسی موقیم لە مەککە و مەدینە، ئەگەر ویستی سەفەری هەبوو نابێتە هۆی ئەوەی کە جەمع کردنی نوێژی بۆ ڕەوا بدات، چونکە ئەوە هۆکار نییە بۆ جەمع کردنی نوێژ کە هۆکارەکەی ناڕەحەتی و قورسیە، و لەپێغەمبەرﷺ و هاوەڵانیشەوەﷺ نەهاتووە ئەو کارەیان کردبێت، لەگەڵ ئەوەی دەیانتوانی ئەو کارە بکەن و ئەگەریش بکرایە دەگوازرایەوە، چونکە ئەوان زۆر سووربونە لەسەر خێر ودەستکەوتنی چاکە، و جگە لەوەش ئەوە هۆکار نییە بۆ جەمع کردنی نوێژ لای زانایان.

٨٧- جەمع کردنی نوێژ بۆ ڕێبوار لەدوای دەرچوونی لەشارەکەی و دوای هاتنی کاتی نوێژ دروستە، ئەگەر لەو نوێژانە بێت کە جەمع دەکرێت لەگەڵ نوێژەکەی دوای خۆیدا.

٨٨- کاتی جەمعی نوێژ لەنێوان دوو نوێژدا لە هاتنی کاتی نوێژی یەکەم هەتا کۆتایی کاتی نوێژی دووەمە، و بۆیە دروست نییە کە نوێژی نیوەڕۆ وعەسر دوابخەیت بۆ دوای زەردبوونی خۆر لە دوای عەسر لەسەر وتەی

پەسەندی زانایان، یاخود دواخستنی نوێژی مەغریب و عیشا بۆ دوای نیوەشەو بەبێ عوزر و بێ پێویستی، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

٨٩- جەمع کردنی نوێژی نیوەڕۆ لەگەڵ عەسر و مەغریب لەگەڵ عیشا دەبێت بە پێشخستن یان دواخستن، وهەرکامیانی کرد دروستە، و بەیانی هیچ نوێژێکی لەگەڵدا کۆناکرێتەوە، و هەروەها نوێژی عەسر و مەغریب و عیشا و بەیانیش پێکەوە کۆناکرێنەوە، ئەمە بەیەکدەنگی زانایان.

٩٠- ئەگەر نیەتی جەمع وتەئخیری هەبوو، پاشان هاتە ناو شارەکەی خۆیەوە و کاتی نوێژی دووەمیش نەهاتبووو ئەوا دووەم لەگەڵ یەکەم کۆناکاتەوە، بەڵکو هەر نوێژێك لەکاتی خۆیدا بە تەواوەتی دەکات، تەنانەت ئەگەر کاتێکی کەمیشی مابوو، بەیەکدەنگی زانایان.

٩١- ئەگەر نیەتی جەمع و تەئخیری هەبوو پاشان چووە ناو ئەو شارەی سەفەری بۆ کردبوو، وە کاتێکی کەمیش مابوو، کاتی نوێژی دووەم هات، ئەوا چەند حاڵەتێکی بۆ هەیە:

یەکەم: ئەگەر لە مزگەوتدا نەبوو ئەوا باشتر وایە چاوەڕێ بکات هەتا کاتی نوێژی دووەم دێت، ئەوکات پێکەوە هەردوو نوێژەکە دەکات بە جەمع و کورت کردنەوە. و ئەگەریش ئەوکات نوێژەکەی کرد هەر دروستە.

دووەم: ئەگەر چووە ناو مزگەوتەوە لەدوای بانگی نوێژی دووەمەوە وپێش قامەت، ئەوا نوێژی یەکەم بە قەصر دەکات و پاشان دووەمیش لەگەڵ جەماعەتدا دەیکات.

سێ یەم: ئەگەر چووە ناو مزگەوتەوە و خەڵکی نوێژی دووەمیان دەکرد ئەوا لەگەڵیاندا دەچێتە ناو نوێژەوە بەنیەتی نوێژی یەکەم، وەکو پێشتر باسی کرا.

٩٢- ئەگەر نیەتی جەمع و تەئخیری هەبوو، پاشان چووە ناو شارەکەی خۆیەوە، ئەوا نوێژی یەکەم و دووەمیش بە إتمام دەکات، لەبەر ئەوەی سەفەر کۆتایی هاتووە.

٩٣- ئەگەر کەسێك بەڕێگاوەیە بەرەو شارەکەی خۆی و دەیتوانی بگاتە نێو شارەکەی و فریای جەماعەتیش بکەوێت یان کاتەکەی یان دەچێتە

ناو شارەکەی پێش هاتنی کاتی نوێژی دووەم، ئەوا دروستە بۆی قەصر وجەمع بکات پێش چوونە ناوشار، چونکە هێشتا ڕێبوارە.

٩٤- جەمع کردنی نوێژ بۆ ئەو ڕێبوارەی کە بەڕێگاوەیە لەشـــارێکەوە بۆ یەکێکی تر دروســـتە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە. ( **لأن رســـول الله ﷺ كان إِذَا جَدَّ به السَّـــيْرُ جمع بيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَـــاءِ)** [٤٩]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك بەڕێگاوە بووایە ئەوا هەردوو نوێژی مەغریب و عیشای پێکەوە جەمع دەکرد.

٩٥- جەمع کردن بۆ ئەو ڕێبوارەی کە دابەزیوە لە نێو شاردا، جێگای ناکۆکی و ڕاجیاوازی زانایانە، وتراوە: جەمع دروستە، وتراویشە: دروست نییە مەگەر لەکاتی پێویستدا نەبێت، و ئەمە مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، ئەوەش لەپێشتر و دڵنیاترە کە جەمع نەکرێت لەکاتی نەبوونی ناڕەحەتی و بارگرانیدا، چونکە جەمع لە شەرعدا هۆکارەکەی پێویستیە، نەك سەفەر ئیلا پێویستیەك هەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە عەرەفە و موزدەلیفە جەمعی کردووە و

---

[٤٩] أخرجە مسلم(٧٠٣).

له مینا جەمعی نەکردووە و هۆکارەکەشی جیاوازی حاڵەتی پێویست بوونە، و عادەتی پێغەمبەری خواﷺ وا نەبووە کە هەمیشە جەمعی کردبێت لە سەفەردا.

٩٦- ڕیزبە ندی نێوان نوێژە کان لە کاتی قەزاکردنەوەی لەدەست چووەکان و جەمع کردندا واجبە و تێك ناچێت، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، لەبەر ئەنجام دانی ئەو کارە لەلایەن خودی پێغەمبەری خواوەﷺ لە شەڕی خەندەقدا.[٥٠]

٩٧- ڕیزبەندی نێوان نوێژەکان نامێنێت لە جەمعدا بەهۆی لەبیرچوون و نەزانین و ترسی نەمانی کاتی ئەو نوێژەی کە ئەو ساتە دەکرێت.

٩٨- ئەگەر نوێژی لەدەست چووی بیرکەوتەوە یان نوێژی یەکەم لەکاتی جەمعدا و لەناو نوێژی دووەمیشدایە، ئەوا لەدوای کۆتایی هێنان بەو نوێژە و تەواوکردنی، ئەوجا نوێژی یەکەم دەکات.

٩٩- ڕیزبەندی نوێژەکان تێك ناچێت بەبیانوی ترسی لەدەستدانی جەماعەت، چونکە ئەوە زیاتر جەختی لەسەر کراوە تاوەکو جەماعەت، بەتایبەت بەزۆری ئەگەر جەماعەتێکی تر کرا لەدوای جەماعەتی یەکەم.

[٥٠] أخرجه مسلم (٦٣١)

١٠٠- بەدوای یەکدا کردنی نوێژی جەمع و تەئخیر یان تەقدیم واتە بەبێ بوونی کات و ماوە لەنێوانیاندا، مەرج نییە، بەڵام سوننەت وایە کاتەکەی نێوانیان زۆر نەبێت، بۆ دەرچوون لە ڕاجیاوازی زانایان، و بۆ ئەوەی لە واتای جەمع دەرنەچێت کە ماناکەی واتە لەخۆگرتن وپێکەوە بوون.

١٠١- بۆ یەکلاکردنەوەی دیاری کردنی ماوەیەکی کەم بریتیە لە عورف وعادەت.

١٠٢- ئەگەر ڕێبوار نوێژی مەغریب و عیشای بە جەمع و تەقدیم کرد، ئەوا دروستە بۆی نوێژی ویتریش بکات لە دوای نوێژی عیشا و پێویست ناکات چاوەڕێ بکات هەتا هاتنی کاتی عیشا، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە، چونکە ویتر پەیوەستە بە نوێژی عیشاوە نەوەك کاتی عیشا.

١٠٣- ئەگەر نوێژی نیوەڕۆ و عەسری کرد بە جەمع و تقدیم ئەوا سوننەت لە دوایەوە ناکات، چونکە نەهی لە ئەنجام دانی سوننەت لەدوای عەسرەوە پەیوەستە بە نوێژی عەسرەوە نەوەك کاتی عەسر، و هاودەنگی زانایانیشی لەسەر گێڕدراوەتەوە.

١٠٤- ئەگەر کەسێك دوو نوێژی کۆکردەوە و جەمعی کرد باشتر وایە زیکرەکانی نوێژی یەکەم بخوێنێت پاشان هی دووەم، و ئەگەریش تەنها هی دووەم بخوێنێت لەبری هەردووکیان ئەوا هیچی تێدا نییە وئاساییە.

١٠٥- نوێژکردن لە فڕۆکەدا دوو جۆرە:

أ – سوننەتەکان: سەرنشینی فڕۆکە ئەم جۆرە نوێژە ئەتوانێت ئەنجام بدات لەسەر هەر حاڵەتێك بێت بە وەستانەوە یان دانیشتن و ئاماژە دەکات بە ڕکوع وسوجدە و بۆ هەر ئاڕاستەیەکیش بێت دروستە، بەڵام باشتر وایە لەکاتی یەکەم الله اکبر کە پێی دەوترێت " تەکبیرەی ئیحرام " و دەچێتە ناو نوێژەکەوە ڕووی لە قیبلە بێت.

ب- نوێژە فەرزەکان، چەند حاڵەتێکی هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر توانی نوێژەکەی بکات پێش ئەوەی سەربکەوێت یان دوای ئەوەی کە دابەزی و کاتی نوێژەکە مابوو ئیتر بە جەمع و تقدیم بێت یان تەئخیر ئەوا دەتوانێت.

**دووەم:** ئەگەر سەرکەوت لە فڕۆکە پێش ئەوەی کاتی نوێژ هاتبێت و گومانی زۆرینەشی وەهابوو کە فڕۆکەکە نانیشێتەوە ئیلا دوای نەمانی کاتی

نوێژەکە نەبێت، ئەوا نیەتی جەمع و تەئخیر دەهێنێت، واتە لەگەڵ نوێژەکەی دوای خۆیدا دەیکات.

**سێ یەم:** ئەگەر سەرکەوت لە فڕۆکە پێش ئەوەی کاتی نوێژ هاتبێت و گومانی زۆرینەیشی وەهابوو کە کاتی هەردوو نوێژەکەی لەدەست دەچێت و نامێنێت یان کاتی ئەو نوێژە نامێنێت کە ناتوانێت جەمعی بکات لەگەڵ نوێژی دوای خۆی وەکو نوێژی بەیانی، ئەوا واجب دەبێت لەسەری کە لە نوێژگەی فڕۆکەکە نوێژەکەی بکات ئەگەر هەبوو وە ڕوو لە قیبلەش بکات ئەگەر توانی و کرا، ئەگەریش نەیتوانی ئەوا لەنێو ڕەتگە " مەمەڕ "ەکەدا نوێژەکەی دەکات، و ئەگەریش نەیتوانی ئەوا بە ڕاوەستانەوە دەیکات و ئاماژە دەکات بۆ ڕکوع وسوجدە، ئەگەریش نەیتوانی بە ڕاوەستانەوە ئەوا بە دانیشتنەوە لەسەر کورسیەکەی خۆی دەیکات، چونکە دروست نییە نوێژ دوابخەیت هەتا کاتەکەی نامێنێت.

١٠٦- پێویستە لەسەر نوێژخوێن ڕوو لە قیبلە بکات لەکاتی تەکبیرەی ئیحرامدا وپاشان بەئاڕاستەی کورسیەکەی نوێژەکەی دەکات، مەگەر ئەمەی بۆ نەکرێت وئاسان نەبێت، ئەوا پێویست نییە لەسەری.

١٠٧- ئەگەر ئاڕاستەی قیبلە گۆڕا بە گۆڕانی ئاڕاستەی فڕۆکەکە، ئەوا نوێژخوێن ئەگەر توانی ئاڕاستەی خۆی بگۆڕێت ئەوا واجب دەبێت لەسەری، و ئەگەریش نەیتوانی ئەو کارە بکات ئەوا لەسەر کورسیەکەی دادەنیشێت و مەرجی ڕووکردنە قیبلە لەسەری دەکەوێت.

**چوارەم:** ئەگەر لەنێو فڕۆکەکەدا شوێنی نوێژکردن واتە نوێژگە هەبوو وە ئەمیش دەیتوانی تێیدا ڕووبکاتە قیبلە و بەڕاوەستانەوە و ڕکوع وسوجدە بەجوانی ببات ئەوا نوێژدەکات تێیدا، هەرچەندە کاتیشی هەبێت.

١٠٨- نوێژی سوننەت بۆ ڕێبوارێك کە دابەزیبێت لەنێو شاردا، لەنێو ئۆتۆمبێل دروستە ئەگەر ڕووی کردە قیبلە، لەبەر واجبێتی ئەو ڕووکردنە لەکاتی نیشتەجێ بوون و شوێنی خۆیدا، و ئەمەش هاودەنگی زانایانی لەسەرە، بەڵام ئەگەر ڕووی لە قیبلە نەبوو ئەوا دروست نییە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، لەبەر کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ و عیبادەتەکانیش دەستکاری نەکراون.

١٠٩- نوێژی سوننەت بۆ ڕێبوار لەنێو ئۆتۆمبیلەکەیدا ئەگەر بەناو شارێکدا تێپەڕی لەکاتی سەفەرەکەیدا لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر دروستە.

**وەستان وهەڵوەستەیەك لەگەڵ هەندێ لە زانایاندا ڕەحمەتی خوایان لێ بێت سەبارەت بە دەستگرتنیان بەکاتەوە لەحاڵەتی سەفەریاندا:**

* پێشەوا ابن حەجەری عەسقەلانی کتێبـی " النخبة " لە سەفەردا دەنووسێت کە ڕێبوارە.

* پێشەوا ابن القیم هەریەك لە کتێبەکانی " زاد المعاد، ومفتاح دار السعادة، وبدائع الفوائد، وروضة المحبين " لەسەفەردا دەنووسێت کە ڕێبوارە.

* بەڕێوەبەری نوسینگەی شێخ ابن باز ڕەحمەتی خوایان لێ بێت دەڵێت: من هاوەڵێتی شێخم کرد لەسەفەرێکدا لە تائیفەوە بۆ شاری ڕیاز و لەنێو فڕۆکەدا شەست لاپەڕەم لە کتێبـی " إعلام الموقعين " خوێند بە سەریدا، ولە فڕۆکەخانەش هەتا ماڵەکەی خۆی حەڤدە لاپەڕەم خوێندەوە بۆی کە ڕاپۆرتێك بوو سەبارەت بە بانگەوازی موسڵمانان لەهەندێ وڵاتدا، و دەیووت:

" **ئەگەر ڕۆح لەززەت وەربگرێت ئەوا جەستە ماندوو نابێت**".

## چاكه‌كاران له‌ سه‌فه‌ره‌كانیاندا

- چاكه‌كاران هه‌میشه‌ خۆیان خستۆته‌ مه‌ترسیه‌وه‌ و ماڵ وسامانی خۆیان سه‌رف كردووه‌ له‌پێناو بانگه‌وازدا و نیشتیمان و خێزانی خۆیان به‌جێ هێشتووه‌ بۆ چه‌ندین ڕۆژ و هه‌فته‌ له‌پێناو فێركردنی خه‌ڵكیدا، و بانگه‌واز بۆ لای خوا و بڵاوكردنه‌وه‌ی خێر و په‌یامی ئیسلام له‌جیهاندا، له‌ هه‌ریه‌ك له‌ جه‌نگه‌ڵستانه‌كانی ئه‌فریقیا و شاخه‌كانی قه‌وقاز و شاری به‌ڵتیق و فلیپین و به‌ڵقان و ناوه‌ڕاستی ده‌ریاكانی ئه‌نده‌نوسیا و لوتكه‌ چیاكانی هند و پشت دیوار وشورای به‌رزی چینیش.

- ئه‌م كه‌سانه‌ هه‌میشه‌ چاكه‌خواز بوونه‌ له‌ ڕه‌وشت ووتار و كرداریاندا.

- چاك بوونه‌ له‌ ڕه‌فتار وهه‌ڵسوكه‌وتیان بۆ خێزان و هاوسه‌فه‌ره‌كانیان.

- چاك بوونه‌ له‌ پڕكردنه‌وه‌ی پێویستی خه‌ڵكی و یارمه‌تی لێقه‌وماوان و ڕێنمایی ونبوان و ده‌ستگرتنی سه‌رلێشێواوان و چاره‌سه‌ری نه‌خۆشان و هاوكاری هه‌ژاران و دڵڕاكێشانی خه‌ڵكی، بۆیه‌ به‌چاكه‌كانیان كه‌سانێكی زۆریان هێناوه‌ته‌ نێو ئیسلامه‌وه‌، جا با تۆش پشكت هه‌بێت له‌و چاكه‌یه‌دا و ده‌ستپێشخه‌ربه‌، چونكه‌ خوای گه‌وره‌ چاكه‌كارانی خۆشده‌وێت.

## سێزدەیەم: ئەحکامەکانی ڕۆژی هەینی

١١٠- سەفەر لەڕۆژی هەینیدا پێش هاتنی کاتەکەی دروستە، و لەپاش هاتنی کاتەکەی دروست نییە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، لەبەر ئەوەی بە ئەنقەست ئامادەی هەینی نابێت و کاتەکەشی دوای لاربوونەوەی خۆرە لەناوەڕاستی ئاسمان واتە هەر کاتی نوێژی نیوەڕۆیە، ئیلا لە چەند حاڵەتێکدا نەبێت، کە ئەمانەن: ئەگەر ترسا لە ڕۆیشتنی کاروانەکەی و ئەم بەجێ بمێنێت، و ئەگەر توانی لەڕێگادا نوێژی هەینی بکات، یان ئەگەر سەفەرەکەی کەوتە ڕۆژی جەژن وهەینیەوە و بەم شێوەیە نوێژی جەژن دەکات و هەینیش لەسەری دەکەوێت، و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، و لەبەر ئەوەی لە هەندێ لە هاوەڵانەوە هاتووە وەکو عومەر و عوسمان وعەلی و ابن عومەر و ابن عەباس و زوبەیر رضي الله عنهم[٥١].

---

[٥١] أخرجه البخاري (٥٥٧٢) وأبوداود (١٠٧٠ ) وما بعده ، تلخيص الحبير (٦٩٧) نصب الراية (٢٢٥/٢) البدر المنير (١٠٤/٥) وورد مرفوعاً ومختلف في صحته.

١١١- نوێژی هەینی بۆ کەسی ڕێبوار، پێنج حاڵەتی هەیە:

یەکەم: ئەگەر ڕێیوارە و بەڕێگاوەیە ئەوا لەسەری نییە، و یەکدەنگی زانایانی لەسەر گێڕدراوەتەوە و تەنانەت لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیشیەوە رضي الله عنهم هاتووە.

دووەم: ئەگەر بەڕێگاوەیە و بەناو شارێکدا تێپەڕی و وەستا بۆ پێویستیەك و دەنگی بانگی هەینی بیست، دیسان لەسەری نییە وەکو حاڵەتی پێشو.

سێ یەم: ئەگەر دابەزی لەشوێنێکدا کە نوێژی هەینی تێدا دەکرا و دەنگی بانگی دەبیست، ئایا هەینی لەسەر واجبە؟

ئەم حاڵەتەیان جێگای ڕاجیاوازی نێوان زانایانە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت: وتراوە: واجبە و بۆچوونی کۆمەڵێك لەزانایانی لەسەرە، لەبەر گشتێتی هەینی بۆ کەسێك کە دەنگی بانگ ببیستێت.[٥٢]. وتراویشە: ئەگەر ڕێبوارەکە نیەتی مانەوەی هەبێت کەمتر لە چوار ڕۆژ ئەوا واجب نییە لەسەری، و ئەگەر چوار ڕۆژ بێت ئەوا واجبە، بینا لەسەر ماوەی سەفەر و مانەوە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، و بۆ دڵنیابوونیش بەشداری کردن لە نوێژی هەینی

[٥٢] أخرجه أبو داود (١٠٥٦) ومختلف في صحته، وصححه جماعة من أهل العلم.

باشتر و لەپێشترە، بۆ دەستکەوتنی پاداشت و بیستنی زیکر و ئامۆژگاری و بەتایبەت لە هەردوو حەرەمی مەککی و مەدەنی.

**چوارەم:** ئەگەر لەشوێنێك دابەزی کە نوێژی هەینی تێدا نەدەکرا و بانگەکەشی نەبیست، وەکو ئەو کەسەی کە لە شوێنێکدا دادەبەزێت بۆ گەشت یان مەبەستی تر، ئەمەیان هەینی لەسەر واجب نییە.

**پێنجەم:** ئەوانەی کە لە شار و وڵاتانی بێباوەڕ دەژین، واجبە لەسەریان، لەبەر گشتێتی بەڵگەکانی واجب بوونی هەینی و هەروەها ئەوانیش موکەلەفن ولەسەریانە.

١١٢- دوعاکردن لە کۆتا سات و کاتژمێر ڕۆژی هەینی سوننەتە بۆ ڕێبوار، بەوەش دوو هۆکاری وەڵامدانەوەی دوعا پێکەوە کۆدەکاتەوە کە بریتیە لە سەفەر و هەینی.

١١٣- ئەگەر ڕێبوار نوێژی کرد لەگەڵ کەسێکدا کە نوێژی هەینی دەکات، ئەوا دوو حاڵەتی بۆ هەیە:

أ- نیەتی هەینی دەهێنێت و ئەمەش باشتر و لەپێشترە بۆ ئەوەی پاداشتی هەینیەکەی بۆ بنووسرێت، و لە ڕاجیاوازی زانایانیش دەربچێت.

ب- نیەتی نوێژی نیوەڕۆ دەهێنێت و بەوەش چوار ڕکات دەکات، چونکە لەپشت ئیمامێکەوە نوێژی کردووە کە موقیمە.

١١٤- ئەو ڕێبوارانەی کە خۆیان نوێژی هەینی دەکەن لەشوێنێکدا کە نوێژی هەینی تێدا ئەنجام نادرێت، ئەوا نوێژەکەیان دروست نییە و لەسەریان واجبە کە نوێژی نیوەڕۆ دووبارە بکەنەوە.

١١٥- ئەگەر ڕێبوار ئامادەی هەینی بوو، وە لە میانەی وتارەکەدا ویستی بڕوات ئەوا بۆی هەیە و دروستە ئەو کارە بکات، و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێك لە زانایانە، چونکە لەسەری واجب نییە.

١١٦- دروست و تەواوە ئەگەر ڕێبوار ئیمام بێت لەڕۆژی هەینیدا وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە لەبەر نەبوونی ڕێگر.

١١٧- تەواف کردن بۆ ڕێبوار لە کاتی وتاری هەینیدا دوو حاڵەتی هەیە:

أ- ئەگەر ڕێبوارێکە کەبەڕێگاوەیە وبەمەککەدا تێدەپەڕێت و دەیەوێت بچێتە ناو حەرەمەوە بۆ تەواف لە کاتی وتاردا ئەوا دروستە بۆی، چونکە هەینی لەسەر واجب نییە.

ب- ئەگەر ڕێبوارێکە و دابەزیوە لە مەککەدا و دەمێنێتەوە وئامادەی هەینی بووە ئەوا باشتر وایە تەواف نەکات لەکاتی وتاردا، لەبەر گشتێتی بەڵگەکانی واجبێتی بێدەنگ بوون بۆ وتار[٥٣]، و تەنانەت دەست نەدان لە بەرد و زیخ[٥٤]، جا تەواف و جووڵە لەپێشترە، و تەوافیش بۆ زیکری خوایە و زیکری خوایش بێگومان قسەی تێدایە.

١١٨- کۆکردنەوەی " جەمع "کردنی نوێژی عەسر لەگەڵ هەینی لەپێشترە نەکرێت، وەکو مانەوە لەسەر حاڵەتی ئەصڵی خۆی، کە بریتیە لە جەمع نەکردن، لەبەر نەبوونی بەڵگە و دەرچوونیش لە خیلاف.

١١٩- ئەگەر نوێژی هەینی لەسەر واجب نەبێت وەکو ڕێبواری سەر ڕێگا یان پێش هاتنی کاتی هەینی سەفەری کردبێت یان لەشوێنێکدایە کە هەینی تێدا ناکرێت، ئەوا دروستە بۆی کە نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسر پێکەوە قەسر وجەمع بکات.

---

[٥٣] أخرجه البخاري (٩٣٤)

[٥٤] أخرجه مسلم (٨٥٧)

١٢١- ئەگەر ڕێبوار گەیشتە کەمتر لەیەك ڕکاتی نوێژی هەینی ئەوا چوار ڕکات لەسەریێتی و تەواویێتی دەکات دوای سەلام دانەوەی ئەوان.

١٢٢- ئەگەر ڕێبوار گەیشتەوە شاری خۆی لەڕۆژی هەینیدا و کاتێکی کەمیشی مابوو بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی ئەوا دەیگرێتەوە و دەبێت بەشدار بێت.

١٢٣- ئەگەر ڕێبوار نوێژی نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی کردبوو پاشان هاتەوە شاری خۆی و دەیتوانی فریای هەینی بکەوێت، ئەوا لەسەری نییە و نایگرێتەوە.

١٢٤- ئەگەر ڕێبوار لەڕۆژی هەینی و دوای لاربوونەوەی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان سەفەری کرد، ئەگەر لەڕێگا مزگەوت هەبوو نوێژیان تێدا دەکرد ئەوا واجب دەبێت لەسەری کە نوێژیان لەگەڵ بکات، و ئەگەریش مزگەوت نەبوو ئەوا تۆبە وداوای لێخۆشبوونی لەسەرە، و دوو ڕکات نوێژی نیوەڕۆ دەکات.

١٢٥- خوێندنی سورەتی کەهف لەڕۆژی هەینی بۆ ڕێبوار سوننەتە، چونکە خوێندنەکەی پەیوەستە بە ڕۆژەوە نەوەك بە نوێژەوە.

١٢٦ – ئەو ڕێبوارەی کە بەشداری نوێژو وتاری هەینی لەسەر واجب نەبێت، خۆشۆردنی ڕۆژی هەینیشی لەسەر واجب نییە، چونکە خۆشۆردنی هەینی پەیوەستە بەکەسێکەوە کە نوێژی هەینی لەسەر واجبە.

١٢٧- ئەگەر ڕێبوار نوێژی هەینی کرد ئەوا سوننەتەکەی دوایشی دەکات، چونکە بەشوێن فەرزەکەوەیە و پاشکۆیەتی.

١٢٨- کڕین وفرۆشتن بۆ ڕێبوار لە هەینیدا دوای بانگی دووەم دوو حاڵەتی هەیە.

أ- ئەگەر هەریەك لە کڕیار و فرۆشیار ڕێبوار بوون ئەوا دروستە، چونکە ئەوان بانگ نەکراون بۆ بەشداری لە نوێژ و وتاری هەینی.

ب- ئەگەر یەکێکیان ڕێبوار و ئەوی تریان موقیم بوو، ئەوا لەسەر موقیمەکە حەرامە و بۆ ڕێبوارەکەش مەکروهە، چونکە هاوکاری تێدایە لەسەر تاوان وسەرپێچی.

❁❁❁❁❁❁

## چواردەیەم: حوکمەکانی جەژن

١٢٩- حوکمی نوێژی جەژن، چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- ئەو ڕێبوارەی بەڕێگاوەیە واجب نییە لەسەری.

ب- ئەو ڕێبوارەی دابەزیوە لەشوێنێکدا کە نوێژی جەژنی تێدا دەکرێت حوکمەکەی وەکو حوکمی هەینی وەهایە کە پێشتر باسی کرا.

ج- ئەو ڕێبوارەی دابەزیوە لەشوێنێکدا کە نوێژی جەژنی تێدا ناکرێت ئەوا واجب نییە لەسەری وەکو هەینی.

د- موسڵمانانی نیشتەجێی وڵاتانی بێباوەڕ واجبە لەسەریان بەشداری ئەنجامدانی نوێژی جەژن بکەن و بڕۆن بۆی.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## پازدەیەم: حوکمەکانی زەکات

١٣٠- ئەو کەسەی کە دەرکردنی زەکاتی ماڵی لەسەر واجبە و ڕێبوارە ئەوا زەکاتەکەی دەردەکات ئەگەر ماڵەکەی لەگەڵدا بوو، ئەگینا دوای دەخات هەتا دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی یاخود کەسێك ڕادەسپێرێت کە لەبری ئەم دەری بکات بۆی.

١٣١- ئەو کەسەی سەرفترەی لەسەر واجبە و ڕێبوارە ئەوا واجب دەبێت لەسەری کە دەری بکات لەو شارەی کە تێیدایە، و خانەوادەکەشی لەشاری خۆیان بۆ خۆیان دەری دەکەن، و ئەگەریش ئەم کەسە خانەوادەکەی ڕاسپاردبێت لەبری ئەمیش دەری بکەن ئەوا دروستە.

١٣٢- بڕی ماڵی زەکات ئەو کاتە هەژمار دەکرێت و بەهەند وەردەگیرێت لەو شارەدایە کە سەفەری بۆ کردووە لەساتەوەختی دەرکردنی زەکاتەکە.

١٣٣- هەرکەس سەفەری کرد و بێسەروشوێن بوو ئەوا زەکاتی بۆ نادرێت، و ئەگەر زانرا لەژیاندایە دوای ئەوە، ئەوا قەزای ئەو بڕە دەکاتەوە لە

زەکات کە دەری نەکردووە، بەڵام ئەگەر ئامادەنەبوو بۆ ماوەیەکی کەم و گومان دەکرا کە ماوە ئەوا زەکاتی بۆ دەدرێت.

١٣٤- ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی خێزان سەفەری کرد بۆ خوێندن یان سەردان و هاوشێوەکانی جگە لە هاوسەر (ژن)، ئایا زەکات بۆ خۆی دەردەکات یاخود باوکی بۆی دەردەکات؟ دوو حاڵەتی هەیە:

یەکەم: ئەگەر لە خەرجی و نەفەقەیدا سەربەخۆ نەبوو ئەوا لەو شوێنەی کە تێیدایە دەری دەکات، و ئەگەریش باوکی لەشوێنی خۆی بۆ دەربکات ئەوا دروستە، یەکەمیان لەپێشترە.

دووەم: ئەگەر لە خەرجی و نەفەقەیدا سەربەخۆ بوو ئەوا لەو شوێنەی کە تێیدایە دەری دەکات.

١٣٥- ئەگەر ڕێبوار کەسی نەناسی لەو شارەی کە سەفەری بۆ کردووە بەوەی کە شاستەی پێدانی سەرفترە بێت، ئەوا کەسێك ڕادەسپێرێت کە بۆی دەربکات لە شارەکەی خۆی.

١٣٦- هەندێك لە زەکات دەدرێت بە ڕێبوار، ئەو ڕێبوارەی کە هیچی پێ نەماوە و نییە کە پێی بگەڕێتەوە ئەگەریش لەشاری خۆیدا دەوڵەمەند بێت.

## شازدەیەم: حوکمەکانی ڕۆژوو:[٥٥]

١٣٧- مەشروعیەتی ڕۆژو نەگرتن لە سەفەردا لەکاتی بوونی نارەحەتیدا و دروستێتی بەرۆژوبوونیش لەکاتی نەبوونی نارەحەتیدا، باشتر وایە ڕۆژو بگرێت لەکاتی نەبوونی نارەحەتیدا، ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، بەتایبەت بۆ کەسێك سەفەر بۆ مەککە بکات، چاکتر وایە بۆی کە بە ڕۆژو بێت لەبەر چەند قات بوونەوەی پاداشت.

١٣٨- باشتر وایە بۆ ڕێبوار لە ڕۆژانی عاشورا و عەرەفەدا بەرۆژو نەبێت ئەگەر لەرۆژوگرتنیدا تووشی قورسی و نارەحەتیەکی توانا پڕوکێن دەهات، بەڵام ئەگەر نارەحەتیەکی کەم یان هیچی تووش نەدەبوو ئەوا چاکتر وایە بۆی بەرۆژو بێت، چونکە ئەم جۆرە ڕۆژوانە بە قەزا نادرێنەوە بەیەکدەنگی زانایان.

١٣٩- ئەگەر کەسێك بڕیاریدا سەفەر بکات ئەوا دروست نییە بۆی بەرۆژو نەبێت هەتا ئەو کاتەی کە دواهەمین بینای شار بەجێ دەهێڵێت وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

---

[٥٥] انظر إلى المزيد في كتاب ( زاد الصائم ) للمؤلف .

١٤٠- بەڕۆژو نەبوون بۆ ڕێبوار، چەند حاڵەتێکی هەیە:

یەکەم: ڕەمەزانی بەسەردا بێت و ئەو لەسەفەردا بێت ئەوا بەڕۆژو نابێت و بەبێ ڕاجیاوازی زانایان.

دووەم: لە شەودا سەفەری کردووە و بەردەوامە هەتا ڕۆژ ئەوا بەڕۆژو نابێت لەسەر وتەو بۆچوونی زانایان بەزۆری.

سێ یەم: لەشاری خۆی دەرچوو بەڕێبواری و پاشان نیەتی هەبوو لەیەك لە ڕۆژەکانی سەفەرەکەیدا بەڕۆژو بێت، دواتر ویستی بیشکێنێت یان بەڕۆژو نەبێت، و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زا نا یان، لەبەر ئەوەی لە جابری کوری عبداللهرضي الله عنه وە هاتووە کە دەڵێت: (أنَّ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسَلَّمَ خَرَجَ عَامَ الفَتْحِ إلى مَكَّةَ في رَمَضَانَ، فَصَامَ حتَّى بَلَغَ كُرَاعَ الغَمِيمِ، فَصَامَ النَّاسُ، ثُمَّ دَعَا بقَدَحٍ مِن مَاءٍ فَرَفَعَهُ، حتَّى نَظَرَ النَّاسُ إلَيْهِ، ثُمَّ شَرِبَ، فقِيلَ له بَعْدَ ذلكَ: إنَّ بَعْضَ النَّاسِ قدْ صَامَ، فَقالَ: أُولَئِكَ العُصَاةُ، أُولَئِكَ العُصَاةُ)[٥٦]. واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ساڵی ڕزگار کردنی مەککە لە ڕەمەزاندا کەوتەڕێ، ڕۆژووەکەی بەردەوام بوو، تا گەیشتە (کراع الغميم)

[٥٦] أخرجه مسلم(١١١٤).

خەڵکیش بەڕۆژو بوون ئەوســـا داوای پەرداخێك ئاوی کرد و بەرزی کردەوە هەتا هەموو خەڵکی تەماشایان کرد ئینجا خواردیەوە.. دوای ئەوە عەرز یان کرد: هە ندێ کەس هەر بەڕۆژون، ئەویش فەرموی: ئائەوانە یاخیەکانن، ئائەوانە یاخیەکانن!!

**چوارەم**: پێش فەجر لەشـــارەکەی خۆی دەربچێت و نیەتی ڕۆژوی هەبێت، پا شان لە میانەی سەفەرەکەدا ویستی ڕۆژووەکەی بشکێنێت، ئەوا ئەم حاڵەتە جێگای ڕاجیاوازی نێوان زانایانە و وتەی پەسەندیش ئەوەیە کە دروستە بۆی بیشـــکێنێت وئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، چونکە ئەم کەســـە ڕێبوارە، ڕوخســـەتیش بۆ ڕێبوار بە ڕەهاییە ئیتر نیەتی ڕۆژوی هەبێت لەکاتی نیشتەجێ بوونیدا یان ڕێبواربێت، وەکو نەخۆش.

**پێنجەم**: پێش فەجر ســەفەر بکات و نیەتی ڕۆژوی نەبێت، دروســـتە بۆی شت بخوات و بخواتەوە ، چونکە نیەتی ڕۆژوی نەبووە.

١٤١- کەسێك سەفەر دەکات و بەڕۆژوە و پاشان جیماع دەکات ڕاستەوخۆ پێش ئەوەی نیەتی ڕۆژو شکاندنی هەبێت یان پێش نان خواردن،

ئەوا کارەکەی دروستە و کەفارەتیشی لەسەر نییە، و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، چونکە ڕێبوارە.

١٤٢- کەسێك جیماعی کرد و موقیمە، پاشان سەفەری کرد، ئەوا کەفارەتی جیماع لە ڕۆژی ڕەمەزاندا لەسەریەتی وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

١٤٣- ئەگەر ڕێبوار بەڕۆژو نەبوو گەیشتەوە شاری خۆی لە ڕەمەزاندا ئەوا لەسەری نییە خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە واتە " إمساك " بكات، بەڵام بەئاشکرا شت ناخوات و ناخواتەوە لەپێش چاوی خەڵکیدا بۆ ئەوەی گومانی خراپی پێ نەبرێت وئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

١٤٤- ئەگەر ڕێبوار نیەتی ڕۆژوگرتنی هەبوو بەڵام ڕۆژوەکەی نەشکاند و هاتەوە ناو شاری خۆی بە زمانی بەڕۆژووەوە ئەوا دروست نییە بۆی ڕۆژوەکەی بشکێنێت وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

١٤٥- بەڕۆژو نەبوون لەسەفەردا نابێتە هۆی پچڕانی لەسەریەکی کەفارەتی ڕۆژو، وەکو کەفارەتی کوشتنی بەهەڵەی و جیماع لە ڕۆژی ڕەمەزاندا.

١٤٦- هەر کەس خۆری لێ ئاوابوو لە فڕۆکەخانەی شارەکەی یان شارێکی تر و ڕۆژوی شکاند وپاشان فڕۆکەکە فڕی و خۆری بینی، ئەوا نابێت خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە واتە " إمساك " ناکات.

١٤٧- ئەگەر سەرکەوت لە فڕۆکە چەند خولەکێك پێش ئەوەی خۆر ئاوابێت و لەکاتی فڕین و بەرزبوونەوەی فڕۆکەکەدا ڕۆژ بوو وە خۆر بەدەرەوە بوو، ئەوا ڕۆژو ناشکێنێت و نوێژی مەغریب ناکات هەتا خۆری ئەو ئاسمان و دۆخەی کە ئەمی تێدایە ئاوانەبێت.

١٤٨- ئەگەر کەسێك بە شەو سەفەری کرد و فڕۆکەکەی بەئاڕاستەی ڕۆژهەڵات ڕۆیشت و فەجری بینی، ئەوا خۆی دەگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە، چونکە بینینی فەجر واتە ڕۆژ، بۆیە ناگەڕێتەوە بۆی.

١٤٩ - ئەگەر کەسێك بەشەو سەفەری کرد و فڕۆکەکەی هەڵفڕی بەئاڕاستەی خۆرئاوا وفەجری بینی، و دەزانێت کە هەتا بەرەو خۆرئاوا بڕوات شەو لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت، ئەوا خۆگرتنەوەی لە خواردن و خواردنەوە واجب نییە لەسەری و دەتوانێت بخوات، بەهەمان شێوە لەکاتی خۆرئاوابوونیشدا، ئەگەر بەئاڕاستەی خۆرئاوا بڕوات و خۆری لەپێشیەوە بینی

بەڵام هەتا دووردەکەوتەوە لەشــوێنی خۆی و بەرەو خۆر دەڕۆیشــت ، ئەوا ئەگەر نیەتی ڕۆژوی هەبوو نابێت پەلەبکات لە شت خواردندا.

بەڵام ئەگەر بەئاڕاســتەی خۆرهەڵات فڕۆکەکە هەڵفڕی و خۆری بینی کاتێك ئاوادەبێت ئەوا ڕۆژو دەشــکێنێت، و چاوەڕێ ناکات، چونکە هەتا زیاتر بەرەو خۆرهەڵات بێت زیاتر لەخۆر دووردەکەوێتەوە وئاوادەبێت.

پوختەکەشی ئەوەیە کە ئەگەر کەسێك بەڕۆژ سەفەری کرد بەئاڕاستەی خۆرهەڵات ئەوا ماوە و کاتی ڕۆژ بۆ ئەم کەســە کورت دەبێتەوە، و ئەگەریش بەرەو خۆرئاوا ســەفەری کرد ئەوا ماوەی ڕۆژی بۆ درێژ دەبێتەوە، جا بۆیە ئەوەی بەهەند وەردەگیرێت بۆ ئەم حاڵەتە ئەو شــوێنەیە کە ڕێبوارەکەی تێدایە لەکاتی دەرکەوتنی فەجردا و کاتی ئاوابوونی خۆر، ئیتر ڕۆژی لەســەر درێژ بێت یان کورت، و جیاوازی تەوقیتی شوێنی خۆی بەهەند وەرناگیرێت.

١٥٠- کەسێك دەیەوێت بە فڕۆکە سەفەر بکات و شوێنی گرتووە و دڵنیایە لەڕۆیشتن و فڕۆکەخانەکەش لەدەرەوەی شارە، ئەمیش ڕۆژو ناگرێت و نوێژیش کورت دەکاتەوە، پاشان فڕۆکەکە دوادەکەوێت یان شتێك دەبێتە

ڕێگری لەوەی سەفەر بکات، ئەوا ڕۆژو نەگرتن و نوێژکورت کردنەوەکەی تەواوە و هیچی تێدا نییە.

١٥١- جیاوازی بینین لەسەرەتا و کۆتاییدا، پێنج حاڵەتی هەیە:

یەکەم: کەسێك لەشارێکەوە لە کۆتایی مانگی شەعبان سەفەر دەکات و خەڵکی بەڕۆژونین، و دەگاتە شارەکەی خۆی و خەڵکی مانگی ڕەمەزانیان بینیوە و بەڕۆژو دەبن، ئەمیش لەگەڵیاندا بەڕۆژو دەبێت.

دووەم: کەسێك لەشارێکەوە سەفەری کردووە کە خەڵکی ئەو شوێنە مانگی شەوالیان بینیوە، کە دەگاتەوە شاری خۆی دەبینێت خەڵکی مانگی شەوالیان نەبینیوە و ئەمیش ڕۆژو ناگرێت، چونکە ڕۆژو کۆتایی هاتووە، پاشان ئەو ڕۆژەی کە دەمێنێتەوە لەڕۆژوگرتن لە گەردنیدایە دەیگرێتەوە بەقەزا.

سێ یەم: کەسێك لەشارێکەوە سەفەر دەکات کە خەڵکی ئەو شوێنە بەڕۆژوبون، وە دەگاتەوە شاری خۆی و خەڵکی ئەم شوێنەش بەڕۆژو بوون، ئەوا ئەمیش بەڕۆژو دەبێت مادام سی ڕۆژی تەواو نەکردووە، وە نابێت سی و یەك ڕۆژ بەڕۆژو بێت، چونکە بۆ ئەم کەسە مانگ تەواو بووە.

**چوارەم:** کەسێك لەشارەکەی خۆیەوە سەفەر دەکات و ڕۆژو نەگرتووە بەڵام خەڵکی بەڕۆژوبوون لە سیەم ڕۆژدا (کۆتا ڕۆژ) و دەگاتە ئەو شارەی بۆی ڕۆیشتووە دەبینێت خەڵکی جەژن دەکەن، ئەوا ئەم کەسە یەك ڕۆژ قەرزار دەبێت و دەیگرێتەوە.

**پێنجەم:** کەسێك لەشارێکەوە سەفەر دەکات و لەگەڵ خەڵکیدا جەژنی کردووە و بیست ونۆ ڕۆژیشی گرتووە لە ڕۆژو، پاشان سەفەر دەکات بۆ شارەکەی خۆی، ئەوا چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- ئەگەر شار و وڵاتی خۆی و ئەوەشی سەفەری بۆ کردبوو هەر بیست و نۆ ڕۆژ ڕۆژویان گرتبوو ئەوا هیچی لەسەر نییە و مانگی تەواو کردووە.

ب- ئەو شار و وڵاتەی کە ئەم کۆتا ڕۆژی ڕەمەزانی بووە تێیدا و جەژنی لەگەڵدا کردوون بیست و نۆ ڕۆژ بووە، وە شارەکەی خۆی سی ڕۆژیان گرتووە، ئیتر چەند ڕۆژێکی لەگەڵ شارەکەی خۆی گرتبوو یاخود نا، ئەوا ئەو بیست و نۆ ڕۆژەی تەواوەو هیچی لەسەر نییە و ئەو شارە هەژمار دەکرێت کە جەژنی لەگەڵدا کردوون.

ج- هەردوو شارەکە سی ڕۆژی ڕەمەزانیان گرتووە، بەڵام ئەم بیست و نۆ ڕۆژی گرتووە، و ئەو شارەی کە ئەم سەفەری بۆ کردووە جەژن دەکەن لەو ڕۆژەدا، و شارەکەی ئەمیش ڕۆژێك دوای ئەم شارە ڕۆژویان گرتووە و دەستیان پێ کردبوو، بۆیە چاکتر وایە یەك ڕۆژ ڕۆژو بگرێتەوە بە قەزا.

١٥٢- کەسێك خەڵکی شارەکەی ڕۆژویان گرتووە و لەیەکەم ڕۆژی ڕەمەزاندا سەفەری کرد بۆ شارێك کە خەڵکەکەی ڕۆژویان نەگرتووە و تێیدا دەمێنێتەوە، ئەمە چەند حاڵەتێکی بۆ هەیە:

أ- ئەگەر لەو شارەی کە بۆی دەڕوات مایەوە و جەژنی لەگەڵدا کردن، و ئەمیش بیست ونۆ ڕۆژ ڕۆژوی گرتبوو، ئەوا یەك ڕۆژی لەسەر دەمێنێت و بە قەزا دەیگرێتەوە.

ب- ئەگەر لەو شارەی کە بۆی دەڕوات مایەوە و جەژنی لەگەڵدا کردن، و ئەمیش سی ڕۆژ ڕۆژوی گرتبوو، بەڵام قەزای یەکەم ڕۆژی لەسەر دەمێنێت، ئایا دەیگرێتەوە و بەوەش دەبێت بە سی و یەك ڕۆژ، یاخود لەسەری دەکەوێت چونکە مانگ سی ڕۆژە؟ جێگای تێڕامانە وباشتر وایە بۆ دڵنیابوونی خۆی قەزای بکاتەوە.

١٥٣- سەفەرکردن بۆ مزگەوتێك بە مەبەستی إعتكاف " مانەوە تێیدا بە مەبەستی خواپەرستی " چەند حاڵەتێکی هەیە: ئەگەر سەفەرەکە بۆ یەکێك لە مزگەوتەکانی مەککە و مەدینە و ئەقصا بوو ئەوا دروستە، بەڵام ئەگەر بۆ جگە لەوانە بوو ئەوا، تەماشا دەکرێت، ئەگەر کەسەکە مەبەستی خودی شوێنەکە بوو ئەوا دروست نییە، بەڵام ئەگەر بۆ ئەوە بوو کە ئەو شوێن و مزگەوتە خشوعی زیاتری هەیە و باشتر نوێژەکەی دەکات و بیری لایەتی لەبەر ئیمامەکەی یان بوونی چەند دەرس و وانەیەکی زانستی و هاوشێوەی ئەمانە ئەوا دروستە.

❁❁❁❁❁❁

**حەڤدەیەم: هەندێ ئەحکامی سەردانی کردنی مەککە و مزگەوتی حەرام**

١٥٤- دروست نییە کەسی بێباوەڕ بچێتە ناو سنوری حەرەمەوە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا ٱلْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُوا۟ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ ﴾ (التوبة: ٢٨).

واتە: بەڕاستی هاوبەش پەیداکەرەکان پیس وچەپەڵن ( لە نیەت و بیروباوەڕیاندا) ، بۆیە مەهێڵن نزیکی ماڵی خوا ( کەعبە ) بکەونەوە.

١٥٥- دروستە بچیتە ناو مەککەوە بەبێ ئەنجام دانی عومرەش، و دروستیشە بچیتە ناویەوە و تەنها تەواف یان نوێژ بکەیت، بەڵام باشتر وایە بۆ ئەو کەسەی کە هەرگیز عومرەی نەکردووە، کە هاتە ناویەوە سەرەتا عومرە بکات بۆ ئەوەی لە ڕاجیاوازی زانایان دەربچێت.

١٥٦- دوو ڕکات سڵاوی مزگەوت (تحیة المسجد) لەکاتی هاتنە ژوورەوەدا، و ئەو کەسەشی کە نیەتی تەواف کردنی هەیە دروستە بۆی و لە دوای ئەنجامدانی تەوافەکەی کە دوو ڕکات دەکات ئەوا تەحیەت المسجدەکەی لەسەر دەکەوێت.

١٥٧- نوێژکردن لەنێو سنوری حەرەمدا چەند قات دەبێتەوە بۆ سەد هەزار نوێژ، ئیتر نوێژی فەرز بێت یان سوننەت و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە لە زانایان، و جگە لە نوێژیش خواپەرستیەکانی تریش چەند قات دەبنەوە بەڵام دیاری نەکراوە.

١٥٨- بۆ ئەو کەسەی کە لێی دەردەچێت پێویست بە " الوداع " وماڵئاوایی ناکات جگە لە حاجی، ئەمەش لەسەر وتەی پەسەندی نێوان دوو بۆچوونی زانایان، لەبەر نەبوونی بەڵگەی ڕاشکاوی صەحیح.

١٥٩- دروست نییە ڕاوی تێدا بکرێت، و ئەم لەناو مەککەدا بێت، و دار و درەختی نابڕێتەوە، ئەو دارەی کە بەبێ هۆکاری مرۆیی و دەست تێوەردانی مرۆڤ خۆی ڕواوە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە، بەڵام دروستە بەروبومی داری بەردار بکرێتەوە بۆ خواردن یان سیواك یان چارەسەرێك بێت و سوودی لێ ببینرێت.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## هەژدەیەم: هەندێ لە ئەحکامەکانی حەج و عومرە:[٥٧].

١٦٠- چۆنێتی ئیحرام بەستن بۆ حەج و عومرە بۆ کەسی ڕێبوار لەنێو فڕۆکەدا:

أ- لە ماڵی خۆیدا خۆی دەشوات و جلە ئاساییەکەی خۆی لەبەر دەکات و ئەگەریش ویستی ئیحرام دەپۆشێت.

ب- ئەگەر فڕۆکەکە نزیك کەوتەوە لە ئاستی میقات ئەوا ئەگەر ئیحرامی نەپۆشیبوو پێشتر، دەیپۆشێت.

ج- ئەگەر فڕۆکەکە گەیشتە ئاستی میقات ئەوا نیەتی چوونە ناو حەج یان عومرە دەهێنێت وتەلبیە دەکات بۆ ئەوەی کە بۆی هاتووە.

د- ئەگەریش ئیحرامی پۆشی پێش ئەوەی بگاتە میقات وەکو خۆئامادەکردنێك لەترسی لەبیرچوون و بێ ئاگایی ئەوا هەر دروستە لەسەر بۆچوونی هەر چوار مەزهەبەکە.

---

[٥٧] انظر للمزيد كتاب (التحفة في أحكام العمرة والمسجد الحرام ) للمؤلف الطبعة السابعة طبعة دار الحضارة.

١٦١- ئەگەر کەسێك لە فڕۆکەخانەی جدە دابەزی و لەشارەکەی خۆیەوە بە مەبەستی حەج یان عومرە هاتبوو وە لە نێو فڕۆکەکەدا ئیحرامی نەبەستبوو لە شوێنی میقاتدا بەهۆی بیرچوونەوە یان نەزانین یان خەوتنەوە ئەوا واجبە لەسەری بگەڕێتەوە بۆ میقاتی وڵاتەکەی ولەوێ ئیحرام بپۆشێت، ئەمە بەیەکدەنگی زانایان، و ئەگەریش نەیتوانی ئەو کارە بکات ئەوا هەر لە جدە ئیحرام دەبەستێت یان لە مەککە و فیدیەیەکیشی لەسەرە کە ئاژەڵێکە دەبێت سەری ببڕێت لە مەککە و بەسەر هەژارانیدا دابەشی بکات، ئەمەش لەسەر بۆچوونی هەرچوار مەزهەبەکە، و هەرکەسیش نیەتی چوونە ناو حەج یان عومرەی هەبوو، وە خەبەری نەبووەوە دوای تێپەڕاندنی میقات نەبێت ئەوا ئیحرامەکەی دروست و صەحیحە.

١٦٢- ئەو ڕێبوارەی کە سواری فڕۆکە بووە و نیەتی حەج یان عومرەی هەیە و میقاتی تێپەڕاند و بیری چوو ئیحرام بپۆشێت ئەوا واجبە لەسەری جلەکەی بەری دابکەنێت و وەکو ئیحرام بیپێچێت بە خۆیەوە، بەڵام شەرواڵەکەی لەپێدا دەبێت هەتا دادەبەزێت، و ئەگەریش ئەم کارە لەسەری قورس وگران بوو ئەوا هەر لەنێو جلەکانی خۆیدا لەبەریدا دەمێنێتەوە، بەڵام

فیدیه دەدات " كە سەربڕینی ئاژەڵە " لەبەر ئەوەی جلێكی لەبەركردووە كە دووراوەتەوە و ئەگەریش سەری داپۆشی ئەوا فیدیەیەكی تر دەدات، و دەبێت پەلەش بكات بۆ پۆشینی ئیحرام لە هەر كات و شوێنێك دەستی كەوت.

١٦٣- چۆنێتی ئیحرام پۆشین بۆ كەسێك بەڕێگەی ئاوی و دەریا سەفەر بكات، هەر كە گەیشتە ئاستی میقات ئەوا لەو شوێنەدا ئیحرام دەبەستێت، و ئەگەریش نەگەیشتە ئەو ئاست و شوێنی میقاتە ئەوا هەر لە جدە ئیحرام دەپۆشێت.

١٦٤- هەركەس بە جلی ئیحرامەوە گەیشتە ناو مەككە واجب نییە لەسەری دەستبەجێ لەگەڵ گەیشتنیدا عومرە بكات ، (واتە دەتوانێ پشوویەك بدات پاشان دەست بكات بە عومرەكەی)

١٦٥- هەركەس لەشارەكەی خۆیەوە سەفەری كرد بۆ كارێك یان مەبەستی تری هەبوو وە بەلای میقاتدا تێپەڕی ئەوا چەند حاڵەتێكی هەیە:

أ- ئەگەر نیەتی حەج و عومرەی نەبوو ئەوا هیچی لەسەر نییە.

ب- ئەگەر نەیزانی كە ئایا حەج یان عومرەی بۆ ئاسان دەبێت بیكات یان نا؟ ئەوا لەم حاڵەتەدا ئیحرام پۆشینی لە میقاتدا لەسەر واجب نییە، و ئەگەر

دواى ئەوە بڕياريدا و نيەتى هێنا ئەوا هەر لەو شوێنەدا ئيحرام دەبەستێت، و ئەگەريش لەناو مەككەدا بڕياريدا و خۆى يەكلاكردەوە ئەوا لە سنورى حەرەم دەردەچێت و ئەگەريش لە ناو سنورى ميقاتدا بڕيارەكەى دا وەكو جدە و بحرە، ئەوا هەر لەوێدا ئيحرام دەبەستێت.

ج – ئەگەر بە ميقاتدا تێپەڕى و سوور بوو وە بڕيارى دابوو – دواى يان پێش تەواوبوونى كارەكەى – حەج يان عومرە بكات بەڵام ئيحرامى نەبەستبوو، ئەوا واجبە لەسەرى بگەڕێتەوە بۆ ميقات بۆ ئيحرام پۆشين، و ئەگەريش نەيتوانى ئەوا هەر لە شوێنەكەى خۆى ئيحرام دەپۆشێت و ئەگەر لەناو ميقاتدا بوو ئەوا فيدە دەدات كە سەربڕينى ئاژەڵە، و ئەگەريش لەناو مەككەدا بوو ئەوا تێيدا ئيحرام دەپۆشێت، و فيديەى لەسەرە كە سەربڕينى ئاژەڵە لە مەككەدا.

١٦٦– ئافرەت ئەگەر لە سووڕى مانگانەدا بوو وە بە ميقاتدا تێپەڕى ئەوا سێ حاڵەتى هەيە:

يەكەم: ئەگەر دڵنيابوو يان زۆرينەى گومانى بۆ ئەوە دەچوو كە پاك دەبێتەوە لە مەككەدا ئەوا لەسەريەتى ئيحرام ببەستێ و بڕواتە ناو مەككەوە و چاوەڕێ بكات هەركە پاك بوويەوە عومرەكەى دەكات.

دووەم: ئەگەر بە میقاتدا تێپەڕی و ئەم لەسوڕی مانگانەدا بوو وە نەیدەزانی کە پاك دەبێتەوە لە مەککە یان نا؟ ئەوا دەتوانێت ئیحرام ببەستێت بە مەرج و دەڵێت: (اللهم لبيك عمرة، فإِنْ حَبَسنِي حابسٌ فَمَحِلِّي حَيْثُ حَبَسْتَنِي) . جا ئەگەر پاك بوویەوە ئەوا عومرەکەی تەواو دەکات، و ئەگەریش ویستی دەربچێت وبڕواتەوە و پاك نەبووبێتەوە ئەوا دەتوانێت بەبێ عومرە بچێتەوە و هیچی لەسەر نییە.

سێ یەم: ئەگەر بە میقاتدا تێپەڕی ولەسوڕی مانگەدا بوو، وە ئیحرامی نەبەست لەبەر نەزانین و نیەتی عومرەشی هەبوو، لە مەککە پاك بوویەوە و ویستی عومرە بکات ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ میقات، و ئەگەریش نەیتوانی بگەڕێتەوە ئەوا دەچێتە دەرەوەی سنوری حەرەم و ئیحرام دەپۆشێت و عومرەکەی دەکات و ئاژەڵێك سەردەبڕێت بۆ هەژارانی حەرەم.

١٦٧- ئافرەت لەکاتی سوڕی مانگانەدا دروستە بۆی ئیحرام ببەستێت و هیچ بەڵگەیەك لەسەر نەشیاوێتی نییە.

١٦٨- هەرکەس ویستی قوربانی بکات و ڕێبواریشە ئەوا دەتوانێت ئەو کارە بکات لەو شوێنەی کە تێیدایە، یان کەسێك ڕادەسپێرێت کە قوربانیەکەی

بۆ بکات لەشارەکەی خۆی یان شاری تر، لەبەر کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ[58] ، و هەروەها لەبەر گشتێتی دەق وبەڵگەکان لەبارەی قوربانیەوە کە جیاوازی نەکردووە لەنێوان موقیم و ڕێبوار.

١٦٩- ئەو خوێندکارانەی لە دەرەوەن و دەخوێنن ئەگەر ویستیان قوربانی بکەن بەهاوبەشی لە نرخی کاوڕەکە نابێت و دروست نییە، بەڵام بۆ مانگا و وشتر هەتا حەوت کەس دروستە، لەبەر کرداری هاوەڵان[59] ، وە دروستیشە پارەکە وەکو بەخشیش بدەن بەیەکێکیان وپاشان ئەویش کاوڕ یان مەڕەکە بکڕێت و لەپاداشتەکەیدا هاوبەشیان بکات.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

---

[58] أخرجه مسلم (٣٧٦٣)

[59] أخرجه مسلم (١٣١٨)

**نۆزدەیەم: حوکمەکانی سەردانی کردنی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ:**

١٧٠- سەفەرکردن بۆ سەردانی کردنی مزگەوتی پێغەمبەری خواﷺ لە هەر کاتێکدا بێت دروستە بەیەکدەنگی زانایان.

١٧١- حوکمی سەفەرکردن بۆ سەردانی کردنی گۆڕستان و تێیدا گۆڕی پێغەمبەری خواﷺ دوو حاڵەتی هەیە:

أ- ئەگەر نیەتی تەنها سەردانی کردنی گۆڕ بێت ئەوا دروست نییە، لەبەر فەرموودەی: (لا تُشَدُّ الرِّحالُ إلَّا لِثَلاثَةِ مَساجِدَ)[٦٠].واتە: سەفەر ناکرێت (سەفەری عیبادەت) مەگەر تەنها بۆ سێ مزگەوت نەبێت.

ب- ئەگەر نیەتی هەردووکیان بوو - واتە مزگەوت و گۆڕ - ئەگەر مەبەستی ئەوەبوو کە ئەگەر بگاتە شاری مەدینە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر بکات ﷺو سەلامی لێ بکات ئەوا دروستە، بەڵام مەبەستی سەفەرەکە و لەماڵ دەرچوونی لەپێناو ئەوە بێت کە سەردانی گۆڕ و مزگەوت بکات ئەوا دروست نییە.

---

(٦٠) أخرجه البخاري (١١٨٩) ومسلم (١٣٩٧).

١٧٢- چەند فەرموودەیەك هاتوون سەبارەت بە فەزڵی سەردانی کردنی گۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ بەتایبەت، هیچیان صەحیح نین، هەڵبەستراو یان مونکەرە، لەوانە:

- (من حج البيت ولم يزرني فقد جفاني).
- (من زار قبري وجبت له شفاعتي).
- (من زارني بالمدينة محتسباً كنت له شهيداً أو شفيعاً يوم القيامة).

١٧٢- لەسەری نییە چل نوێژ لە مەدینەدا بمێنێتەوە، ئەو وتەیەش صەحیح نییە کەدەڵێت: زیارەت قەبوڵ نییە ئیلا بەو ژمارەیە نەبێت.

١٧٣- نوێژی سوننەت لە " الروضة " سوننەتە، بەڵام نوێژی فەزر ڕیزی یەکەم باشترە نەوەك لە " الروضة " .

١٧٤- سەردانی کردنی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ و هەردوو هاوەڵەکەی ئەبوبەکر و عومەر ڕەزای خوایان لێ بێت ئەگەر گەیشتە مزگەوت دروستە سەلامیان لێ بکات، پاشان دەڕوات و زۆر نامێنێتەوە، و دەنگ بەرز ناکاتەوە و سەلامیش دووبارە ناکاتەوە، و دروست نییە لای گۆڕەکە دوعا بۆ خۆی یان کەسی تر بکات بە ئومێدی گیرابوونی و بەرەکەت ئیتر ڕووی لەگۆڕەکە بێت

یان قیبلە، هەروەکو چۆن دروست نییە داوا لە پێغەمبەر ﷺ بکرێت و دەست بەسەر گۆڕەکەدا بهێنرێت، چونکە ئەوە عیبادەتە و بابەتی عیبادەتیش نەگۆڕە، و هیچ یەکێك لە هاوەڵان ئەم کارەیان نەکردووە لەکاتێکدا ئەوان زاناتر و لەخواترستر بوون.

١٧٥- سەردانی کردنی ئافرەتان بۆ گۆڕستان دروست نییە لەسەر وتەی پەسەندی زانایان، ئیتر جیاوازی نییە گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بێت یان جگە لەو، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ: (لعن زوارات القبور) [٦١]،نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی زۆر سەردانی گۆڕستان دەکەن. بەڵام ئەگەر ئافرەت بەبێ مەبەست بەلای گۆڕەکەدا تێپەڕی ئەوا دروستە سەلامی لێ بکات.[*]

---

([٦١]) أخرجه الترمذي (١٠٥٦) وقال حسن صحيح.

[*]ئافرەتانیش وەکو پیاوانن لە سوننەتی سەردانی گۆڕستان ، لەبەر ئەمانەی خوارەوە :

**یەکەم** : فێرکرنی زیکری چونە سەر گۆڕستان لە پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ ( عائشە ) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ .

**دووەم** : گشتێتی وتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی " ... **فزوروها** " ، واتە : سەردانی گۆڕستان بکەن ، کە ئافرەتانیش دەچنە ژێر ئەم فەرمانەوە .

**سێیەم** : بێ دەنگ بوونی پێغەمبەر ﷺ لەو ئافرەتەی کە لای گۆڕەکە بینی دەگریا ، هەروەکو لە فەرموودەی ( أنس ) دا ڕەزای خوای لێ بێ هاتووە کە : **" مرَّ رسول الله ﷺ بامرأة عند قبر وهي تبكي ، فقال لهـا : اتقي الله واصبري... "** ( رواه البخاري ) ، واتە :

١٧٦- ئایا سەردانیکار هاتنی بۆ لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ دووبارە دەکاتەوە هەر کاتێك هاتە ناو مزگەوتەوە؟ چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- هەموو جارێك هاتە ناو مزگەوتەوە و مەبەستی سەردانی کردنی گۆڕەکە بێت ئەوا دروست نییە، لەبەر نەکردنی ئەم کارە لەلایەن هاوەڵان و تابعینەوە، و ئەگەریش ئەمە دروست و شەرعی بوایە بێگومان ئەوان پێشمان دەکەوتن تێیدا.

---

پێغەمبەری خوا ﷺ دای بەلای ئافرەتێکدا کە لە لای گۆڕێك بوو دەگریا ، ئەویش پێی فەرموو : لە خوا بترسە وئارام بگرە ... هتد .

پێشەوا ( الحافظ ) لە ( الفتح ) دا فەرموویەتی : (( **وموضع الدلالة منه أنه ﷺ لم ينكر على المرأة قعودها عند القبر ، وتقريره حجة** )) ، واتە : جێگەی بەڵگە لەم فەرموودەیە ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ دانیشتنی لای گۆڕکەی ئینکار نەکرد لە ئافرەتەکە ، و بێ دەنگی پێغەمبەریش ﷺ بەڵگەیە .

**بەڵام** : دروست نیە بۆ ئافرەتان کە زۆر سەردانی گۆڕستان بکەن ، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تووشی سەرپێچی شەرعی ببن ، وەك هات و هاوارکردن ، و خۆڕازاندنەوە ، و کردنی گۆڕ بەشوێنی گەشت وگوزار ، و کات بەفیڕۆدان لە قسەی پڕ و پوچدا .

مامۆستا عدنان بارام

ب- صەڵەوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ دروستە لەکاتی هاتنە ژوورەوە بۆ مزگەوت و ئەمەش لەسوننەتدا هاتووە.[٦٢]

ج- ڕێبوار و موقیم ئەگەر هاتە ناو مەدینە و هات بۆ مزگەوت دروستە بۆی سەردانی گۆڕەکە بکات.

د- ئەگەر کەسێك ویستی لە مەدینەوە سەفەر بکات و بێت بۆ لای گۆڕەکە وسەلامی لێ بکات بەمەبەستی خواحافیزی و ماڵئاوایی لێ کردن، ئەمە کارێکی خواپەرستیە و پێویستی بەبەڵگە هەیە، و هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر ئەمە نییە، بەڵام ئەگەر تەنها مەبەستی سەلام کردن بێت ئەوا دروستە.

١٧٧- سەردانی کردنی گۆڕستانی بەقیع و شەهیدەکانی ئوحود دروستە لەبەر ئەنجامدانی ئەو کارە لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ.[٦٣]

---

(٦٢) أخرجه النسائي (عمل اليوم والليلة) (٩٠) وصححه البوصيري في مصباح الزجاجة (١/ ٩٧) .

(٦٣) أخرجه مسلم (٩٧٤).

١٧٨- سەردانی کردنی مزگەوتی قوبا و نوێژ کردن تێیدا سوننەتە[٦٤] و پاداشتی عومرەیەکی هەیە وەکو بەڵگەی لەسەرە[٦٥].

١٧٩- ئایا ئەو دوو ڕکات سوننەتەی لە مزگەوتی قوبادا دەکرێت لەو کاتانەشدا دەکرێت کە نەهی لێ کراوە لە نوێژکردن تێیدا؟ بابەتەکە هەردوو ئەگەرەکە هەڵدەگریت، ئەوەتا لە ابن عومەرەوە هاتووە ڕەزای خوایان لێ بێت کە دەڵێت: (كان لا يصلي من الضحى إلا يوم يقدم مكة أو يأتي مسجد قباء، وكان يأتيه كل سبت، وكان يكره أن يخرج منه حتى يصلي فيه، ويقول: أصنع كما يصنع أصحابي فيه، ولا أمنع أحدًا صلى فيه أي ساعة شاء من ليل أو نهار، غير ألا تتحروا طلوع الشمس ولا غروبها)[٦٦]. واتە: نوێژی چێشتەنگاوی نەدەکرد ئەو ڕۆژە نەبێت کە دەهاتە ناو مەککەوە یان دەڕۆیشت بۆ مزگەوتی قوبا، وە ئەو هەموو شەممەیەك لە هەفتەدا دەڕۆیشت بۆ قوبا، و پێی ناخۆش بوو کە لێی دەربچێت هەتا نوێژی تێدا نەکات، و دەیوت: منیش وەکو هاوەڵانم دەکەم، و ڕێگری لە

(٦٤) أخرجه البخاري (١١٩٤).

(٦٥) أخرجه الترمذي (٣٢٤) وقال:حسن صحيح والحاكم (٤٢٧٩) وصححه ووافقه الذهبي وصحح إسناده العراقي في تخريج الإحياء (١/٢٦٠).

(٦٦) أخرجه البخاري (١١٩١، ١١٩٢).

هیچ کەس ناکەم لەهەر ساتێکی شەو یان ڕۆژدا بیەوێت نوێژی تێدا بکات جگە لەو کاتەی کە خۆر دەردەچێت و ئاوا دەبێت.

١٨٠- کەمترینی دوو ڕکاتە وەکو سوننەتی چێشتەنگاو، و زۆرترینیشی دیاری نەکراوە.

١٨١- سوننەتەکە دەپێکێت و بەدەست دێت بە ئەنجامدانی نوێژ لەو مزگەوتەدا ئیتر نوێژی فەرز بێت یان سوننەت.

١٨٢- سەردانی کردنی ئەوەی پێی دەوترێت حەوت مزگەوتەکە و مزگەوتی دوو قیبلە و والغمامة و والفتح و والمعرّس کارێکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە وبەڵکو بیدعەیە ئەگەر کەسێك پێی وابێت ئەو کارە فەزڵی هەیە.

١٨٣- ڕاسپاردنی ئەو کەسەی کە سەفەر دەکات بۆ مەدینە بەوەی سەلام بکات لە پێغەمبەری خوا ﷺ کارێکە شەرعی نییە، چونکە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواوە هیچ شتێك لەم بارەیەوە نەهاتووە و تەنانەت لە سەلەفیشەوە، لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (وصَلُّوا عليَّ؛ فإنَّ صَلاتَكم

**تَبلُغُني حيثُ كُنتُم)**[٦٧]، واتە: سەڵەواتم لەسەر بدەن چونکە پێم دەگات لەهەر کوێ بن. جگە لەمەش ئەو کارە عیبادەتە و پێویستی بە بەڵگە هەیە.

١٨٤- هاتنە ژوورەوەی کەسی بێباوەڕ بۆ مەدینە و مانەوەی بۆ ماوەیەکی کەم دروستە، بەڵام بۆ نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی و مانەوەی یەکجاری دروست نییە و ڕێگەپێدراو نییە، و ئەمەش بەیەکدەنگی زانایان.

١٨٥- هاتنە ژوورەوەی کەسی بێباوەڕ بۆ نێو مزگەوتی مەدینە دروست نییە مەگەر لەکاتی پێویستیدا نەبێت وئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە، لەبەر بەگەورە ڕاگرتنی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ.

❁❁❁❁❁❁

(٦٧) أخرجه أحمد (٨٨٠٤) وأبو داوود (٢٠٤٢) وصححه ابن حجر في الفتح (٤٨٨/٦).

**بیستەم: چەند بابەتێکی پەیوەست بە هاوسەرگیری و ئافرەت:**

١٨٦- دروست نییە بۆ مێرد سەفەر بکات وخێزانی بەجێ بهێڵێت بۆ ماوەیەك کە زەرەر و زیانی بەخێزانی بگەیەنێت مەگەر بە ڕەزانەندی خۆی نەبێت، وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، و جا با هاوسەران وریا وئاگاداری ئەم خاڵەبن، و لەخوابترسن لە خێزان و منداڵەکانیان، بەتایبەت ئێمە لە سەردەمی فیتنە و لاوازی ئیماندایین.

١٨٧- ئیزن و ڕێگەدانی مێرد بۆ خێزانی مەرج نییە لەسەفەری حەج و عومرەی واجب، چونکە گوێڕایەڵی خوا لەپێشترە، بەڵام بۆهی سوننەت و سەفەری حەڵاڵ مەرجە.

١٨٨- هاوسەرگیری کردن بە نیەتی تەڵاق حەرامە ئەگەر مێرد ئەو نیەتەی هەبێت بەبێ ئەوەی ئاشکرای بکات ئیتر بۆ کاتێکی دیاری کراو بێت یان نا، و ئەم کارە هاوشێوەی موتعە و مارەبەجاشە کە هەردووکیان حەرامن، وە ئەگەریش ئاشکرای بکات و هەردووکیان ڕێکبکەون لەسەری ئەو هاوسەرگیری موتعەیە، و ئەم جۆرەش ئەگەر کاتی تەڵاق تێیدا دیاری کرابوو وە زانراوبوو ئەوا حەرامە، کەواتە ئەگەر کاتی تەڵاقەکە شاراوە بێت لە ناخی

مێردەکەدا بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە حەرامە، چونکە فێڵ و هەڵخەڵەتاندنە، وشەریعەتیش ئەم کارەی حەرام کردووە، و هەموو ئەو وەسیلە وهۆکارانەشی کە سەردەکێشن بۆ ئەمە وپێچەوانەی مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەتە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا.

١٨٩- ئەگەر کەسێك چەند خێزانێکی هەبێت و بیەوێت سەفەرێك بکات بۆ کارێك کە پەیوەندی بە یەکێك لە خێزانەکانیەوە نەبوو، ئەوا هە موویان دەبات، و ئەگەر یش بۆی نە کرا و نە یتوا نی ئەوا قورعە " تیروپشك"یان بۆ دەکات وئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە. لەبەر کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ [٦٨].

١٩٠- ئەگەریش لە تیروپشکەکەدا بۆ یەکێکیان دەرچوو ئەوا واجب نییە بیبات بۆ سەفەر، و دەتوانێت خۆی بەتەنها سەفەرەکە بکات.

١٩١- ئەگەر ئەو ئافرەتەی کە تیروپشکەکە بۆی دەرچووە، ڕەدی کردەوە سەفەر بکات و پشکەکەی خۆی بەخشی بە یەکێکی تریان ئەوا دروستە بەو مەرجەی کە مێردەکە ڕازی بێت، بەڵام ئەگەر مێردەکە ڕازی نەبێت ئەوا

[٦٨] أخرجه البخاري (٢٥٩٣).

واجبە لەسەر ئەو ئافرەتە کە سەفەری لەگەڵدا بکات چونکە حەق بە مێردەکەیە، مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە لەسەرەتا گرێبەستەکەوە بە مەرجی گرتبێت کە سەفەری پێ نەکات.

١٩٢- ئەگەر نەهات بۆ سەفەرەکە و مێردەکەشی ڕازی بوو بەو نەهاتنەی ئەوا تیروپشکەکە دووبارە دەکرێتەوە.

١٩٣- دەرکردنی یەکێك لە خێزانەکان لەتیروپشکەکە لەبەر هۆکارێکی شەرعی ڕەوا دروستە، و قەرەبووی دەکاتەوە لەسەر شتێك کە خۆیان لەسەری ڕێکبکەون.

١٩٤- ئەگەر تیروپشکی کرد لەنێوان خێزانەکانیدا و ڕۆیشت بۆ سەفەر و لەگەڕانەوەیدا لەسەفەرەکەی قەزا وقەرەبووی ئەو خێزانەی ناکاتەوە کە سەفەری لەگەڵ نەکردووە، بەڵام ئەگەر تیروپشکی نەکرد ئەوا قەرەبووی بۆ دەکاتەوە، چونکە نەهاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە قەزا وقەرەبووی کردبێتەوە لەکاتی ئەنجامدانی تیروپشکدا.

١٩٥- چۆنێتی مانەوە و ماف پێدان لەدوای گەڕانەوەی مێرد لە سەفەر، چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- سەفەرەکەی لەدوای تەواوبوونی نۆرەی مانەوەی بوو لای یەکێکیان

- وەکو سەفەرکردنی دوای فەجر - ئەوا کە هاتەوە لە نۆرەی دوای ئەوەوە

دەست پێ دەکات.

ب- سەفەرەکەی لەکاتی نۆرەی یەکێکیاندا بوو - وەکو سەفەر کردن

لەسەرەتای شەوەوە - ئەوا بۆی قەرەبوو دەکاتەوە کە گەڕایەوە.

١٩٦- ئەگەر ئافرەتەکە سەفەری کرد و پاشان گەڕایەوە ئایا بۆی

قەرەبوو دەکرێتەوە شەومانەوەی مێرد؟ چەند حاڵەتێکی هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر بەبێ ئیزنی مێرد سەفەری کرد ئەوا شەومانەوەی مێردی

بۆنابێت، چونکە ئەوە سەرپێچی کردنە.

**دووەم:** ئەگەر بەئیزنی مێرد سەفەری کرد و بۆ مەبەست و پێویستی

ئەویش بوو ئەوا بۆی قەزا دەکاتەوە و قەرەبووی ئەو شەوەی بۆ دەکاتەوە.

**سێ یەم:** ئەگەر بە ئیزنی مێرد سەفەری کرد بەڵام بۆ پێویستی خۆی بوو

وەکو حەج و عومرە و هاوشێوەکانی، ئەوا مافەکەی دەڕوات و بۆی قەرەبوو

ناکرێتەوە، چونکە ئەو پچڕانە بە هۆکاری خۆی بووە.

**چوارەم:** ئەگەر مێردەکە سەفەری کرد بە خێزانەکەی بۆ پێویستی ئافرەتەکە، کرۆکی قسەی زانایان ئەوەیە کە مێردەکە گەڕایەوە لەسەفەر قەرەبووی شەومانەوە ناکاتەوە بۆ ئەو ئافرەتە، چونکە پێویستی ئەو بووە، و ئەم لەگەڵیدا بووە.

١٩٧- حەرامە بۆ ئافرەت سەفەر بکات خۆی تەنها، ئیتر سەفەرەکە دوور و درێژبێت یان کورت، وشکانی بێت یان ئاسمانی، مادام لە عورفی خەڵکدا پێی دەوترێت سەفەر، وە عیبرەت بە سەفەرەکەیە نەوەك ئەو وەسیلەیەی کە سەفەرەکەی پێ دەکات، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، لەبەر فەرموودەی: (لا تُسَافِرِ المَرْأَةُ إلَّا مع ذِي مَحْرَمٍ) (٦٩)، واتە: ئافرەت سەفەر ناکات ئیلا لەگەڵ مەحرەمیدا نەبێت. جا ئەم نەهیەش گشتگیرە و هەموو ئافرەتێك دەگرێتەوە گەنج بێت یان پیر، وە سەفەرەکەش سەفەری حەڵاڵ بێت یان سوننەت ئەمە بە یەکدەنگی زانایان. بە هەمان شێوە سەفەری حەجی واجبیش لەسەر وتەی صەحیحی زانایان لەنێو دوو بۆچوونیاندا، لەبەر ئەوەی ڕێگریەکە گشتیە.

(٦٩) أخرجه البخاري (١٨٦٢) و مسلم (٤٢٤).

١٩٨- مەرجەکانی مەحرەم لە سەفەردا: کەسێکی نێری باڵغی ژیر بێت.

١٩٩- سەفەری ئەو ئافرەتەی کە لە عیددەی تازێ باری وپرسەدایە، چەند حاڵەتێکی هەیە: [٧٠]

**یەکەم:** لەعیددەدایە بە هۆی مردنی مێردەکەیەوە، چەند شێوەیەکی هەیە:

أ- سەفەری بێ پێویستی ئەو ئافرەتەی کە لەتازێ باریدایە[٧١] دروست نییە، بەیەکدەنگی زانایان لەبەر نەهی کردنی لەلایەن پێغەمبەری خواوەﷺ[٧٢].

ب- ئەگەر ئافرەت دەرچوو بۆ سەفەری حەج و مێردەکەی مرد وئەمیش بەڕێگاوە بوو، پێش ئەوەی ئیحرام ببەستێت، واجبە بگەڕێتەوە، و

(٧٠) انظر كتاب «سلوة الفؤاد في آداب وأحكام الحداد» للمؤلف.

٧١ أي المتوفى عنها زوجها ، ويقال حاد ومحدة ، والأول أفصح .

٧٢ أخرجه مالك (٢/٥٩١)، وأحمد (٢٧٠٨٧)، والترمذي (١٢٠٤)، وصححه، وصححه الذهلي والحاكم وابن القطان وابن الملقن المحرر في الحديث (١٠٨٦)، البدر المنير (٨/٢٤٣).

ئەگەریش ئیحرامی بەستبوو ئەوا حەجەکەی تەواو دەکات و ناگەڕێتەوە و عومرەش بەهەمان شێوەیە.

ج- سەفەری ئەو ئافرەتەی کە مێردەکەی دەمرێت لە تاراوگەدا، و ئەمیش ناتوانێت لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە لەترسی خۆیدا چونکە دڵنیا و سەلامەت نییە لەخۆی، بۆ وڵات وشارەکەی خۆی و هاوشێوەی دورستە و لای ئەواندا عیدە دەبەستێت.

د- سەفەری ئەو ئافرەتەی لە تازێباری مێردەکەیدایە لەگەڵ کەسوکاری خۆیدا بۆ پێویستیەك و مانەوەی بەتەنها تووشی زیان دەهات دروستە، و هەروەها سەفەرکردنی بۆ وەرگرتنی چارەسەر دروستە.

هـ- سەفەری ئەو ئافرەتەی لە تازێباری مێردەکەیدایە لەگەڵ کەسوکاری خۆیدا بۆ گەشت وسەیران وبێ پێویستی دروست نییە، بەڵام ئەگەر کەسوکاری ڕەدیان کردەوە کە لای دابنیشن و کەس نەمایەوە لەگەڵیدا و مانەوەشی بەتەنها ترسی تووش بوونی فیتنە وزیانی هەبوو ئەوا لەم حاڵەتەدا دروستە بڕوات لەگەڵیاندا، و پێویستیش بەئەندازەی خۆی وەردەگیرێت.

و- خزمەتکار ئەگەر مێردەکەی مرد و ئەمیش لەسەر کارەکەی بوو لەو وڵاتەی کە ئیشی تێدا دەکات، ئەوا هەر لەو شوێنەدا عیدە دەبەستێت، چونکە

بە ئیزنی مێردەکەی دەرچووە وبۆ کاتێکی زانراو، و لەسەری نییە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی واتە ئەو وڵاتەی کە مێردەکەی تێدایە.

دووەم: ئافرەتێك کە تەڵاقی یەکلاکەرەوە دراوە یان خولعی کردووە ئەگەر لەتازێباریشدا بێت دروستە سەفەر بکات بەو مەرجەی مەحرەمی لەگەڵدا بێت.

**سێ یەم**: ئەو ئافرەتەی کە تەڵاقی ڕەجعی دراوە ئەگەر لەماڵی مێردەکەیدا بێت ئەوا دروست نییە بۆی دەربچێت بەئیزنی مێردەکەی نەبێت، چونکە هەر حوکمی هاوسەر و خێزانی هەیە لەسەر وتەی ڕاستی نێو دوو بۆچوونی زانایان، بەڵام ئەگەر لەماڵی مێردەکەی نەبوو، وە لەماڵی کەسوکاری خۆی بوو (تۆرابوو) لەبەر کێشە و ناکۆکیەکی نێو خۆیان، و ئیزن وەرگرتنی لە مێردەکەی قورس بوو بەتایبەت ئەگەر ماوەکە دوور و درێژبوو وە هەستیشی کردبوو کە مێردەکەی نیەتی زیان گەیاندنی پێی هەیە ئەوا دروستە بۆی بەبێ ئیزنی مێردەکەی سەفەر بکات.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

**بیست و یەك: هەندێ پرس وبابەتی پەیوەست بە ماڵ و پارەوە:**

٢٠٠- حەواڵەکردنی پارە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر لەگەڵ جیاوازی دراوەکە، چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- ریاڵی سعودی لە وڵاتی سعودیە بگۆڕیتەوە بە دینار و لەپاش وەرگرتنیان، بیان نێریت بۆ شار و وڵاتێکی تر ئەوا دروستە، وە دروستیشە وەرگرتنەکە حوکمی بێت، واتە خودی دینارەکان نەدرێنە دەستت بەڵکو وەصڵ و سەنەدی پارەکەت پێ بدرێت و ئەو بڕەی کە تۆ ویستووتە لەسەری بێت لە دراوی ئەو وڵاتەی کە تۆ بۆی دەنێریت.

ب- ڕیالی سعودی ڕادەستی شوێنی مەکتەبەی پارە بکرێت لەسعودیە بۆنمونە وەکو زەمانەتێک دابنرێت پاشان ئەومەکتەبەیە بیگۆڕێت بۆ دینار بەبێ ئەوەی کەسی بەکاربەر ئەم دینارانەی دەستبکەوێت دەستکەوتێکی ڕاستەقینە یان حکومی ، وەئەو مەکتەبەیە زەمانەتی ڕادەستکردنی ئەو پارانە دەکات بۆکەسی سوود بەخش لەوڵاتی تر ئەوکاتە ئەمە درووست نییە .

ج- ناردنی چەند ڕیالێکی سعودی وەکو خۆی بەبێ ئاڵوگۆڕکردنی بۆ بریکارەکەی لە وڵاتێکی تر وەکو میسر بۆ نمونە، و هەستانی بریکارەکەی بە

ئاڵوگۆڕپێکردنی ئەو ڕیالانە بۆ جونەیهی میسری بە نرخی ڕۆژ، و پاشان تەسلیم کردنی بە لایەنی سوودوەرگر لەوێ، ئەم جۆرە دروستە.

٢٠١- کەسێك بڕێك پارە قەرز دەکات لە کەسێکی تر بە دراوێکی دیاری کراو، پاشان لەکاتی گێڕانەوەیدا دەیەوێت بە دراوێکی تر بۆی بگەڕێنێتەوە، ئەمە بە چەند مەرجێك دروستە، کە ئەمانەن:

١- نابێت گێڕانەوەی قەرزەکە بە دراوێکی تر هەر لەسەرەتای گرێبەستەکەوە بەمەرج گیرابێت.

٢- گێڕانەوەی قەرزەکە بەو جۆرە دراوە بە نرخی ڕۆژ دەبێت.

٣- بڕی قەرزکراو هەمووی بگەڕێنێتەوە و هیچی لێ نەمێنێتەوە.

٢٠٢- حوکمی نیوە ندگیری نووسینگە کانی گەشت وگوزار بۆ کەسێك کە سەفەری تاوان دەکات، سێ حاڵەتی هەیە:

یەکەم: ئەگەر ڕێبوارەکە مەبە ستی تاوان بوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەو نیەت و مەبەستەی دەرنەبڕی وئاشکرای نەکرد نە بە ڕاشکاوی و نە بە ئاماژە، ئەوا گرێبەستەکە دروستە و هیچ تاوانێك لەسەر نووسینگەکە نییە، بەڵکو لەسەر ئەو کەسەیە کە سەفەرەکە دەکات.

دووەم: ئەگەر ڕێـبـوارەکە ئەوەی بە مەرج گـرت بە وتـن یـان لە گرێبەســتەکەدا بەنووســین تۆماری کرد، ئەوا گرێبەســتەکە بەتاڵە و هەردوولا تاوانبارن.

سێ یەم: ئەگەر نووسینگەکە مەبەست و نیەتی خراپەی ڕێبوارەکەی زانی یـان بە زۆرینەی گومـانی بۆی دەرکەوتبوو، بەڵام لە گرێبەســـتەکە نەینووســـی، ئەوا نووســـینی ئەو گرێبەســـتە دروســـت نییە و بەتاڵە وتاوانیش لەســـەر هەردوولایە، وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانـایـانە لەبەر ئـایەتی:

﴿ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ ﴾ (المائدة ٢)،

واتە: هاریکاری یەکتر مەکەن لەســـەر کردارێك کە تاوان وســـەرپێچی و شـــکاندنی ســـنورەکانی خوای پەروەردگاری تێدا بێت ، و وریای ســـەرپێچی فەرمانی خوای پەروەردگار بن ، چونکە بێگومان ســـزای سەختە .

ئەمەش وەکو فرۆشتنی ترێ بە کەسێك کە دەیکات بە مەی.

٢٠٣- بۆ کەسی سوودبەخش کارتی بێبەرامبەری خزمەتگوزاری هەیە ناودەنرێت خەرجکراو بەبێ ئەوەی خەرج کرابێت ، لەبەرئەوەی ماڵە بۆ سوود وەرگرتن ، وەلەبەرئەوەی عورف لەسەرئەوەیە .

٢٠٤ - بەوە دەتوانیت غەرامە لەسەر کەسی گەشتیار بەفرۆکە دابنەیت لەئەوەی تایبەتە دانراوە و پارە دەخرێتەسەری یان نرخی دانانی پلیتەکە لە بەرامبەر دواخستنی یان لەدەست ڕۆشتنی یان گۆڕینی وە جگە لەوە ، لە بەر فەرمودەکەی پێغەمبەری خودا ـ صلی الله علیەوسلم کەفەرموویەتی : ( موسڵمانان لەسەر مەرجی خۆیانن )[١] وەلەبەرئەوەی بەرژەوەندی لەئەوەدا هەیە بۆ ئاسانکاری نەکردن بۆ ئەوکەسانەی گەشتەکانیان لەدەستدەدەن بۆ کەسێکی تر جگە لەخۆیان .

٢٠٥- دروســته بڕەپارەیەکی زیادکراو بدرێت لەســەر نرخی بلیتی گەشــت لە پێناو گێڕانەوەی بلیتەکە لەکاتی هەڵوەشــاندنەوەی ســەفەرەکەدا، ئەمەش هەروەکو زیادکردنی نرخی کاڵایەکە ئەگەر هاتوو زەمانەتی تێدابوو، یان وەکو فرۆشتنی شیرە لە گوانی ئاژەڵدا لەگەڵ کڕینی ئاژەڵەکەدا.

---

[١] أخرجه البخاري معلقاً بصيغة الحزم في باب اجر السمسرة وأبو داود (٣٩٥٤) والترمذي وقال حسن صحيح (١٣٥٢)

## کارتی بانکی و حوکمەکانی

٢٠٦- ئەو کارتە بانکیانەی کە بانکەکان پێشـــکەشـــی دەکەن بۆ کڕیارەکانیان چەند حاڵەتێکی هەیە

یەکەمیان : ئەگەر بێتو لەسەرەتادا پێشەکی درابێت ، وەبانکەکە وێنە بەدەستبخات لەبەرامبەر خزمەتگوزاری کارتەکە بۆ کڕین یان ڕاکێشانی پارەی نەقد هیچی تێدا نییە ئەگەر وێنەبێت و هیچ بڕێکی لەسەر دانەنرابێت .

دووەمیان : ئەگەر بێتو کارتەکە لەسەرەتادا پێشەکی بۆدرابێت بە پارە وەبەکاربهێنرێت بۆکڕین بەپارەیەکی تر بۆیە دەبێت مەکتەبە لەنێوان هەردوو پارەکەدا بێت ڕاستەوخۆ بەبێ دواخستن .

سێیەمیان : ئەگەر بێتو لەپێشەکیدا هیچ شتێک نەدرابێت وەڕاستەوخۆ لەو حیسابە دەرناکرێت کەدەڕوات ، لەبەرئەوەی ئەوە کارتی ئیئتمانە پارەی تێدایە لە بانکی پارەدانان ، ئەمەش سێ حاڵەتی بۆ هەیە :

أ ـ ئەو بەنکە قەرزێکی بێ بەرامبەر بۆ کڕیار دابنێت بەبێ هەژمارکردنی وێنە لەسەر دەرکردنی کارتەکە ، ئەوا ئەمە هیچی تێدا نییە .

ب- بەوە بەنک قەرزێکی بێ بەرامبەر بۆ کڕیار دابنێت لەگەڵ هەژمارکردنی وێنە لەسەر دەرکردنی کارتەکە ئەمەش دەکەوێتە ژێر ئەو قەرز و

فرۆشتنەی ڕێگەی پێنەدراوە ، وەئەوە لەوەدەردەکرێت ئەگەر بێتو کارتەکە خزمەتگوزاری حەقیقی پێشکەش بکات و کڕیار سوودی لێوەربگیرێت ولەبەرامبەر نرخی وێنەکان بێت وەکو خزمەتگوزاری گەشت وەبازاڕی کردن و جگە لەوە جا لەو حاڵەتەدا هیچ شتێک لەوەدا نییە کارتەکە بەکاربهێنرێت ، وەوێنەکان لەبەرامبەر ئەم خزمەتگوزاریانە هەژماردەکرێت کە قەرزی بێ بەرامبەر لەدوای دێت .

ج - بەوە بانک قەرزێکی بێ بەرامبەر بۆ کڕیار پێشکەش بکات لەسەرئەوەی قەرزەکەی بگۆڕێت ئەگەر نەیتوانی بیداتەوە لەوکاتەی دیاریکراوە (*) ئەوکات درووست نییە ، ئەمەش زیاتر و زۆرتر حەرامکراوە

(*) ژمارەی بانکەکان کاری کردووە لەسەر گۆڕینی قەرز و شێوەکەی : بەوەی کارتەکانی ئێتیمان بڕێک پارەی دیاریکراوت دەداتێ ، بابڵێین پێنج هەزار (٥) ڕیال ، وەماوەی ڕێگەپێدانەکە چل و پێنج (٤٥) ڕۆژبێت ، وەبۆی نەدرێتەوە ، ئەوانیش قەرزەکەت لەسەر دەگۆڕن ؛ شتومەک دەکڕن ، بە فرۆشتنی فزولّی واتە بەبێ مۆڵەت

، لەبەرئەوەی ئەوشێوازەی ڕیبای جاهلیەتی و نەزانی تێدایە لەگەڵ فێڵکردن بۆیە بەباش دانەنراو لەبەر ڕیبا وەهیچ شتێک لە حوکمی خزمەتگوزاری ناگۆڕێت ، لەبەرئەوەی حەرامبوونی ڕیبا زیاترە .

٢٠٧- ئەگەر بێتو کارتەکە لەحاڵەتی خەڵات وەرگرتن بێت لە ( أ ) و (ب) بەرزترینی ئەوەیە مەرجە بدرێتەوە بە بڕێک پارە لەکاتی کڕینی شتەکان بەپارەیەکی تر ، پێویستە لەوحاڵەتەدا نرخی مەکتەبە بەهەمان نرخ بێت بەبێ ڕەچاوکردنی قەرز هەروەکو چۆن دەبێت مەکتەبە لەنێوان هەردوو پارەکەدا بێت ڕاستەوخۆ بەبێ دواخستن .

---

وەرگرتن لەخاوەنی ئەوشتەی دەفرۆشرێت ، یان بەوەکیل دانانی مەکتەبەی دەرەکی ، ئەمەش نوسراوە لەسەر ڕازیبوونی هەردوولا لەسەر کارتەکە ، مانای ئەوەیە گۆڕینی قەرز بەمەرج دانراوە ، دەڵێن ، ئێمە لەلای تۆ خەرجی دەردەهێنین بەبێ مۆڵەتی خاوەنەکەی ، وە ئەوشتەت پێ دەفرۆشین ، وەئەوانیش دەڵێن ئێمە ئەوە دەکڕین کەلەلامانت داناوە ، وەبۆماوەیەکی دیارینەکراو ، ئەوکات قەرزەکان لەسەریەک دەکەوێت ، داوا لەخوای گەورە دەکەین بمانپارێزێت .

٢٠٨- ئەگەر کارتەکە چەند مەرجێکی حەرامی لە خۆگرتبوو، وەکو دڵنیایی بازرگانی و غەرامەی دواکەوتن ئەوا دروست نییە بەشداری تێدا بکرێت.

٢٠٩- هیچی تێدا نییە لە ڕێگەدان و بەمەرج گرتنی چەند خاڵێك یان دانانی بڕە پارەیەك لەبەرانبەر بەکارهێنانی کارتەکە لە مامەڵەی شـــەرعیدا، چونکە ئەوە لە جۆری بەخشینی بانکە بۆ کەسی سوودوەرگر.

٢١٠- دروســـت نییە بەشـــداری بکرێت لەو کارتانەی کە گرێبەســـتی ڕیبای تێدایە بەهۆی دواکەوتنی هێنانەوە و گێڕانەوەی قەرز و هاوشـێوەکانی، چونکە گرێبەســـتی حەرام دروســـت نییە بچیتە ناویەوە تەنانەت ئەگەریش گومانی زۆریش بۆ ئەوە دەچوو کە قەرزەکە پێش وادەی خۆی دەدرێتەوە واتە پێش زیادکردنە ڕیبەویەکە، و گرێبەســتی ناڕەوا و بەتاڵ ڕاســـت و صــەحیح ناکرێتەوە و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

٢١١- نادروستیتی پێشکەش کردنی خواردنە حەرامکراوەکانی وەکو گۆشتی بەراز و مەی، ئیتر بە فرۆشتن بێت یان میوانداری موسڵمان بێت یان ناموسڵمان، ئیتر لە شار و وڵاتی ئیسلام بێت یان نائیسلام، لە زەوی بێت یان

لەناو فڕۆکە وکەشتی، وئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە، وە وڵاتی کوفر نابێتە هۆی هەڵوەشـــاندنەوەی حەرامکراوەکان، و ئەو شـــتانەی کە حەرامن بە گۆڕینی شوێن ناگۆڕێن.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## بیست و دوو: هەندێ حوکمی پەیوەست بەو کەسانەی کە لە ئوتێلەکاندا دادەبەزن و دەمێننەوە:

٢١٢- حوکمی تەواوبون و نەمانی کاتی گرێبەستی بەکرێگرتنی ئوتێل لەدوای بانگی دووەمی ڕۆژی هەینیەوە، بۆ زانینی ئەم باسە تەماشای باسی پێشووتر دەکرێت لە بابەتی ئەحکامەکانی هەینیدا.

٢١٣- حوکمی بردنی ئەو شتانەی لە ژووری ئوتێلەکەدا دادەنرێن لە کاتی ڕۆیشتندا، چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- ئەو شتانەی کە بەکاردەهێنرێن، وەکو کەرەستەکانی پاکژکردنەوە و نەعل و کیسە و عەلاگە و پەڕە وکاغەز دروستە بردنیان، چونکە هەندێك لە ئوتێلەکان ئەو شتانەی لە پارەی یان نرخی مانەوەکە هەژمار کردووە و هەندێك لە ئوتێلەکانیش ئەو شتانەی کردووە بە خزمەتگوزاری بێ بەرانبەر (خۆڕایی).

ب- ئەو شتانەی کە بەکارناهێنرێن و دەمێننەوە وەکو فەرش وبەرماڵ و قەپانی خۆکێشان، دروست نییە بردنیان، چونکە ناچنە ژێر ئەو بڕگەیەی کە لە خاڵی پێشوودا باس کرا.

ج- پێنووس، له ئوتێلێك بۆ یەكێكی تر دەگۆڕێت، لەبەر گۆڕانی نرخەكەی، و گۆڕانی سیستەمی ئوتێلەكان لەو بارەیەوە،، بۆیە نابێت ببرێن بەبێ ئیزن.

٢١٤- خواردن لەو خواردنگەیەی كە پێی دەوترێت "بۆفیەی كراوە" دروستە، و ئەگەریش كەسێك بڵێت: ئەو شتەی دەفرۆشرێت نازانرێت، وەڵامەكەی ئەوەیە كە ئەو نەزانینە بۆ شتێكی كەمە و زیان ناگەیەنێت و هاوشێوەی هەیە لە شەرعدا.

٢١٥- بردنی هەندێك خواردن لە چێشتخانە و دەركردنی بۆ دەرەوە بەبێ ئیزنی بەرپرسی خواردنگەكە چەند حاڵەتێكی هەیە:

أ- بردنی پاشماوەی ئەو خواردنەی كە دروست كراوە بۆ خواردن و ماوەتەوە.

ب- بردنی هەندێك لە خواردن لە شوێنەكەی بۆ خواردنی لە نێو ژووردا یان لە دەرەوەی خواردنگەكە، ئایا ئەو دوو حاڵەتە دروستن؟

ئەوەی لە حەقەوە نزیكە ئەوەیە كە ئەو كارە بە پێی ڕێككەوتنی نێوان میوانی ئوتێل و بەڕێوەبەرایەتی ئوتێلدایە و موسڵمانانیش بەپێی مەرجەكانیانن.

٢١٦- بردنی خواردن لەلایەن ئەو کەسەی کە ژوورێکی لە ئوتێلێك بەکرێ گرتووە لە بۆفیەی کراوە بۆ میوانەکەی بەبێ ئەوەی پارەی خواردنەکە بدات یان ئیزنیان لێ بخوازێت دروست نییە.

٢١٧- بردنی میوان بۆ ژوور لەلایەن ئەو کەسەی کە ژوورێکی بەکرێ گرتووە لە ئوتێل دروستە، چونکە ئەم کەسە خاوەنی سوود وەرگرتنە لەو ژوورە، بەو مەرجەی زیان بەو ژوورە نەگەیەنرێت، بەڵام ئەگەر ئوتێلەکە بە مەرجی گرتبێت کە هێنانی میوان قەدەغەیە ئەوا لەڕووی ئەدەبەوە چاکترە وەفا بەو مەرجەوە بکرێت و نەشکێنرێت، و بۆ دەرچوونیش لە ڕاجیاوازی نێوان زانایان.

٢١٨- سوود وەرگرتنی میوانی ئەو کەسەی ژوورەکەی بەکرێ گرتووە لە خزمەتگوزاریەکانی ئوتێلەکە دروستە تەنها لەو خزمەتگوزاریەی کە بۆ کەسەکە پێشکەش دەکرێت - کە ژوورەکەی گرتووە - جگە لەوە ئەوا بەکارناهێنرێت مەگەر بە ئیزن نەبێت.

٢١٩- بەکارهێنانی کارتی داشکاندنی ئوتێل دروستە ئەگەر بێ بەرانبەر بوو، بەڵام ئەگەر بە بەرانبەر بوو ئەوا دروست نییە، لەبەر نەزانین و زیان گەیاندن.

٢٢٠- كۆبوونەوەی پیاو و ئافرەتێك لەنێو بەرزكەرەوەدا – مەسعەد – بەتەنها دروست نییە، مەگەر ئافرەتێك بەتەنها بێت و پیاو وئافرەتێكیش بێنەژوورەوە، و ئەگەریش كۆمەڵە ئافرەتێكی متمانەپێكراو لەنێو مەسعەدەكەدا هەبن یان منداڵێكی پێگەیشتوو كە شەرمی لێ دەكرا لەوێ بوو لەو كاتەشدا پیاوێك هاتەژوورەوە ئەوا ئاساییە، بەڵام خەلوە - بەتەنها كەوتنی پیاو وئافرەتێك - دروست نییە هەرچەندە ئافرەتەكە بەتەمەنیش بێت یان ئافرەتێك لەگەڵ كۆمەڵە پیاوێكدا وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، لەبەر ئەم فەرموودەیە: ( لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلَّا وَمعها ذُو مَحْرَمٍ )[٧٣].واتە: پیاو نابێت بەتەنها بكەوێت لەگەڵ ئافرەتێكدا ئیلا مەحرەمی لەگەڵدا بێت (ئافرەتەكە).

٢٢١- كامێرای چاودێری لە نێو مەسعەددا ئەگەر ڕاستەوخۆ چاودێری دەكرا لە هەموو لایەكەوە ئەوا خەلوە نییە، بەڵام باش وایە هەر پیاو و ئافرەت بەتەنها نەكەون، بەڵام ئەگەر تەنها ئامێری دەنگ تۆماركردن بوو ئەوا خەلوەیە و هەڵی ناوەشێنێتەوە.

---

[٧٣] أخرج البخاري (٣٠٠٦)

٢٢٢- مەسعەدی شووشەیی ڕوون لەکاتی هاتوچۆی خەڵکیدا خەلوە ناهێڵێت، بەڵام چاکتر وایە ئەو خەلوەیەش نەکرێت.

٢٢٣- چوونە ژوورەوەی کرێکاری پاککەرەوەی ئوتێل بۆ نێو ژوورەکە بۆ مەبەستی پاککردنەوە یان شتی تر لەکاتێکدا ئافرەتێك بەتەنها لە ژوورەوەیە دروست نییە، لەبەر ئەوەی خەلوەیە، و بۆ ئەوەی ئەو خەلوەیەش نەمێنێت دەرگای ژوورەکە بەکراوەیی دەهێڵرێتەوە.

٢٢٤- خەلوەی حەرام ئەمەیە: هەر شوێنێك دوو ڕەگەزەکەی تێدا کۆببێتەوە بەتەنها و کەس نەیان بینێت.

٢٢٥- بردنی ئەو شتانەی کە لە نێو بەفرگرەی - سەلاجەی - ئوتێلەکەدایە بەبێ ئاگاداری وهەژمارکردنی لەلایەن لێپرسراوی ئوتێلەوە و دانانی هاوشێوەی ئەو شتانە لەشوێنەکانیان لەبەرئەوەی نرخیان کەمترە، دروست نییە، چونکە کڕین لەو شوێنەدا بە نەقدیە، جگە لەوەش ئەو کارە جۆرێکە لە غەش وناپاکی و فێڵی حەرام، و ڕەزامەندی لایەنی دووەم کە لێپرسراوی ئوتێلە لەسەری نییە لەکاتێکدا ڕەزامەندی کڕیار و فرۆشیار مەرجە لە کڕین وفرۆشتندا.

٢٢٦- پێدانی پارە بە کرێکارانی پاککەرەوەی نێو ئوتێل، چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- ئەگەر مەبەستی لەو کارە ئەوە بێت کە کرێکارەکە خزمەتگوزاری زیاتری بۆ بهێنێت وەکو زیادەی ئاو یان مەوادی پاککەرەوە و هاوشێوەکانی زۆرتر لەو بڕەی کە یاسای ئوتێلەکە بۆی دیاری کردووە، ئەوا ڕەشوەیە و دروست نییە.

ب- ئەگەر مەبەستی تەنها چاکە و خێر وصەدەقە بێت بەتایبەت ئەو کاتەی کە دەڕواتەوە و ژوور وئوتێلەکە جێ دەهێڵێت ئەوا دروستە.

٢٢٧- هەر کات دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و لێپرسراوانی ئوتێل بڕیاریاندا بە دەرکردن و هێنانەدەرەوەی مەشروب و مەواد و خواردن و خواردنەوەی حەرام لەنێو ئەو ژوورەی کە ئەم کەسە بەکرێی گرتووە ئەوا واجبە لەسەری دەریان بکات، چونکە ئەوە لابردنی مونکەر و خراپەیە و دوورکەوتنەوەیە لێی، بەڵام ئەگەر بە خۆڕایی بوو ئەوا دەیرێژێت بەو مەرجەی زیان بە ئوتێلەکە نەگات.

٢٢٨- دروست نییە کەسی نێو ژوورەکە بچێت بۆ شوێنانی حەرام لەنێو ئوتێلەکەدا لەبەر ئەوەی نەهی لەسەرە.

٢٢٩- واجبە پابەند بێت بەو مەرجانەی کە ئوتێلەکەدا دایناوە مادام پێچەوانەی شەرع و ناوەڕۆکی گرێبەستەکە نییە.

٢٣٠- واجبە لێپرسراوانی ئوتێل ئاگادار بکاتەوە دەربارەی ئەو شتانەی کە خراپیان کردووە یان شکاندویانە لەلایەن خۆیەوە یان ئەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەمدان لە خێزانی.

٢٣١- پێویستە کلیلی ژوور بدرێت بە ئوتێلەکە لەکاتی بەجێ هێشتندا، چونکە نرخی هەیە و ئەوەی تر بەکاربهێنێت، ئەمە لەکاتێکدا ڕێسای ئوتێلەکان دەگۆڕێن لەیەکێکەوە بۆ ئەوی تر، بەڵام لە بنچینەدا دەبێت تەسلیم بکرێت، ئەوەشی بیری چوو لەگەڵ خۆیدا بردی با پەیوەندی بە ئوتێلەکەوە بکات و ئاگاداریان بکاتەوە لەوە.

٢٣٢- پێویستە لەکاتی بەجێ هێشتن و ڕۆیشتنەوەیدا، ئوتێلەکە ئاگادار بکاتەوە با کاتی بەکرێگرتنەکەش تەواو بوو بێت لەبەر لابردنی گومان و خراپە، و بەجێ هێنانی بەرژەوەندی هەردوولا و دەرچوونیشە لە ڕاجیاوازی زانایان.

٢٣٣- داشکاندن بۆ چەند لایەنێك، دوو حاڵەتی هەیە:

یەکەم: ئەگەر ئەو لایەنە چاودێری و دەسەڵاتی هەبوو بەسەر ئوتێلەکەدا ئەوا دروست نییە، چونکە دەچێتە چوارچێوەی ڕەشوە وبەرتیلەوە وهۆکارە بۆ دروست بوونی پەیوەندی نادروست و چەندین کاری لاڕێی تر.

دووەم: ئەگەر ئەو لایەنە هیچ دەسەڵات و چاودێریەکی نەبوو بەسەر ئوتێلەکەدا ئەوا دروستە، چونکە ئەصل لە مامەڵەدا حەڵاڵە.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## بیست و سێ یەم

### هەندێك ئەحكامی كەمینە موسڵمانەكان لە وڵاتە بێباوەڕەكان:

٢٣٤- پیرۆزبایی كردن لە بێباوەڕ سەبارەت بە كاروباری گشتی وەكو هاوسەرگیری و سەركەوتن و لەدایك بوون دروستە، بەڵام ئەگەر بێباوەڕی شەڕكەربوو دژی موسڵمانان ئەوا دروست نییە، و ئەگەریش پیرۆزباییەكە سەبارەت بە دروشمی بێباوەڕان بوو وەكو جەژن و ڕۆژوگرتنیان ئەوا دروست نییە، و هەروەها ئامادەبوونیشی، چونكە ئەو كارە حەرامە بە یەكدەنگی زانایان[٧٤].

٢٣٥- سەردانی كردنی نەخۆشی بێباوەڕ دروستە مەگەر بێباوەڕی شەڕكەر بێت، لە ئەنەسەوە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: « **كانَ غُلَامٌ يَهُودِيٌّ يَخْدُمُ النبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فَمَرِضَ، فأتَاهُ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يَعُودُهُ، فَقَعَدَ عِنْدَ رَأْسِهِ، فَقالَ له: أسْلِمْ، فَنَظَرَ إلى أبِيهِ وهو عِنْدَهُ فَقالَ له: أطِعْ أبَا القَاسِمِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فأسْلَمَ، فَخَرَجَ النبيُّ صَلَّى**

---

(٧٤) انظر للمزيد بحث " حضور أعياد الكفار بحجة الدعوة والمصلحة " للمؤلف .

**اللهُ عليه وسلَّمَ وهو يقولُ: الحَمْدُ لِلَّهِ الذي أنْقَذَهُ مِنَ النَّارِ** [٧٥]. واته: منداڵێكی جولەكە خزمەتی پێغەمبەری خوای دەكرد ﷺ و جارێكیان نەخۆش كەوت وپێغەمبەری خوایش سەردانی كرد و لەلای سەریەوە دانیشت وپێی فەرموو: موسڵمان بە، منداڵەكەش تەماشایەكی باوكی كرد كە لەوێ بوو، ئەویش پێی ووت: ڕۆڵە بە قسەی باوكی قاسم بكە، ئەویش موسڵمان بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ كە لە ماڵەكە هاتە دەرەوە فەرمووی: " سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە لە ئاگر قوتاری كرد ".

٢٣٦- دفن كردنی جەنازەی بێباوەڕ لەلایەن موسڵمانەوە دروست نییە، مەگەر كەس دەستنەكەوێت جگە لە موسڵمان نەبێت، و ئەمەش مەزهەبی كۆمەڵێكە لە زانایان.

٢٣٧- سەرەخۆشی كردن لە بێباوەڕ دروستە، لەبەر نەبوونی بەڵگەی ڕێگر لەو كارە وئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، بەڵام بێباوەڕی شەڕكەر دروست نییە مەگەر ترسی زیانێك هەبێـت لە ئارادا.

(٧٥) أخرجه البخاري (١٣٥٦).

٢٣٨- دوعاکردن لە تەعزیەی بێباوەڕدا دروستە بەو شێوەی کە گونجاوە وەکو دوعاکردنی بۆی بەوەی بڵێت: خوا سەبر و ئارامیت پێ ببەخشێت و هاوشێوەکانی، نەوەك دوعاکردن بۆی بە زیادکردنی ماڵ و منداڵ وهێزی و داوای لێخۆشبوون کردن بۆی.

٢٣٩- هەڵگرتنی جەنازەی بێباوەڕ و شوێنکەوتنی جێگەی ڕاجیاوازی زانایانە، وتراوە: دروست نییە مەگەر باوکی بێت، یان خزمێکی نزیکی بێت و بەشوێن نەکەوتنی خراپە وکێشە دروست بێت، ئەوا دروستە، وئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، چونکە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ نەهاتووە کە شوێنی یان ئامادەی جەنازەی هیچ بێباوەڕێك کەوتبێت دووربێت یان نزیك، تەنانەت ئامادەی جەنازەی مامی نەبوو هەرچەندە بەرگریشی لێی دەکرد [٧٦]، وتراویشە: بە ڕەهایی دروستە، و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، لەبەر نەبوونی بەڵگە و بابەتەکەش هەڵدەگرێت، بەڵام نزیکتر ئەوەی یەکەمە و ئەگەر بەرژەوەندی هەبوو لەئامادەبووندا ئەوا هیچی تێدا نییە.

---

[٧٦] أخرجه أبوداود (١٦٩) وصححه ابن حجر والرافعي، وانظر البدر المنير(٢٣٨/٥) تلخيص الحبير (٢٦٩/٢)

٢٤٠- دروست نییە ئامادەی جەنازەی بێباوەڕ بێت لە نێو کەنیسەدا، لەبەر ئەوەی ئامادەبوونە لە دیمەنی بێباوەڕی و گومڕاییی، و خوای گەورەش دەفەرمویت: ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ ﴾ . واتە: ئامادەی کۆڕ و دانیشتنی تاوان وخراپە نابن.

٢٤١- سەردانی کردنی گۆڕی بێباوەڕ دروستە، بەڵام بەبێ سەلام کردن لێی و دوعا بۆ کردنی.

٢٤٢- پێدانی زەکاتی فەرز و نەزر و کەفارات بە بێباوەڕ دروست نییە و یەکدەنگی زانایان لەوبارەیەوە گێڕدراوەتەوە، بەڵام خێر وصەدەقەی گشتی و قوربانی دروستە، و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.

٢٤٣- ئەگەر زەکاتەکەی دا بە کەسێك و گومانی برد کەموسڵمانە و دواتر ڕوون بوویەوە و دەرکەوت کە بێباوەڕە، ئەگەر گەڕابێت و بەدواداچوونی کردبێت پێشتر لەبارەی حاڵی ئەو کەسەوە و هەڵەی کردبێت ئەوا لەسەری کەوتووە و ئاساییە، بەڵام ئەگەر هەر لەخۆوە بووبێت و گەڕان وبەدواداچوونی نەکردبێت، ئەوا لەسەری نەکەوتووە و دەبێت دووبار زەکاتەکەی دەربکات، چونکە تەنها گومان بە هەند وەرناگیرێت بەبێ یەکلا کردنەوەی.

٢٤٤- ڕۆژوگرتن له وڵاتی بێباوەڕدا، ئەگەر لەو وڵاتەدا ناوەندی ئیسلامی هەبوو وه مانگ بینینی یەکلاکردبووەوه و وتەی پەسەند و متمانەپێکراوی هەبوو ئەوا به بینینی ئەوان ڕۆژو دەگرێت، و ئەگەریش له وڵاتەکەدا لیژنەی مانگ بینین نەبوو وه یەکلانەکرابووەوه ئەوا شوێنی نزیکترین شار دەکەوێت که موسڵمانی زۆر تێدایه و به مانگ بینینی ئەوان بەڕۆژو دەبێت، ئەگەریش ئەو شاره نەبوو ئەوا به نزیکترین وڵاتی ئیسلامی لێیەوه بەڕۆژو دەبێت.

٢٤٥- شێوازی بەڕۆژوبوون لەو وڵاتانەی که شەو و ڕۆژیان درێژه، ئەگەر شەو و ڕۆژیان هەبوو ئەوا ڕۆژودەگرێت مادام شەو و ڕۆژی هەیه، بەڵام ئەگەر نەبوو واته چەند مانگێك هەر شەو بوو یان ڕۆژ بوو، ئەوا سەیری نزیکترین شار و وڵات دەکات لێیانەوه که شەو و ڕۆژیان هەیه و بەکاتی ئەوان بەڕۆژو دەبێت و دەیشکێنێت.

٢٤٦- سەردانی کردنی بێباوەڕ بۆ ماڵەکەی و هاوشێوەکانی دروسته ئەگەر سەلامەت بوو له فیتنه، و مونکەر و خراپەی تێدا نەبوو، وه باشتریشه

ئەگەر ئومێدی موسڵمان بوونی لێ دەکرا و دەتوانرا بانگەواز بکرێت لەبەر کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ[77].

٢٤٧- دیاری پێشکەش کردن بە بێباوەڕ و وەرگرتنی دیاریش لێی دروستە بۆ ئەو کارانەی کە گشتین وەکو لەدایك بوون وسەرکەوتن لەکارێکدا و جگە لەوەش، مەگەر لەبەر کارێکی حەرام بێت ئەوا دروست نییە، وە دیاری بۆ بردنیان بەبۆنەی جەژنیانەوە دروست نییە، بەڵام هێنانی دیاری لەلایەن ئەوانەوە بەبۆنەی جەژنیانەوە دروستە وەربگیرێت ئەگەر حەرامی تێدا نەبوو.

٢٤٨- خواردنی گۆشتی ئاژەڵی سەربڕاویان کە بەبۆنەی جەژنیانەوە کراوە دروست نییە، چونکە ئەوە جۆرێکە لە بەشداری کردن و دان نان پێیدا.

٢٤٩- ئامادەبوونی کۆبوونەوە و خوانیان ئەگەر حەرامی تێدابوو دروست نییە مەگەر لەبەر پێویستیەك یان ترسی زەرەر وزیانێك لەئارادا هەبێت ئەو کات دروستە.

٢٥٠- وەڵامدانەوەی پژمەی بێباوەڕ بەدوعا بۆ کردنی دروستە، لەبەر ئەوەی لە ئەبو موساوە ڕەزای خوای لێ بێت هاتووە کە دەڵێت: (كان اليهودُ

---

[77] أخرجه البخاري (١٣٥٦)

**يتعاطسون عندَ النبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يرجونَ أنْ يقولَ لهم يرحَمُكم اللهُ فيقولُ يَهْدِيكم اللهُ ، ويُصْلِحُ بالَكُمْ)**[٧٨].واتە: جولەکەکان لەلای پێغەمبەری خوادا دەپژمین بە ئومێدی ئەوەی پێیان بڵێت: یرحمکم الله، ئەویش پێی دەوتن: يَهْدِيكم اللهُ ، ويُصْلِحُ بالَكُمْ.

٢٥١- سەرەتا سڵاولێکردنیان دروست نییە، بەڵام بەیانی باش و هاوشێوەکانی دروستە، و ئەگەر ئەوان سەلامیان کرد ئەوا وەڵامیان دەدرێتەوە بە تەنها وتنی: "وعليكم السلام" .

٢٥٢- تەوقەکردن لەگەڵیاندا دروستە، و باوەش پێداکردنیان باشتر وایە نەکرێت، چونکە گوزارشتە لە ڕازی بوون و خۆشەویستی.

٢٥٣- حوکمی خواردن لە وڵات و شاری بێباوەڕدا چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- خواردنە ڕووەکیەکان وەکو سەوزە و میوە و دانەوێڵە وەکو گەنم و جۆ... هەموو ئەمانە دروستن.

---

(٧٨) أخرجه أحمد (١٩٥٨٦) والترمذي (٢٧٣٩) وصححه، وصححه النووي في الأذكار (٣٤٤).

ب- خواردنە دەریاییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە دروستە.

ج- خواردنی ئاژەڵی چەند حاڵەتێکی هەیە:

١- ئاژەڵی سەربڕاوی کەسانی غەیری ئەهلی کیتاب وەکو مەجوس (ئاگر پەرست) و بت پەرست و هیندۆس و مولحید دروست و حەڵاڵ نین، تەنانەت ئەگەر ناوی خوایش بهێنن لەکاتی سەربڕینیدا وبەشێوازی شەرعیش سەری ببڕن هەر دروست نییە و یەکدەنگی زانایانی لەسەر گێڕدراوەتەوە.

٢- ئاژەڵی سەربڕاوی کەسانی ئەهلی کیتاب چەند حاڵەتێکی هەیە:

یەکەم: بزانرێت کە بە شێوەیەکی شەرعی سەربڕدراوە و ناوی خوای لەسەر هێنراوە ئەوا خواردنی دروستە و یەکدەنگی زانایانی لەسەر گێڕدراوەتەوە.

دووەم: بزانرێت کە بە شێوەی ناشەرعی سەربڕدراوە و ناوی جگە لە خوایشی لەسەر هێنراوە وەکو مەسیح ئەوا خواردنی دروست نییە وئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە، چونکە جولەکە شێوازی سەربڕینیان وەکو موسڵمانان وایە و لەبەر ئەوەی ناوی جگە لە خوایش وەکو عیبادەتی غەیری خوا وەهایە.

سێ یەم: ئەوەی نەزانرێت کە ئاخۆ بەشێوەی شەرعی سەربڕاوە و ناوی خوای لەسەر هێنراوە یان نا؟

ئەوا حەرامە و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە بەشێوەی شەرعی سەری نابڕن و حاڵی ئەوانیش وەهایە بەزۆرینە کە ناوی خوای لەسەر ناهێنن و شێوازی شەرعی پەیڕەو ناکەن تێیدا، و هەروەها ئەگەر حەڵاڵ و حەرام کۆببنەوە لەو کات و حاڵەتەدا ئەوا لایەنی حەرامەکە لەپێشترە. وتراویشە: دروست و حەڵاڵە و ئەمەش مەزهەبی کۆمەڵێکە لە زانایان، لەبەر ئەوەی ناوی خوا هێنان مەرج نییە بۆ سەربڕاوی ئەهلی کیتاب و بابەتەکەش هەردوو حاڵەتەکە هەڵدەگرێت، و بۆخۆپارێزی لەو کارە ئەوەی لەپێشترە بۆ خۆت ئەوەیە کە نەیخۆیت.

چوارەم: ئەوەی بزانرێت کە بەشێوازی شەرعی سەربڕاوە بەڵام ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە ئەوا وەکو خاڵی پێشوو وەهایە.

٢٥٤- سەربڕاوی کەسانێك کە نازانرێت ئایا ئەهلی کیتابن یان نا ئەوا حەرامە.

٢٥٥- عیبرەت لە سەربڕیندا دینی ئەو کەسەیە کە ئاژەڵەکە سەردەبڕێت نەوەك باوکی و ئەمەش مەزهەبی زۆرینەیە.

٢٥٦- یەکێك لە ئەهلی کیتاب ئەگەر هەڵبگەڕێتەوە و مولحید بێت ئەوا سەربڕاوی دەستی حەڵاڵ نییە بەیەکدەنگی زانایان.

٢٥٧- دروست نییە خواردن و خواردنەوەی ئەو شیرینی و بەرهەمانەی کە ڕەگەز و مادەی دەرهێنراوی بەراز و مەی تێدایە مەگەر لە حاڵەتێکدا کە پاکژکرابێتەوە و هیچ شوێنەوار و بەشێکی تێدا نەمابێت ئەوجا دروستە.

٢٥٨- خواردن لە نێو دەفر و قاپی بێباوەڕان ئەگەر زانرا کەوا بۆ شتی پیس بەکارناهێنرێت ئەوا دروستە، و ئەگەریش زانرا کەوا بۆ شتی پیس بەکاردەهێنران یان زۆرینەی گومانی بۆ ئەوە دەچوو وە هیچی تریش دەستنەدەکەوت ئەوا واجبە شۆردنی و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، و ئەگەریش قاپی تر دەستکەوت ئەوا ئەو بەکارناهێنرێت واباشترە.

٢٥٩- خواردن لە چێشتخانەکانی بێباوەڕان ئەگەر حەرامی تێدا بوو وەکو گۆشتی بەراز و مەی و حەرامەکانی تر ئەوا دروست نییە، لەبەر ئایەتی:

(وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ) ، وه ئه‌گەر پێویست بوو ئەوا دروسته بەو مەرجەی لەسەر خوانێك دانەنیشێت کە مەی لەسەر بێت لەبەر واجبێتی دوورکەوتنەوە لە خراپە و شوێنەکەی وهەروەها لەبەر ئەم فەرموودەیەش: (مَن كانَ يؤمنُ باللَّهِ واليومِ الآخرِ فلا يقعدنَّ على مائدةٍ يُدارُ علَيها الخمرُ)[٧٩]، واتە: ئەوەی باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با دانەنیشێت لەسەر خوانێك کە مەی لەسەر هەبێت.

٢٦٠- میزکردن بەپێوە دروستە، بەو مەرجەی پریشکی میزەکە بەر جلوبەرگ نەکەوێت.

٢٦١- شوشتنی جلوبەرگی موسڵمان لەگەڵ جلوبەرگی بێباوەڕدا دروستە.

٢٦٢- بەکارهێنانی جلوبەرگی بێباوەڕان پێش شوشتن ئەگەر بەر عەورەت نەکەوتبوو وەکو قەمیس ئەوا دروستە، وە ئەگەر بەر عەورەت کەوتبوو

(٧٩) رواه الترمذي (٢٨٠١)وقال حسن غريب والنسائي (٦٧٠٨) وجود سنده ابن حجر (٢٥٠/٩).

وەکو پانتۆڵ و هاوشێوەکانی ئەوا باشتر وایە لەپێ نەکرێت هەتا دەشۆردرێت ئەوجا دروستە.

٢٦٣- قورئان بەخشین بە بێباوەڕ، دوو حاڵەتی هەیە:

أ- بەخشینی قورئان بە بێباوەڕ دروست نییە، چونکە بێباوەڕ پیسە و ترسی ئەوەی لێ دەکرێت سووکایەتی پێ بکات.

ب- بەخشینی قورئانی وەرگێڕدراو ئەگەر تەفسیری قورئان بوو بە کەسی بێباوەڕ و ئومێدی موسڵمان بوونی لێ دەکرا ئەوا دروستە.

❁❁❁❁❁❁

## بیست و چوار: چەند بابەتێکی پەیوەست بە گەڕانەوە لە سەفەر

٢٦٤- پەلەکردن لەگەڕانەوە بۆناو خێزان و کەس وکار لە سەفەر لەدوای تەواوبوونی ئیش و کار وسەرقاڵی سوننەتە.

٢٦٥- سوننەتە لەکاتی گەڕانەوەدا دوو ڕکات نوێژ لە مزگەوتدا بکرێت، ئەگەر دەرگای مزگەوتیش داخرابوو ئەوا لەماڵەوە دەیکات، و تەنانەت لەکاتی نەهیشدا دروستە بکرێت چونکە هۆکاری هەیە، بەڵام ئایا ئافرەتیش دەیکات؟ جێگەی ڕاجیاوازیە و ئەگەر نوێژەکەش بکات دروستە.

٢٦٦- نەهی هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بەوەی نابێ پیاو بەشەو لەناکاو بڕواتە ماڵەوە بەتایبەت ئەگەر سەفەرەکەی بۆماوەیەکی دوور و درێژ بوو، بەڵام نەهیەکە نامێنێت ئەگەر پێشتر هەواڵی گەڕانەوەی پێدابوون.[٨٠]

٢٦٧- سوننەت وایە ئەگەر کەسێك لە سەفەر هاتەوە براکانی بێن بۆ لای و سڵاوی لێ بکەن و ئەگەریش ویستی سەفەر بکات ئەوا دێن بۆ لای و ماڵئاوایی لێ دەکەن و سوود لە دوعاکەیان وەردەگرێت.

---

(٨٠) أخرجه البخاري (١٨٠٠) ومسلم (١٩٢٨).

٢٦٨- له سونه‌ته‌وه‌یه ئه‌و كه‌سه‌ی له سه‌فه‌ر دێته‌وه له‌به‌ری هه‌ستیت و باوه‌شی پێدابكه‌یت و سه‌ردانی بكه‌یت.

٢٦٩- دروست كردنی وه‌لیمه بۆ ئه‌و كه‌سه‌ی له‌سه‌فه‌ر ده‌گه‌ڕێته‌وه سونه‌ته یان كه‌سه‌كه خۆی دروستی ده‌كات كه گه‌ڕایه‌وه.

٢٧٠- ئه‌گه‌ر حاجی له‌سه‌فه‌ری حه‌ج گه‌ڕایه‌وه و خه‌ڵكی وه‌لیمه‌یه‌كیان بۆ دروست كرد ئه‌وا دروسته وه‌كو شوكر و سوپاسگوزاریه‌ك بۆ خوا.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## - چەند بابەت وپرسێکی هەمەڕەنگ

٢٧١- باش وایە ڕێبوار ئەو جلوبەرگە لەبەر بکات کە خەڵکی ئەوشارەی بۆی دەڕوات دەیپۆشن، بەتایبەت ئەگەر بە پێچەوانەکردنیان پێیان ناخۆش بوو وە ئازار دەدران بەوە یان سەرنجیان ڕادەکێشرا یاخود بەرژەوەندی لەوەدا بوو، بەمەرجێك تووشی حەرام نەبێت.

٢٧٢- وێنە و تەصویرکردنی ئەو کەسەی ئیزن نادات دروست نییە لە هاوسەفەر و کەسی تریش، چونکە پێشێل کردنی ماف و تایبەتمەندی ئەوانی ترە.

٢٧٣- باش وایە مرۆڤ خوو نەریتی ئەوانی تر بزانێت و پرسیار بکات بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو حاڵەتێکی نەخوازراوەوە لەڕووی عورفیەوە و بەوهۆیەوە تووشی نەنگی و خراپە نەیەت.

٢٧٤- باش وایە بۆ فێرخوازی شەرعی و بانگخواز کە مەزهەبی پەیڕەوکراوی فیقهی ئەو شار و وڵاتە بزانێت کە بۆی دەڕوات، و ئەو بابەت و پرسە فیقهیانەش بزانێت کە پێویستی پێیان هەیە، بەتایبەت باس وبابەتی نوێژ

که بیەوێت پێشنوێژیان بۆ بکات، ئەگینا بەرنوێژیان بۆ ناکات و دووربکەوێتەوە ئەگەر مەفسەدە و خراپەی لێ کەوتەوە.

**٢٧٥-** ئاگاداربوون لە دانیشتن لە تەنیشت ئافرەتی بێگانە و نامەحرەمەوە و بەرکەوتن لەناو هۆیەکانی گواستنەوەدا.

## بیست وپێنج: ڕێگای بانگەواز

کەسی بانگخواز پەیامەکەی هەڵدەگرێت لەگەڵ خۆیدا کە بریتیە لە بانگهێشت کردنی خەڵکی بۆ لای خوا لەدڵ و ویژدانیدا و لە شوێنی خۆی و سەفەریدا، چونکە ئەوە خواردن و هەواو و خودی ژیانێتی و بگرە خوێن و گۆشت و ئێسك و دەمارێتی، بۆیە هەمیشە بەرنامەیەکی زانستی بانگخوازی دادەنێت لەوانە:

أ- پێشکەش کردنی کتێب و نامیلکەی زانایانی متمانەپێکراو بۆ گەشتیاران، و دانانی لە مزگەوت و نوێژگەی سەرەڕێگا و فرۆکەخانە و هاوشێوەکانی.

ب- دانانی بەرنامەیەکی بەسوود لە سەفەردا لە وانە و پێشبڕکێ و لەبەرکردنی هەندێ سورەت وفەرموودە و زیکر و دوعا.

ج- سەفەر هەلێکی زێڕینە بۆ بانگەواز و پەروەردەی منداڵ و دانیشتن لەگەڵیاندا بۆ کاتێکی درێژ.

د- سەردانی خزمان و سیلەی ڕەحم و بینینی هاوڕێیان.

هـ- سەردانی کردنی فێرخوازانی شەرعی و بانگخوازان و دەزگای خێرخواز و سوود بینین لێیان و ئامۆژگاری یەکترکردن لەسەر خێر و چاکە وسوود بینین لە ئەزموونی یەکتر.

و- بردنی هەندێ کتێب کە پێویستی پێیەتی لە سەفەردا و سەردانی کردنی کتێبخانەکان.

❁ ❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## کتێبی نێردراوی زانست و بانگەوازی

بانگکردن و کێبڕکێیە : بۆ ئەو کەسانەی گەشت دەکەن بۆ داواکردنی علم لەوڵاتانی جیهانی ئیسلامی ، ویستم ببێتە وتارێکی جیهانی ، دوور لەڕەخنەو جیاوازی و ڕاجیاییەکان ، چرایەک ڕێگای ئەوکەسانە ڕووناکبکاتەوەو ڕێکبخات کە گرتویانەتە بەر بۆ داواکردنی علم ، نەخشەیەکە بۆ ڕێگای هەرکەسێک گەشت بکات بۆ داواکردنی علم ، ڕێگاکانی گرتنەبەری وەرگرتنی علم ڕوون دەکاتەوە ، وەچەند ئاداب و ڕێنەمایی و ئامۆژگارییەک لەخۆدەگرێت ، وەنەخشەیەکی دیکەیە بۆ بانگەوازی بۆلای خودای گەورە کاتێک لەگەشتەکەیان تەواودەبن و دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان ، ڕێگاکان و یاساکان هۆکارەکانی بانگەوازی بۆلای خودای گەورە ڕوون دەکاتەوە وەچۆن هەڵسوکەوت بکەیت لەگەڵ ئەوەی ڕاجیاوازی و سەرپێچی تێدایە بەهەموو جۆرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی علمی و بانگەوازی ، بەهەموو حیکمەت و دانایی و لەسەرخۆییەوە ، بەپێی ڕێبازی پێغەمبەری خودا ـ صلى الله عليەوسلم ـ وە ڕێبازی پێشینان ، بۆ بەرزکردنەوەی هیمەت و جوڵاندن و پاڵنەری نەفس وەهەستان بەرزکردنەوەی ، بۆ زیاترکردنی هەوڵ

و بەخشین و بەدەستهێنان و کۆشش کردن لەگەڵ ڕاستکردنەوەو پێداچوونەوەکردن بەبێ گەڕانەوە ، وەئومەت چاوەڕێی ئەوەتان لێدەکات وەکو کەسێک لەتاریکی شەودایە چاوەڕێی موژدەی ڕووناکی ڕۆژ بکات ، نامەو ڕێنەمایی و شارەزایی و تاقیکردنەوەیەکە بۆ ئەوکەسانەی کردەوە بەعلم دەکەن وەبانگەوازی دەکەن و کاری چاکە دەکەن ، چەندان وێنەو ژیاننامەی درەوشاوەی یەکلاکراوەتەوە تەنها بۆ خودای گەورە ، وەبۆکەسێک خۆی فرۆشتبێت لەپێناو ڕەزامەندی خودای گەورە ، وەکارو کردەوە بکات لەپێناوخودای گەورە ، وازی لە حەزو ویستەکانی دوای خۆی هێنابێت ، وە دینەکەی سەربخات ، ولێڵی ڕێگاکە لابەرێت ، خودای گەورە باشترین و چاکترین بەرپرسەو ئومێد بەخشە بەسوود پێگەیاندن و بەرەکەت وقبوڵکردن .

لەگەڵ خۆت بیبە نێرداوی علم وەکو کەسێکی وەرگری سەرکەوتوو ،بۆ دەرخستن و زانینی ماناکان پارێزەرێکی ڕێنیشاندەرە ،وەهەوڵبدە هەتاوەکو ئەوکاتەی نەفس پۆزشی دەبێت ، وە لەوەرگرتن و کۆکردنەوەی علم کەسێک بە زۆربەدوای بگەڕێت و سەریبخەیت .

نوسەر : فهد بن يحيى العماري .

وختاماً نسأل الله علماً نافعاً، وعملاً صالحاً، وبركة في أعمالنا، وأعمارنا، وذرياتنا، وأزواجنا، وطهارة وزكاة لقلوبنا، ونفوسنا، ونصراً وعزاً وحفظاً للإسلام والمسلمين.

وإلى لقاء آخر يسره الله بمنه وكرمه على طريق العلم والهدى .

إنّا على البِعادِ والتفرقِ لَنلتقي بالذكرِ إن لم نَلتق

كتبه / فهد بن يحيي العماري
القاضي بمحكمة الاستئناف بمكة
العنوان: البلد الحرام

## ناوەڕۆک

پێشەکی ........................................................................ ٥

سوودەکانی سەفەر ............................................................. ١٢

یەکەم: مەرجی ڕوخسەتەکانی سەفەر ........................................ ١٤

دووەم: سەرەتای حوکمەکانی سەفەر ....................................... ١٩

سێ یەم: دابەشکردنی خەڵکی بەسەر" الاستيطان والإقامة والسفر "............ ٢٣

چوارەم: ئاداب .................................................................. ٣٢

ئامۆژگاری پێشینان بۆ ڕێبواران ............................................. ٤٠

پێنجەم: ئەمیر دانان لە سەفەردا و حوکمەکانی ............................ ٤٥

زیکرەکانی پێغەمبەری خوا لەسەفەردا ...................................... ٤٨

بوونی هاوەڵ و هاوڕێ لە سەفەردا ......................................... ٥٣

دەربارەی سەفەر ووتویانە .................................................... ٥٥

شەشەم : " مناهدە " و حوکمەکانی ......................................... ٥٦

حەوتەم: بابەتەکانی بیروباوەڕ ................................................ ٦٠

هەشتەم: حوکمەکانی پاك و خاوێنی ........................................ ٦٨

نۆیەم: حوکمەکانی بانگ دان ................................................ ٧٤

دەیەم: حوکمەکانی نوێژ ...................................................... ٧٥

یازدەیەم: حوکمەکانی پێش نوێژی کردنی ڕێبوار بۆ خەڵکی ........................ ٩٢

دوازدەیەم: حوکمەکانی جەمع کردنی نوێژ ...................................... ١٠٠

زانایان و دەستگرتن بەکاتەوە لەحاڵەتی سەفەریاندا ............................ ١١٠

سێزدەیەم: ئەحکامەکانی ڕۆژی هەینی ........................................ ١١٢

چواردەیەم: حوکمەکانی جەژن ................................................. ١١٩

پازدەیەم: حوکمەکانی زەکات .................................................. ١٢٠

شازدەیەم: حوکمەکانی ڕۆژوو ................................................. ١٢٢

حەڤدەیەم: ئەحکامی سەردانی کردنی مەککە و مزگەوتی حەرام .............. ١٣٢

هەژدەیەم: هەندێ لە ئەحکامەکانی حەج و عومرە ................................ ١٣٤

نۆزدەیەم: حوکمەکانی سەردانی کردنی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ................ ١٤٠

بیستەم: چەند بابەتێکی پەیوەست بە هاوسەرگیری و ئافرەت.................. ١٤٨

بیست و یەك: هەندێ پرس وبابەتی پەیوەست بە ماڵ و پارەوە................. ١٥٦

بیست و دوو: هەندێ حوکمی پەیوەست بەو کەسانەی کە لە ئوتێلەکاندا دادەبەزن و دەمێننەوە ........................................................................ ١٦٥

بیست و سێ یەم: ئەحکامی کەمینە موسڵمانەکان لە وڵاتە بێباوەڕەکان........ ١٧٣

بیست و چوار: چەند بابەتێکی پەیوەست بە گەڕانەوە لە سەفەر ............... ١٨٥

بیست وپێنج: ڕێگای بانگەواز .................................................. ١٨٩

ناوەڕۆک ...................................................................... ١٩٤